# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٣٤)- (٢٦)ی ئەیلوول ٢٠٢٢



## سەرۆک بارزانی لە بانگەشەی ڕیفراندۆمدا:

# من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم

"ڕیفراندۆم هەموو شۆڕش و خەبات و ڕاپەرینەکانی ڕابردووی زیندوو کردەوە"




# جینۆسایدکردنی بارزانییەکان

**٣٥**

پاش رێککەوتننامەی جەزائیر لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا، ڕژێمی بەعس بە شێوەیەکی پلان بۆدارێژراو، کەوتە شاڵاوی کۆمەڵکوژیی بارزانییەکان و هەنگاوە بەراییەکانی ئەم کۆمەڵکوژییەش بەم شێوەیە دەستی پێ کرد. سەرەتا بارزانییەکان ڕووبەڕووی ئاوارەیی بوونەوە و کەوتنە دیوی ئێران، بە شارە فارسە ئێرانییەکاندا بڵاو بوونەوە، یان دابەش کران.


دەستپێکی ئەم کردەوە و شاڵاوەی جینۆسایدی بارزانییەکان، بە چەند قۆناغ و بە سەرپەرشتی و چاودێریی ڕاستەخۆی فازڵ بەراک و پاسەوانانی کۆماری، بەم شێوەیە جێبەجێ کرا:

- قۆناغی یەکەم لە ٢٩تا٣٠ی تەمووزی ١٩٨٣دا، دەستگیرکردنی هەندێ کەسایەتیی دیاری بارزانییەکان.
- قۆناغی دووەم لە ٣١ی تەمووزی ١٩٨٣دا، گرتنی بەکۆمەڵی هەموو بارزانییە بە ڕەگەز نێرەکانی ئۆردووگاکانی قودس و قادسیە.
- قۆناغی سێیەم لە ١٠ی ئابی ١٩٨٣دا، گرتنی بەکۆمەڵی هەموو بارزانییە بە ڕەگەز نێرەکانی ئۆردووگا زۆرەملێکانی هەریر، بەحرکە و دیانا.
- قۆناغی چوارەم ڕاوەدوونان و گرتنی بەکۆمەڵی ئەو بارزانییانە بوو کە بە هەر شێوەیەک بووبێت لە شاڵاوەکانی گرتن ڕزگاریان ببوو.

بەم شێوەیە وەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا، هەشت هەزار کەسی بە ڕەگەزی نێری بارزانییەکان، گەنج و پیر و مێرمنداڵ، لەلایەن دەوڵەتی بەعسی عێراقەوە لەناو بران و جینۆساید کران.

# چاپكراوی نوێ






(چۆن داعش تێكشكا؟) ئەمە ناونیشانی كتێبێكە لە نووسین و یادوەرییەكانی پێشمەرگەی دلێری كوردستان (جەمال مورتكە)یە، ئەم كتێبە كە (٤٧٠) لاپەڕەی قەبارە گەورەی لە خۆ گرتووە، لە دەروازەیەك و هەشت بەش پێك دێت، جگە لە گێڕانەوەی مێژوویی باس لە شەڕی داسەپاوی تیرۆریستانی داعش دەكات لە دژی كوردستان، لەگەڵیشیدا باس لە ورە و ئیرادەی هەقخوازانەی گەلی كوردستان دەكات، ئیرادەیەك كە هەرگیز ستەم قبوڵ ناكات و كوردستان بە گیان و خوێن دەپارێزێت.

پانۆڕامای ڕووداوەكانی نێو ئەم كتێبە پێمان دەڵێت: كە داعش چۆن تێكشكا، بە وردی و بە بەڵگە و داتا و وێنەوە هەموو ئەو چیرۆكانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، كە لە (گوێر) ڕووی دا، نزیكترین شەڕگە لە پایتەختی هەرێمی كوردستان(هەولێر)، كە داعش و هەموو دوژمنانی كوردستان خەون بە داگیركردنییەوە دەبینن، بەڵام هەولێر وەك هەمیشە سەربەرز، كوردانە و نیشتمانیانە داعشی تێكشكاند و جارێكی دیكەش بە شانازییەوە بە پیتە ئاڵتوونییەكانی (كوردستان یان نەمان) دوژمنی تێكشكاند و بە هەمووانی گوت، ئەگەر یەكڕیز بین، ئەگەر گەل و لەشكرمان ڕێكخراو و خۆنەویست بێت، هیچ دوژمنێك ناتوانێت سەری لە چیای بە هەوارڕۆیشتووی كوردبوونمان بدات.

نووسەر ئاماژە بەوە دەكات كە كتێبەكەی لە چەند بەشێكدا نووسیوەتەوە، هەر بەشەی لەسەر ناوەرۆك و بابەتی خۆی باس دەكات، لەگەڵ ناوی ئەو قارەمانانەی لەگەڵ ئەواندا بەرگرییان لە خاكی كوردستان كرد، لەو شوێنەی كە ئەوان ئەركیان بە ئەستۆوە بوو، لەگەڵ وێنەی شەهید و هەموو كادیر و فەرماندە و ناوی دڵسۆزان كە هاوكارییان كردووە.

دانەیەك لەو كتێبە دانسقەیە گەیشتووەتە (گوڵان)، دەستخۆشی لە نووسەر و پێشمەرگەی قارەمان (جەمال مورتكە) دەكەین، هیوای لەشساغی و تەمەندرێژی بۆ دەخوازین.



هەرێمی کوردستان-عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ

اقليم كوردستان-العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة سوران
مكتب رئيس الجامعة

SORAN UNIVERSITY

بۆ/ دەزگای گوڵان

سڵاو و ڕێز

لەگەڵ ڕێزدا

سەرۆکی زانکۆ

# سوپاسنامەی سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران بۆ گۆڤاری (گـــوڵان)




لە وەڵامی ناردنی چەند دانەیەك لە کتێبی (بەیەکەوە ژیان لە کوردستان) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە لایەن گۆڤاری گوڵانەوە، سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران- نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ بە نووسراوێك سوپاسی گوڵان دەکات کە چەند دانەیەکیان بەدەست گەیشتووە، هاوکات نووسیویەتی هیواداریـن نموونەتان زۆر بێت بۆ بەرەوپێش بردنی ڕەوتی زانست لە هەرێمی کوردستاندا.. ئەمەش دەقی سوپاسنامەکەی سەرۆکایەتیی زانکۆی سۆران- نووسینگەی سەرۆکی زانکۆیە.





# گۆڤاری گوڵان
# پیرۆزبایی لە دکتۆر عەبدوڵڵا شێرکاوەیی دەکات

ڕۆژی ١٢ی مانگی ئەیلوولی ٢٠٢٢ گفتوگۆی تێزی دکتۆرای عەبدوڵڵا ئەحمەد حسێن کە ناسراوە بە مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی بە بەناونیشانی: (المشاكل الزوجية المعاصرة وسبل معالجتها في الفقه الاسلامي والقانون العراقي) لە هۆڵی دانیشگای پەردیس لە شاری ئورمیە بە سەرکەوتوویی ئەنجام دراو بە پلەی ئیمتیاز قبوڵ کرا.

بەم بۆنەیەوە گۆڤاری (گوڵان) پیرۆزبایی لە دکتۆر عەبدوڵڵا دەکات و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت لە خزمەتکردنی ئایین و گەل و نیشتمان.

لە پەیڤێکدا مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی دەڵێت: سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی هاوکارو هاندەرو خەمخۆرو پاڵپشتم بوون، بەتایبەت مامۆستایانی بەڕێزم و خانەوادەو هاوڕێیانی خوێندنم، تایبەتتر ئەوانەی خۆم پێی دەزانم و لوتف و چاکەیان لەیاد ناکەم. خوای گەورە پاداشتی هەموویان بداتەوە..

دکتۆر شێرکاوەیی خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتییەو کەسێکی نووسەرو چالاک و ناسراوەو وەک پیشەش پێشنوێژو وتارخوێنەو خاوەن چەند بەرهەمێکی بڵاوکراوەیە، لە ئێستاشدا بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانە.

ماوەتەوە بڵێین کە هێنانەوەی بڕوانامەی تایبەت بە بواری شەریعەو یاساو بە پلەی نایاب جێگەی شانازییە بۆ تێکڕای کوردستان و بەتایبەتی خەڵکی باڵەکایەتی. پیرۆزە.




## هەڵگورد شێخ نەجیب :



### لە کابینەی نۆیەمدا سۆران دەبووژێتەوە و دەبێتە دەڤەرێکی گرنگی گەشتیاری و کشتوکاڵی و پیشەسازی

## ئەندازیار ئاری ئەحمەد :



### بۆ رێگرتن لە لافاو بە چوار هەفتە سەرجەم ئاوەڕۆکان پاک دەکرێنەوە

## نادر هاشمی :



### ئەمریکا سیاسەتی جیاواز لە ئاست ئەورووپای رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادە دەکات

## رۆکسانا فەرمانفەرمەیان :



### شەڕی رووسیا و ئۆکرانیا سیستمی جیهانی شڵەژاندووە


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەرێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەرێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

د. کاوە عەبدولکەریم عەلی :



## دروستکردنی سایلۆ هۆکارێکە بۆ هاندان و بەردەوامیی جووتیاران و دڵنیابوون لە چاندنی دانەوێڵە



دانیە هەوراز :

## لە کۆمپانیاکەمان دەیان ئافرەت لە بواری خانووبەرە کاردەکەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەکەیان بەرەو زیادبوون دەچێت

## شانەیەکی زیرەک و تایبەتمەندییەکانی



## نیشانەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن



## فیلمسازێکی کورد فیلمێک لەبارەی «باوکی هونەری فۆتۆگرافی عێراقی» بەرهەمدێنێت



بەیار عەبدولقادر :

## هەوڵ دەدەم ئەکادیمیایەک دابنێم بۆ کۆمەڵێک یاریزانی تازەپێگەیشتوو







# ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧
# بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

«بە خوای خۆم دەڵێم. بە ئێوەش دەڵێم. من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم»

سەرۆک مسعود بارزانی

٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٧

لایەنە سیاسییەکانی شیعە ئەوەیان پێ قبووڵ نەکرا کە ئاکامی هەڵبژاردن و دۆڕاندنی سندوقەکانی دەنگدان قبووڵ بکەن و بوار بە لیستی ئەلعیراقییە بدەن کە حکومەت پێکبهێنن

سەرۆک بارزانی لە نەورۆزی ٢٠١٢ بە ئاشکرا بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «گەلی کوردستان ئابێتە بەشێک لە ڕژێمێکی دیکتاتۆر و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەنگی خەڵکی کوردستان و دەبێت خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن»

## • هۆکارەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم

سەرەتای ئاڵۆزبوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئاداری ساڵی ٢٠١٠وە دەست پێ دەکات کە تیایدا بە بردنەوەی لیستی «ئەلعیراقییە» بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی (وەك لیستی سوننە) و دۆڕاندنی لیستی «دەوڵەتی یاسا» بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی (وەك لیستی شیعە) کۆتایی هات.

لایەنە سیاسییەکانی شیعە ئەوەیان پێ قبووڵ نەکرا کە ئاکامی هەڵبژاردن و دۆڕاندنی سندوقەکانی دەنگدان قبووڵ بکەن و بوار بە لیستی ئەلعیراقییە بدەن کە حکومەت پێکبهێنن. وێڕای دووبارە بژاردنەوەی دەنگەکانیش سەرەنجام ئاکامەکە هەر وەك خۆی مایەوە، بۆیە پەنایان بردە بە تەفسیرێکی تازەی بەناو «دادگای فیدراڵی»، بەوەی دەتوانرێت لەناو پەرلەماندا هاوپەیمانی بکرێت و هەر لەناو پەرلەمانیشدا فراکسیۆنی گەورە رابسپێردرێت، ئەم هەنگاوە نایاساییە کە بە گوشاری کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە، ئەمریکاش بە بێدەنگی سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاند.

ئەم کێشمە کێشەی پێکهێنانی کابینەی دووەمی نووری مالیکی نزیکەی نۆ مانگی خایاند و سەرەنجام هەموو لایەك لەسەر ئەوە ڕێککەوتن بێنە هەولێر و لەژێر سەرپەرشتیی سەرۆك بارزانی لەسەر پێکهێنانی کابینەیەکی تازە لە عێراقدا ڕێك بکەون و ئەم ڕێککەوتنە ناوی لێ نرا «ڕێککەوتنی هەولێر».

ئەم ڕێککەوتنە پێش هەموو شتێك لەسەر ئەو بنەمایە واژووی لەسەر کرابوو کە دەبێت چاوخشاندنەوە بە ئەقڵییەتی حوکمڕانی لە عێراقدا بکرێت و، هەموو لایەنەکان هەوڵ بدەن دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران کەم بکرێتەوە. هەروەها بەپێی ڕێککەوتنەکە بڕیار درابوو «ئەنجومەنێکی سیاسی» پێك بهێنرێت و سەرۆکەکەی د.ئەیاد عەلاوی بێت و دەسەڵاتەکانی لەگەڵ سەرۆك وەزیران بەش بکات، لەمەش زیاتر ڕێککەوتنەکە ١٩ خاڵی دیاری کردبوو بۆ چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی عێراق، لەو چوارچێوەیەشدا کە جێبەجێکردنی دەستوور بوو، وەك یەك سەفقە تەواوی مافەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر دەبوون، بۆ چاودێریکردنی ئەم ڕێککەوتنەش خوالێخۆشبوو د.ڕۆژ نووری شاوەیس کە جێگری سەرۆك وەزیران بوو، وەك نوێنەری سەرۆك بارزانی بۆ چاودێریی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دانرا.

لەسەر ئەم بنەمایە لە ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠١٠ کابینەی دووەمی نووری مالیکی ڕاگەیەندرا و هاوکاتیش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ئەمریکا و عێراق سەبارەت بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق «SOFA»، ئەمریکا هێزەکانی خۆی کشاندەوە، بەمەش بۆشاییەکی گەورەی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراقدا هاتە ئاراوە، حکومەتی عێراقیش بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی نەك هەر هیچ خاڵێکی لە ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ نەکرد، بەڵکو کەوتە سەرکوتکردنی هەموو سەرکردەکانی سوننە لە چوارچێوەی یاسای تیرۆر و هەروەها دەستپێکردنی هەڕەشە بۆ سەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و هەروەها هەڕەشەکردنیش لە هەرێمی کوردستان.

ماوەی ساڵێکی تەواو ٢٠١١-٢٠١٢ چاوەڕێ کرا بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا ڕاست بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی لە سەرەتای ٢٠١٢ بینیمان، ئەوە بوو حکومەتی مالیکی بە تەواوتی بەرەو دیکتاتۆریەت لای داوە و ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری بۆ وەزارەتەکان دامەزراندووە و بێجگە لە نووسینگەی سەرۆك وەزیران هیچ وەزارەتێك خاوەن بڕیار نییە و هەنگاوەکانی حکومەتی عێراقیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو سەرکوتکاریی زیاتر دەچوون.

لەناو ئەم پاشاگەردانییە سیاسییەی حکومەکەتەکەی نووری مالیکی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دروستی کردبوو، سەرۆك بارزانی لە نەورۆزی ٢٠١٢ بە ئاشکرا بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «گەلی کوردستان ئابێتە بەشێك لە ڕژێمێکی دیکتاتۆر و دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەنگی خەڵکی کوردستان و دەبێت خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان

بدەن». دوای ئەم پەیامەی سەرۆك بارزانی بە چەند مانگێك، گۆڤاری کاروباری دەرەوە «for-eign affairs» توێژینەوەیەکی وردی بە ناونیشانی «چیمان لە دوای خۆمان بەجێهێشت: جیهان پێشوازی لە دەوڵەتێکی فاشیل دەکات» بڵاو کردەوە.

## ● سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و دواکەوتنی پرۆسەی ڕیفراندۆم

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ عەرەبی سوننە لە عێراق کەوتنە ژێر هەڕەشەی دەسەڵاتی عەرەبی شیعە لە عێراقدا و لە سووریاش کەوتنە ژێر هەڕەشەی دەسەڵاتی ڕژێمی عەلەویی بەشار ئەسەد، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش چۆن فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ هێشتنەوەی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد لە سووریا، بە هەمان شێوە لە عێراقیش کەوتە دروستکردنی میلیشیای چەکداری شیعەی هەمەجۆر لە ڕێگەی حزبولڵای لوبنانییەوە، لەناو ئەم بارودۆخەشدا هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کشابوونەوە، هەر بۆیە شەڕەکە بە تەواوەتی ببووە شەڕی «شیعە و سوننە» لە عێراقدا و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لقی عێراق ئیدی ئەو ئەرکەی نەما کە شەڕ لە دژی ئیمپریالیزم بکات، بەڵکو کەوتە بەرانبەر دوو ڕژێمی «شیعە و عەلەوی» کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و حزبولڵای لوبنانی بەرگرییان لێ دەکردن.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەبوبەکر بەغدادی ستراتیژیەتی کارە تیرۆریستییەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی گۆڕی و دوای ئەوەی بەندیخانەی ئەبو غرێبی گرت و بەندییەکانی ئازاد کرد، بۆیان دەرکەوت کە دامەزراوەکانی هەر دوو دەوڵەتی سووریا و عێراق لەبەریەك هەڵوەشاون و توانای بەرگرییان نەماوە و لە هەر شوێنێك دەربکەون، عەرەبی سوننەی عێراق و سووریا پێشوازییان لێ دەکەن، هەر بۆیە لە سەرەتای ٢٠١٤ ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە ناوی خۆی وەك تیرۆریستانی داعش «دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام» ڕاگەیاند و هاوکاتیش شێوازی کردەوە تیرۆریستییەکانیشان لە کاری خۆکوژییەوە گۆڕی بۆ دەست بەسەردا گرتنی هەندێك شوێن لەناو شارەکاندا، بۆ ئەم کردەوانە خۆیان لە هەولێر و کەرکووك تاقی کردەوە و لە هەولێر هەوڵیان دا بینایەی ئاسایشی هەولێر بگرن و لە کەرکووکیش مۆڵێکی بازرگانی، بەڵام هەر دوو هەوڵەکەیان لەسەر دەستی پیاوانی ئاسایشی کوردستان پووچەڵ کرایەوە و بە کوشتنی سەرجەم تیرۆریستان کۆتایی هات.

> **کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ هێشتنەوەی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد لە سووریا، بە هەمان شێوە لە عێراقیش کەوتە دروستکردنی میلیشیای چەکداری شیعەی هەمەجۆر لە ڕێگەی حزبولڵای لوبنانییەوە**

بەڵام لە مووسڵ کاتێك هەوڵیان دا بەندیخانەی بادوش بگرن و چەند زیندانییەکی خۆیان ئازاد بکەن، کەچی لە پڕ و لە ڕووداوێکی زۆر چاوەڕوان نەکراودا بینیمان پێنج فیرقەی سوپا و پۆلیسی فیدڕاڵی عێراق چەکەکانیان دانا و لە بەردەم تیرۆریستانی داعش هەڵاتن و تەواوی پارێزگای نەینەوا بە شاری مووسڵیشەوە بە جێیان هێشت و دوای ئەویش پارێزگاکانی دیکەی سوننە هەموویان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی داعش و تیرۆریستانی داعش لە سنووری بەغدا نزیك بوونەوە.

تیرۆریستانی داعش لە سووریاش ناوچەیەکی زۆریان کۆنترۆڵ کردبوو، بەڵام بە کەوتنی مووسڵ لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤، ڕۆژی دواتر ئەبوبەکر بەغدادی لە مزگەوتی نووری شاری مووسڵەوە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاند، بە ڕاگەیاندنی ئەم خەلافەتەش هەرێمی کوردستان بە درێژایی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر سنووری لەگەڵ ئەو دەوڵەتە تیرۆریستیە بۆ دروست بوو و نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق و پەنابەری سووری ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، ئەولەوییەتی سیاسەت و ستراتیژیەتی هەرێمی کوردستانیش لە چارەسەرکردنی کێشەکان و جێبەجێکردنی دەستوور و ڕیفراندۆم گۆڕا بۆ بەرگریکردن و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان.

> **بە کەوتنی مووسڵ لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤، ڕۆژی دواتر ئەبوبەکر بەغدادی لە مزگەوتی نووری شاری مووسڵەوە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ڕاگەیاند**

لە یەك دوو مانگی یەکەمی دەوڵەتی خەلافەتی داعشدا، هەرێمی کوردستان بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی هەوڵی دەدا دەوڵەتانی هاوپەیمان بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی بگەیەنێتە قەناعەت کە تیرۆریستانی داعش بڕی زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار چەکی پێشکەوتوویان لە سوپا و پۆلیسی فیدڕاڵی

عێراق دەست کەوتووە و ئەوەندەی دیکەشیان لە سوپا و پۆلیسی سووریا دەست کەوتووە، هەر بۆیە ئەگەر تیرۆریستانی داعش هێرش بکەنە سەر هەرێمی کوردستان ئەوا کوردستان دەکەوێتە بەردەم مەترسیی نەمان، هەر بۆیە ستراتیژیەتی سەرۆك بارزانی ئەوە بوو کە تەنیا شەڕی بەرگری بکرێت و هەر چۆنێك بێت خۆمان لە هێرشی تیرۆریستانی داعش دوور بخەینەوە، بەڵام بێدەنگیی ئەمریکا و هاوپەیمانان و ئەو غرووربییەی تیرۆریستانی داعش دوای کەوتنی موسڵ و شارەکانی دی هەیان بوو، هانیدان ئاراستەی هێرشەکانیان بەرەو هەولێر و شنگاڵ بگۆڕن.

لە هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شنگال بە حوکمی ئەوەی لە نێوان شنگال و هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی بەرفراوان هەیە کە شنگال لە هەرێمی کوردستان جیا بکاتەوە، بۆیە بڕیارەکە بەو جۆرە بوو کە هێزی پێشمەرگە و ئاسایش بکشێتەوە و لە قەدپاڵی چیای شنگال شەڕی تیرۆرستانی داعش بکەن، لە گوندەکانی دەوروبەری شنگالیش تیرۆریستانی داعش گوندی «کۆچۆ»یان گەمارۆ دابوو، بەڵام هێشتا کۆمەڵکوژی و ژینۆساید دژی خوشك و برایانی ئێزدی ئەنجام نەدرابوو، ئەوەی بووە هۆکاری ئەنجامدانی ژینۆساید دوو هۆکار بوو:

١. بەڵێنی هەندێك لە سەرۆك هۆزە عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە کە بەڵێنیان بە خوشك و برایانی ئێزدی دابوو بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و ئەوان دەیانپارێزن، پاشانیش بەڵێنەکەی خۆیان شکاند و تێکڕای خوشك و برا ئێزدییەکانیان تەسلیمی تیرۆریستانی داعش کرد.

٢. هۆکاری دووەمیشیان وەك بابەکر زێباری «ئەو کات سەرۆك ئەرکانی سوپای عێراق بوو» چەندین جار ئاماژەی پێ کردووە، پلانی ڕزگارکردنی خوشك و برایانی ئێزدی لە گوندی کۆچۆ بەو جۆرە داڕێژرابوو کە بە هاوکاریی هاوپەیمانان هێزێك بە فڕۆکە لەناو کوچۆ بهێنرێنە خوارەوە و ئەو خەڵکە ڕزگار بکرێت، بەڵام پەکەکە ڕێگری لە ئەنجامدانی ئەو پلانە کرد و نەیهێشت جێبەجێ بکرێت، دوای ئەوەش بە چەند ڕۆژێك تیرۆریستانی داعش کۆچۆ دەگرن و هەموو خوشك و برایانی ئێزدی کە ژمارەیان لە سەرووی هەزار کەس بووە، پیاوەکانیان کۆمەڵکوژ کرد و ژنەکانیشیان کردن بە کەنیزەك.

بەڵام ئەو هێزەی پێشمەرگە کە لە قەدپاڵی چیای شنگال بوو، نەك هەر تەسلیمی تیرۆریسستانی داعش نەبوو، بەڵکو بۆ ماوەی زیاتر لە یەك ساڵ و نیو کە تیرۆریستانی داعش لەناو شنگال بوون و زیاتر لە ١٠٠ هێرشی ڕێکخراویان کردە سەر مەرقەدی شێخ شەرەفەدین کە لەناو شنگالە نەیانتوانی یەك بست لەو مەزارە نزیك ببنەوە و هەتا شنگال ئازاد کرا، ئەو مەزارە هەر بە دەستی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوو. لە هێرشیشیان بۆ سەر هەولێر کە تیرۆریستانی داعش توانییان بۆ چەند ڕۆژێك شاری مەخموور بگرن، بەڵام کە لە هێرشی پێچەوانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانرا دووبارە شاری مەخموور لە تیرۆریستانی داعش پاك بکاتەوە، دوای ئەوەش جیهان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هێزێك لەسەر زەوی هەیە ناوی هێزی پێشمەرگەیە و دەتوانێت ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ بکاتەوە. ئەمە وای کرد کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە گشتی و ئەمریکا بە تایبەتی لە ئاسمانەوە هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بووە سیمبول بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش لە جیهاندا.

هاوکات لەگەڵ درێژەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، سیاسەتی نێودەوڵەتییش کەوتە ناو گێژاوێکی گەورەوە لەوانە:

١. ڕووسیای فیدراڵی لە ساڵی ٢٠١٤ هەرێمی «کریما»ی ئۆکرانیای لکاند بە خۆیەوە، ئەمە وەك داگیرکردنی کوێت بوو لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانی کاردانەوەی هەبێت.

٢. لە ٢٠١٤ دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی دامەزرا کە جیهان نەیدەتوانی وەك دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵ بکات.

٣. لە ٢٠١٥ ڕووسیا هاتە ناو شەڕی سووریا و نەیهێشت ڕۆژئاوا ڕژێمی سووریا بڕووخێنێت.

**پلانی ڕزگارکردنی خوشک و برایانی ئێزدی لە گوندی کۆچۆ بەو جۆرە داڕێژرابوو کە بە هاوکاریی هاوپەیمانان هێزێک بە فڕۆکە لەناو کوچۆ بهێنرێنە خوارەوە و ئەو خەڵکە ڕزگار بکرێت، بەڵام پەکەکە ڕێگری لە ئەنجامدانی ئەو پلانە کرد و نەیهێشت جێبەجێ بکرێت**

**لە هێرشی پێچەوانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانرا دووبارە شاری مەخموور لە تیرۆریستانی داعش پاک بکاتەوە، دوای ئەوەش جیهان گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە هێزێک لەسەر زەوی هەیە ناوی هێزی پێشمەرگەیە و دەتوانێت ئەفسانەی تیرۆریستانی داعش بەتاڵ بکاتەوە**

٤. لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ و سەرەتای ٢٠١٦ دەنگۆی سەرهەڵدانی کاندیدێکی پۆپۆلیستی ترسناك «دۆناڵد ترەمپ» بوو، کە هەڕەشەی کشانەوەی ئەمریکای لە ناتۆ و تەواوی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەکرد، هەروەها لە بەریتانیا خۆ ئامادە دەکرا بۆ ئەوەی ڕیفراندۆمێك بکرێت بۆ مانەوە، یان هاتنە دەرەوەی بەریتانیا لە یەکێتیی ئەوروپا، بۆ ئەمەش لە حوزەیرانی ٢٠١٦ بەریتانییەکان دەنگیان بۆ دەرچوونی وڵاتەکەیان لە یەکێتیی ئەوروپا دا و لە یەکەم سێ شەممەی نۆڤمبەری ٢٠١٦ ئەمریکییەکان دەنگیان بە دۆناڵد ترەمپ دا.

لەناو ئەو گێژاوەی کە سیاسەتی نێودەوڵەتی تێی کەتبوو، سەرۆك بارزانی بە یاوەریی شاندێك لە ئایاری ٢٠١٥ داوەتی فەرمیی کۆشکی سپی کرا و لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکای ئەو کات «باراك ئۆباما» و «جۆزیف بایدن» کە ئەو کات جێگری سەرۆك بوو، هەروەها لەگەڵ تەواوی ستافی ئیدارەی کۆشکی سپی کۆبووەوە و لەوێ ڕاشکاوانە لەگەڵ باراك ئۆباما باسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و دەوڵەتی کوردستانی کردبوو، لە وەڵامدا سەرۆك ئۆباما لەگەڵ ئەوەی دژی بیرۆکەی ڕیفراندۆم و دەوڵەتی کوردستان نەبوو، بەڵام مەرجی ئەوە بوو ئەم پرۆسەیە بخرێتە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش.

### ● کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش و خۆئامادەکردن بۆ ڕیفراندۆم

دوای گەڕانەوەی سەرۆك بارزانی و شاندی یاوەری لە کۆشکی سپی بەو سەرکەوتنە گەورەیە، ئیدی هەوڵەکان بۆ دژایەتیی سەرۆك بارزانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەوڵەتانی ئیقلیمی دەستی پێ کرد و، لە حوزەیرانی ٢٠١٥ پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ هەمووارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کرد، بەوەی نابێت سەرۆك ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، بەڵکو دەبێت لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئامانج لەم هەوڵەی پەرلەمانی کوردستان بە پلەی یەکەم بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو لەناو گەرمەی شەڕی دژی داعش، بە پلەی دووەم بۆ دوورخستنەوەی سەرۆك بارزانی بوو کە خۆی فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لەناو سەنگەرەکانی پێشمەرگەوە سەرپەرشتی هەموو بەرەکانی شەڕی دژی داعشی دەکرد، ئەم هەوڵەی پەرلەمانی کوردستان دەقاودەق وەك ئەو هەوڵەی ساڵی ١٩٦٤ی باڵی مەکتەبی سیاسیی پارتی بوو کە دەیانویست مەلا مستەفا بارزانی لە سەرۆکی دوور بخەنەوە. بەڵام هەروەك چۆن مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٦٤ لەناو ئەو پاشاگەردانی و پەرتەوازییە جارێکی دیکە جڵەوەکەی گرتەوە دەست و نەیهێشت کوردستان بکەوێتە دەستی داگیرکەران، بە هەمان شێوە سەرۆك مسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠١٥ زۆر بە حەکیمی نەك هەر ئەو پاشاگەردانی و پەرتەوازییە سیاسیەی کپ کردەوە، بەڵکو لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ لە باشیکەوە کۆتاییهاتنی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی ڕاگەیاند و، لە سەرەتای ٢٠١٧ شەوە هەموو هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بە کۆدەنگییەکی سیاسی بۆ بڕیاری ڕیفراندۆم بدرێت و ڕۆژەکەی بۆ دیاری بکرێت، بۆ ئەمەش لۆژیکی سەرۆك بارزانی توانی وا بکات لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧ بڕیار لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بدرێت و ڕۆژەکەی بە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠١٧ دیاری بکرێت.

ئەنجامدانی ڕیفراندۆم تەنیا پەند و وانەیەك نەبوو بۆ ئێمەی کوردستانی، بەڵکو پەند و وانەیەکی مێژوویی بوو بۆ دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق و دەوڵەتانی هەرێمی و تەواوی دەوڵەتانی جیهان، ئەو پەند و وانەیەش ئەوەیە کە گەلی کوردستان ئامانجیەتی عێراق نیشتمانی هەمووان بێت لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەی لە ساڵی ٢٠٠٥ هەموو لایەك دەنگیان پێ داوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕێز لەو دەستوورە نەگیرێت، ئەوا وەڵامی گەلی کوردستان هەر ئەو «بەڵێ»یە دەبێت کە لە ٢٥ی ئەیلوول بە گوێی هەموو لایەکی دا.

**چۆن مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٦٤ لەناو ئەو پاشاگەردانی و پەرتەوازییە جارێکی دیکە جڵەوەکەی گرتەوە دەست و نەیهێشت کوردستان بکەوێتە دەستی داگیرکەران، بە هەمان شێوە سەرۆک مسعود بارزانی لە ساڵی ٢٠١٥ زۆر بە حەکیمی نەک هەر ئەو پاشاگەردانی و پەرتەوازییە سیاسیەی کپ کردەوە، بەڵکو لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٦ لە باشیکەوە کۆتاییهاتنی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی ڕاگەیاند**

**گەلی کوردستان ئامانجیەتی عێراق نیشتمانی هەمووان بێت لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەی لە ساڵی ٢٠٠٥ هەموو لایەک دەنگیان پێ داوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر ڕێز لەو دەستوورە نەگیرێت، ئەوا وەڵامی گەلی کوردستان هەر ئەو «بەڵێ»یە دەبێت کە لە ٢٥ی ئەیلوول بە گوێی هەموولایەکی دا**

# سەرۆک بارزانی لە ڕیفراندۆمدا هەموو شۆڕش و خەبات و ڕاپەرینەکانی ڕابردووی زیندوو کردەوە


**سەرۆک بارزانی لە ڕیفراندۆمدا بۆ گەڕانەوەی ئەو شکۆیە و بەهێزبوونی گەلی کورد بە هەموو شۆڤێنی و نەیارانی کوردی ڕاگەیاند: «کوردستان، یان نەمان»ـەکەی مەلا مستەفا بارزانی سیمبول و سەرکردەی مێژوویی کورد بەردەوامی هەیە**

لە ڕیفراندۆمدا کورد بە ڕابەرایەتیی مەرجەعی کورد سەرۆك بارزانی بۆ هەموو گەلانی ئازادیخواز و پێشکەوتووی جیهانی سەلماند، کورد گەلێکی زیندووە و بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کۆڵ نادات و سڵ لە هیچ دوژمن و نەیارێکی ناکاتەوە.

سەرۆك بارزانی لە ڕیفراندۆمدا وەرچەرخانێکی لە شۆڕشی چەکدارییەوە بەرەو خەباتی مەدەنی دەست پێکرد، ئەو خەباتەی لەناو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان و ئاژانس و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەی هەیە و دەکرێت وەکو کارتێکی فشار بۆ سەر حکومەتەکان دابنرێت، بەتایبەتی بۆ ئێمەی گەلی کوردستان کە لە نێوخۆی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر دژایەتییەکی زۆرمان بەرامبەر دەکرێت و، بە هەموو شێوەیەك خوازیارن قەوارەی باشووری کوردستان شکست بهێنێت. سەرۆك بارزانی لە ڕیفراندۆمدا هەموو شۆڕش و خەبات و ڕاپەرینەکانی قۆناغەکانی پێشووی زیندوو کردەوە و نێوماڵی کوردی یەکخستەوە و هەموو کوردستانییانی بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی بەرەو یەك ئاراستەی نەتەوەیی و نیشتمانی برد، ئەویش گەڕانەوەی شکۆیە بۆ تاکی کورد و نەتەوە کە لە بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا خۆی دەبینێتەوە.

سەرۆك بارزانی لە ڕیفراندۆمدا بۆ گەڕانەوەی ئەو شکۆیە و بەهێزبوونی گەلی کورد بە هەموو شۆڤێنی و نەیارانی کوردی ڕاگەیاند: «کوردستان، یان نەمان»ـەکەی مەلا مستەفا بارزانی سیمبول و سەرکردەی مێژوویی کورد بەردەوامی هەیە و لەسەر مافی چارەنووسسازی سەربەخۆیی پێداگیریمان هەیە. خۆ ئەگەر سووربوونی سەرۆك بارزانی نەبووایە لەسەر ڕیفراندۆم ئەوەندە فشار و پاڵەپەستۆ و دژایەتی لەسەر حزبە کوردستانییەکان و لایەنە سیاسییەکان دەکرا، نەیاندەتوانی لەسەر جێبەجێکردنی ڕیفراندۆمەکە سوور بن.

بنەماڵەی بارزانی لە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ محەمەد بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و بۆ مەلا مستەفا بارزانی و مسعود بارزانی کە چەندین دەیەیە لە خەبات و تێکۆشاندا بوون، نەوە لە دوای نەوە هیچ کاتێك دەستبەرداری مافی نەتەوەیی کورد و کوردستانییەکان نەبوون. شێخانی بارزان بە بەردەوامی لەخەمی نەتەوەکەیان بوون. مەلا مستەفا بارزانی ئەو چەند ساڵەی نەفی کرابوو لە سلێمانی بەردەوام لەگەڵ ڕیش سپی و زانا و مامۆستایان و مەلا و ڕۆشنبیران و



**د. عمر ڕەنگینەیی**

**مامۆستای زانکۆی سلێمانی**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

کەسایەتییە ناسراوەکانی سلێمانی و ئەندامانی حزبی هیوا و حزبی ڕزگاری سەرقاڵی بیری نەتەوەیی و زیندووڕاگرتنی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بووە، بەتایبەتی لەو سەردەمەی ئەودا کە سلێمانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کوردایەتی و خەبات و بیری نەتەوەیی بووە. کاتێك مەلا مستەفا بارزانی شۆڕشی چەکداری کوردی لە لۆکاڵییەوە گۆڕی بۆ سەرتاسەری و کوردستانی، لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لە خانەقینەوە تاکو زاخۆ بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانەوە پێکەوە داکۆکیمان لە مافەکانی گەلی کوردستان کرد، ئەو کات مافێکی زۆری کورد بە دەست هات، بە تایبەتی لە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداردا، ئەو سەردەمە بارزانی مەرجەعی کورد و کوردستانی بوو لە ناو شۆڕشی ئەیلوولدا بە دەیان پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی و باکوور و ڕۆژئاوا بوونیان هەبوو، کە ڕۆڵی نەك تەنیا لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەبوو، بەڵکو ڕۆڵی لە چەندین بواری کۆمەڵایەتی و پاراستنی ئاشتیی نێوماڵی کوردستانیش هەبوو.

لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی لە تەواوی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی کەس نەیدەتوانی تەعەددا لە کەس بکات و مافی هیچ نەتەوە و ئاینزایەك پێشێل نەدەکرا، گەورەو بچووك و هەژارو دەوڵەمەند کەس بیری لە ئازاردانی کەس نەدەکردەوە، تەنانەت بارزانی ڕێزی لە ژینگە و ئاژەڵیش دەگرت، لە بیرمە کاتێك ڕاوی قەدەغە کرد، من ئەو کاتە لە گوندەکەی خۆماندا لەگەڵ هاوڕێکانمدا پۆل پۆل دەگەڕاین بزانین کەس ڕاو دەکات، کەچی کەسمان نەدەدۆزییەوە ئەم کارە بکات، خۆ ئەگەر کەسێك ئەم کارەی بکردایە، لەناو کۆمەڵگەدا بە کەسێکی نامۆ و قێزەوەن سەیر دەکرا.

لە ڕیفراندۆمدا کوردستانییەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سەلمێندرا و بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەکرێگیراوانەی دەیانوت کورد لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان دەنگی پێویست ناهێنێت، لەمەشدا سەرۆك بارزانی جارێکی دیکە ڕابەرایەتی و مەرجەعییەتی خۆی سەلماند و وەکو مەلا مستەفا بارزانی ئامادە نەبوو سازش لەسەر کوردستانییەتی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکان بکات و لە پرۆسەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی، کورد و پێکهاتەکانی دیکەی کەرکووك بە زۆرینە دەنگیان بە بەڵێ دا بۆ سەربەخۆیی دا، کەرکووك و خانەقین و

**کاتێک مەلا مستەفا بارزانی شۆڕشی چەکداری کوردی لە لۆکاڵییەوە گۆڕی بۆ سەرتاسەری و کوردستانی، لە شۆڕشی ئەیلوولی مەزن لە خانەقینەوە تاکو زاخۆ بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانەوە پێکەوە داکۆکیمان لە مافەکانی گەلی کوردستان کرد**



**سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی لە تەواوی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی کەس نەیدەتوانی تەعەددا لە کەس بکات و مافی هیچ نەتەوە و ئاینزایەک پێشێل نەدەکرا، گەورەو بچووک و هەژارو دەوڵەمەند کەس بیری لە ئازاردانی کەس نەدەکردەوە**

**لە ڕیفراندۆمدا کوردستانییەتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سەلمێندرا و بە پێچەوانەی هەموو ئەو بەکرێگیراوانەی دەیانوت کورد لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان دەنگی پێویست ناهێنێت**

شنگال و مەخموور و دووزخورماتوو، مەندەلی و جەلەولا و بەعشیقە و پردێ و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دیکە بە ڕیفراندۆم کوردستانیبوونیان بۆ گەڕایەوە، هەروەکو چۆن لە سەردەمی عوسمانی و پێش عوسمانی تەواوی ئەو ناوچانە کوردستانی بوون و کەمینەی نەتەوەیی و ئایینی دیکە لە دێرزەمانەوە لەسەر خاکی کوردستان بوون و پێکەوە لەگەڵ کورد ژیاون. لە ڕیفراندۆمدا بۆ یەکەمینجار بە شێوازێکی دیموکراتی و مەدەنی زۆرینەی هەرە زۆری ئەم ناوچانە دەنگیان بۆ سەربەخۆیی و کوردستانیبوون دا و بە جیهانیان ڕاگەیاند کە ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین و خاوەنی ئەم خاکەین و بۆمان هەیە بە سەربەخۆیی بژین، هەموو ئەو زوڵم و پەراوێزخستنەی کە لە مێژوودا لە کەناری بەرژەوەندی و نەوت و ململانێی نێوان زلهێزەکان و دابەشکردنی پشکی سەرکەوتنەکانیان زوڵمێکی گەورەیان لە کورد کرد و بە سەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەشیان کرد. کاتی خۆی کۆڵۆنیاڵیزمێکی وەکو بەریتانیا کە نەوتی لە کەرکووك دۆزیبووەوە و کۆمپانیاکانیان خێروبێری ئەم وڵاتەیان دەبرد، ئەم دابەشکردنەی کوردستانیان کرد.

ڕیفراندۆم بە شێوازێکی مەدەنی شەرعییەتی نەخشەی بەرژەوەندیخوازانەی دەوڵەتە زلهێزەکان و ویست و خواستی شۆڤێنی و مەزهەبچییەکانی ناوچەکەی هەڵوەشاندەوە. ڕاستە لە پێش ڕیفراندۆم و لە کاتی ڕیفراندۆمەکە و دواتریش ویستیان ئیرادەی خەڵکی کوردستان بشکێنن و زیان بە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری بگەیەنن، بەڵام سەرۆك بارزانی و پێشمەرگەکانی لە داستانی سحێلا و پردێ کە بە تۆپ و جبەخانەی سەربازی چەندین دەوڵەت و میلیشیاتی نێوخۆ و بیانی هێرشیان کردە سەر کوردستان، جارێکی دیکە سەرکەوتنێکی بێ وێنەیان تۆمار کرد و ڕێگایان نەدا قەوارە و خاك و نیشتمانی کوردان بکەوێتە ژێر پۆستاڵی سوپا و گرووپە چەکدارە میلیشیاکانەوە.

لە پێناو زیندووڕاگرتنی ڕیفراندۆم و سوودوەرگرتن لە بەند و وانەکانی ڕیفراندۆم دەبێت هەموان پاڵپشتیی مەرجەعی کورد مسعود بارزانی بکەین کە لە ئێستادا نەك تەنیا لەسەر ئاستی کوردستانی باشوور، بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە کوردان لە گرنگی و گەورەیی ئەم سەرکردە مەزنە تێدەگەن، چونکە بە بوونی مەرجەع کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و گەلانی جیهان و ناوچەکە ڕێز لەم نەتەوەیە دەگرن، تا مەرجەع نەبێت کورد هەرگیز یەکدەنگی و یەکگرتوویی و تەبایی نابێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە بەرژەوەندی و فشارە نێوخۆییەکانی عێراق و پایتەختەکانی وڵاتانی دراوسێمان ئەوەندە بەهێزە بەردەوام کار



بۆ تێکدانی نێومالّی کورد و نانەوەی ئاژاوە و پشێوی دەکەن، ئالّۆزی و خراپی بارودۆخەکەی بەغدا و سەختیی قۆناغەکەی عێراق کە وادەکات وڵات سیادەی نەمێنێت و لەناو بەغدا حکومەت نەتوانێت ڕێگا لە میلیشیات و هێزی چەکدار بگرێت، ئەمە هەمووی وا دەکات گەلی کورد لە دەوری مەرجەعی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی کۆببێتەوە و بە یەك دەنگ و یەك بۆچوون ڕوو لە پاراستنی دەستکەوتەکان و داواکاری مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکات.

زیندوو ڕاگرتن و بەرز ڕاگرتنی ڕیفراندۆم مافەکانی گەلی کوردستان زامن دەکات و دەکرێت لە کاتی پێشێلکاری و زیانگەیاندن بە ویست و خواستی گەلی کوردستان ئەنجامی ڕیفراندۆمەکە جێبەجێ بکەین کە سەربەخۆییە و لەم پێناوەشدا دەبێت لۆبی و پالّپشتییەکی زۆری وڵاتانی زلهێزی جیهان بە دەست بهێنین، خۆ هەر هیچ نەبێت، دەکرێت لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە ڕوو لە بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بکەین و دەبێت داوای کۆنفیدڕالّییەت بکەین، تاوەکو چیتر بە ناوی دادگای فیدڕالّی و وەزارەتی نەوت و میلیشیاتی چەکدارییەوە زیان بە گەلی کوردو کوردستان نەگەیەنن.

زیندووکردنەوەی ڕیفراندۆم و بەرزڕاگرتنی یادەکەی لە کاتێکدا کە ئەمریکییەکان و ئەورووپییەکان بەردەوام دەڵێن کوردستانێکی بەهێزمان دەوێت لەناو عێراقێکی بەهێزدا، کەواتە دەبێت گفتوگۆ و دانوستانەکانمان دەست پێ بکەین لەپێناو چوونە پێشەوەی قۆناغێکی دیکە کە بەدەستهێنانی کۆنفیدڕالّییە، خۆ ئەگەر نەشتوانین بە هۆی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و فشاری وڵاتانی ناوچەکە سەربەخۆ بین، دەتوانین ڕیفراندۆم وەکو وەرەقەیەکی بەهێزی فار سەیری بکەین بۆ ئەوەی لە ئایندەدا سوودی لێ وەربگرین.

لە ئێستادا لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بە ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و تێکۆشانی خەباتی ئەوە بە شێوازی خەباتی مەدەنی تاوەکو بە هاوشێوەی ڕیفراندۆم جارێکی دیکە هەموو ئەو هێز و لایەنە سیاسییانە کۆبکاتەوە و دەبێت حزبەکان پشتیوانی لێ بکەن، چونکە سەرۆك هێزی لە گەلەوەیە و پارێزگاری خواست و ویستی گەلە و لە پێناو کورد تێدەکۆشێت، هەر لەبەر ئەمەشە نەیارانی کورد و دوژمنانی کوردستان کاتێك دەیانەوێت ژەهرەکانیان بڕژێننە سەر ئەم میللەتە مەزڵوومە هەوڵ دەدەن لە پێگەی بەهێزی بدەن کە بارزانییە، ئەوان باش دەزانن بارزانی پارێزەری کوردانە لە هەرچوار پارچەی کوردستان و هەر کاتێك دەست بۆ پیرۆزییەکی ئەم نیشتمانە دەبەن، هەزار و یەك حیساب بۆ بارزانی دەکەن.

**ڕیفراندۆم بە شێوازێکی مەدەنی شەرعییەتی نەخشەی بەرژەوەندیخوازانەی دەوڵەتە زلهێزەکان و ویست و خواستی شۆڤێنی و مەزهەبچییەکانی ناوچەکەی هەڵوەشاندەو**

**لە پێناو زیندووڕاگرتنی ڕیفراندۆم و سوودوەرگرتن لە بەند و وانەکانی ڕیفراندۆم دەبێت هەمووان پاڵپشتیی مەرجەعی کورد مسعود بارزانی بکەین**

# ماراسۆنی پاش چلە

> **لە ماوەی دە مانگی ڕابردوودا هەست بە جۆرێک لە جێگیریی ڕێژەیی دەکرا لە گۆڕەپانی سیاسیدا، بەڵام خەریکە سەر لە نوێ کارتەکان تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن، چ لەلایەن سەدرەوە بێت، یان لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە**

> **سەدر هەڵوێستێکی توندی بەرانبەر سەرۆک کۆمار بەرهەم ساڵح هەبوو، بە هۆی واژۆنەکردنی یاسای قەدەغەکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا**

ئەو هێز و لایەنە عێراقییانەی کە بەشدارییان لە کۆنگرەی دووەمی وتووێژی نیشتمانی کرد، بڕیاریان دا لیژنەیەکی سێ قۆڵی (شیعە، سوننە، کورد) پێک بێت، بۆ ئەوەی پاش کۆتاییهاتنی چلەی ئیمام حوسێن سەردانی سەدر بکەن لە «حەنانە»، بێدەنگیی سەدر ئەمجارە درێژەی کێشا، ئەمەش وای کردووە، خەڵك چاوەڕوانی دواهەڵوێستی بن سەبارەت بە ڕووداوەکانی پێشوو.

لە بەرانبەردا چوارچێوەی هەماهەنگی خەریکی گفتوگۆیەکی قورس و نهێنییە لەگەڵ (پارتی) و هاوپەیمانیی (سیادە)، مەبەستیش دانانی زەمینەیەکی گونجاوە، هەر یەك لەم دووە، داواکاری و مەرجی خۆی هەیە سەبارەت بە هەردوو پێکهاتەی کورد و سوننە.

ئەم دوو لایەنە سەرەڕای هەندێ هەڵەی سەدر، بەڵام تا ئێستا سوورن لەسەر ئەوەی کە دەبێ ڕای لەسەر ئەو حکومەتە هەبێت کە چوارچێوەی هەماهەنگی نیازی وایە پێکی بێنێت، ئەگینا بەردەوامیی نابێت.

بەداخەوە لە ماوەی دە مانگی ڕابردوودا هەست بە جۆرێك لە جێگیریی ڕێژەیی دەکرا لە گۆڕەپانی سیاسیدا، بەڵام خەریکە سەر لە نوێ کارتەکان تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن، چ لەلایەن سەدرەوە بێت، یان لەلایەن چوارچێوەی هەماهەنگییەوە.

پێشنیارە کتوپڕەکەی سەدر سەبارەت بە مانەوەی سەرۆك کۆمار بەرهەم ساڵح و سەرۆك وەزیران مستەفا کازمی لە قۆناغی گێڕانەوەدا، وایکرد هەندێ لایەنی سیاسی، بەتایبەتی چوارچێوەی هەماهەنگی و پارتی بە پاکی سەیری ئەو پێشنیارە نەکەن.

کاتێ ئەو پێشنیارەش بە لێدوانی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (باربارا لیفی) گرێ بدەین، کە داوای کردبوو «گوێ لە دەنگی سەدر بگیرێ»، بیردۆزی پیلانگێڕی لەلای هەندێ ناوەندی عێراقی دووبارە دەبێتەوە.

لە کاتێکدا هەموو کەس دەزانێ کە کازمی لە سەدر نزیکە و چەند جار لە تویتەکانی (ساڵح محەمەد عێراقی) سوپاسی کراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر هەمووان دەزانن کە سەدر هەڵوێستێکی توندی بەرانبەر سەرۆك کۆمار بەرهەم ساڵح هەبوو، بە هۆی واژۆنەکردنی یاسای قەدەغەکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا.

ئەو کات سەدر بە توندی هێرشی کردە سەر بەرهەم ساڵح و چەند تۆمەتێکی خستەپاڵ، ئەم گۆڕانە لە هەڵوێستدا وای کرد، پارتی و (سیادە)ی سوننی، ئەوانیش چاو بە هەڵوێستی پێشووی خۆیاندا بخشێننەوە و، وا هەست دەکەن کە ئەم هەڵوێستەی سەدر هەڵەیەکی تێدایە.

سەرەڕای هەڵوێستە توندەکانی سەدر بەرامبەر ئێران و ئەمریکا و ڕەتکردنەوەی هەر دەستێوەردانێکیان لە پێکهێنانی حکومەتی



**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵانی نووسیوە

داهاتوودا بەپێی دروشمی «نا ڕۆژهەڵاتی و نا ڕۆژئاوایی»، بەڵام لە ژێر سایەی نەخشە پەشۆکاوییەکاندا کە هاوپەیمانییە سیاسەییەکانی عێراق پێی جووڵە دەکەن، هەر زوو گۆڕانکاری لە هەڵوێستی نێوان لایەنە جیاوازەکانی ڕووی دا، بەتایبەتی هەندێ لایەنی چوارچێوەی هەماهەنگی و هەروا پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەدر نەك هەر پێشنیاری مانەوەی سالح و کازمی کرد لە ماوەی گێڕانەوەدا، بەڵکو داوای لە هاوپەیمانەکانی کرد (سیادە)ی سوننی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمان بکشێنەوە، تا شەرعییەتی خۆی لە دەست بدات.

سەرەتا هاوپەیمانیی (سیادە) بێدەنگیی هەڵبژارد و هیچ هەڵوێستێکی سەبارەت بەم داوایە نەنواند، نە بە لێدوان، نە بە ئاماژە، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان چەند ئاماژەیەکی خۆی خستەڕوو.

پاش سەردانەکەی حەلبووسی و شاندی یاوەری بۆ لای سەرۆك بارزانی و بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندراوە هاوبەشەکەیان، نە سەدر و نە وەزیرەکەی هیچ قسەیەکیان نەبوو.

چوارچێوەی هەماهەنگی وا لە ڕاگەیاندراوەکە تێگەیشتن کە هەردوولا لەگەڵ هەڵبژاردنی پێشوەختەن، کە حکومەتێکی خاوەن دەسەڵات ئەنجامی بدات، ئەمەشیان بە سەرکەوتنێکی دیکەیان دانا لەسەر سەدر و ڕایانگەیاند کە پەیوەندی بەو دوو لایەنەوە دەکەن بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمان. بەڵام هەر یەك لە (سیادە) و پارتی دەرگەیان بە کراوەیی بەجێ هێشت سەبارەت بە هەر تێگەیشتنێك، کە لەوانەیە ڕوو بدات.

با ئەوەش بڵێین هەر دوولا پشتگیریی خۆیان بۆ محەمەد شیاع ئەلسوودانی ڕانەگەیاند و هەروا هەڵوێستێکی دژ بە کازمی-یان نەنواند، کە سەدر دەیەوێ لە پۆستەکەی بمێنێتەوە.

ئەوەی پێویستە بگوترێت، پارتی لە دوو شت تووڕەیە، یەکەم کاتێ سەدر بە بێ ئاگاداریی ئەو و (سیادە) لە پەرلەمان کشایەوە، دووەمیش لە دوا پێشنیارەکەی بە مانەوەی بەرهەم سالح لە قۆناغی گوێزەدا، کە ئەمەش وای کرد هەڵوێستێك وەربگرێت کە لەگەڵ هەڵوێستی سەدر نەگونجێ و ئامادەش نییە جارێکی دیکە پشتگیری لە لایەنێکی شیعی بکات لەسەر حیسابی لایەنێکی دیکە.

کاتێ پارتی دیموکراتی کوردستان و هاوپەیمانیی (سیادە)وە چوونە ناو هاوپەیمانیی (ڕزگاریی نیشتمان) لەبەر ئەوە بوو کە ئەو هاوپەیمانییە لەسەر چەند پڕۆژەیەکی نیشتیمانی بونیاد نرابوو، بەر لەوەی کارەکە شێوازێکی دیکە وەربگرێت، وەك هاتنە ئارای سێ یەکی پەکخەر، کە بەربەستی خستە بەردەم پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی و ئاراستەکەشی بێخەش بوو.

**پاش سەردانەکەی حەلبووسی و شاندی یاوەری بۆ لای سەرۆک بارزانی و بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندراوە هاوبەشەکەیان، نە سەدر و نە وەزیرەکەی هیچ قسەیەکیان نەبوو**

**کشانەوەی موقتەدا سەدر لە پەرلەمان سەرەڕای زۆرینەکەی هەمووانی خستە هەڵوێستێکی دەغەڵ، ئەگەر نەکشابایەوە، ئێستا خاوەن دوو هێز دەبوو، هەم پەرلەمانی و هەمیش جەماوەری**

**پارتی زۆر بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی دەکات و ئەو تۆمەتانە لەبیر ناکات کە دەیانخستە پاڵی، ئەمە سەرەڕای بۆردوومانکردنی چەند شوێنێکی هەرێم**

کشانەوەی موقتەدا سەدر لە پەرلەمان سەرەڕای زۆرینەکەی هەمووانی خستە هەڵوێستێکی دەغەڵ، ئەگەر نەکشابایەوە، ئێستا خاوەن دوو هێز دەبوو، هەم پەرلەمانی و هەمیش جەماوەری.

لە بەرەی دیکەدا، بەتایبەتی چوارچێوەی هەماهەنگی و پارتی دیموکراتی کوردستان، وادیارە کارەکە بەو ئاسانییە نییە کە هەندێ سیاسەتکاری ناو چوارچێوە بۆی دەچن، لە کاتێکدا هیچ پەلپێکی کوردی (پارتی) لە ئارادا نییە بە مانەوەی سەرۆك وەزیران مستەفا کازمی، بەڵام لە ناو ماڵی شیعەدا هەڵوێستەکە جیاوازە، هەروا سەبارەت بە بەرهەم ساڵحیش.

چەند هێزێکی ناو چوارچێوە دژی مانەوەی کازمی نین، بەتایبەتی هاوپەیمانیی فەتح و ڕەوتی حیکمە و ئیئتیلافی نەسر، هەمان شتیش سەبارەت بە مانەوەی سەرۆك کۆمار هەیە، بەڵام دوو هێزی دیکەی چوارچێوەی هەماهەنگی دژی مانەوەی کازمین، وەك دەوڵەتی یاسا و عەسائیبی ئەهلی حەق.

هەر چەند عەسائیب هیچ ڤیتۆیەکی لەسەر مانەوەی بەرهەم ساڵح نییە، بەڵام دەوڵەتی یاسا دیدێکی هەیە و دەیشارێتەوە.

لەسەر ئاستی کورد، تا ئێستا یەکێتی پشت بە چوارچێوە دەبەستێ بۆ تێپەڕاندنی بەرهەم ساڵح، پارتییش پشت بە جیاوازیی دید دەبەستێ لە ناو ماڵی شیعە (چوارچێوەی هەماهەنگی و ڕەوتی سەدر) لە یەکلابوونەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار، ئەویش بە کاندیدکردنی کەسێك کە ڕای هەردوولای لەسەر بێت.

دەکرێ بڵێین: پارتی زۆر بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگی دەکات و ئەو تۆمەتانە لەبیر ناکات کە دەیانخستە پاڵی، ئەمە سەرەڕای بۆردوومانکردنی چەند شوێنێکی هەرێم.

پارتی لە دۆخێکی قورسدایە، یان دەبێت قوربانی بە سەدر بدات، یانیش ڕوو لە چوارچێوە بکات بەڵام بە مەرج، هەرچەند بە نێگەتیڤ وەڵامی داواکەی سەدریشی دایەوە بە کشانەوە لە پەڕلەمان، بەڵام پارتی تا ئێستا



پێداگرە لەسەر ئەوەی کە بەبێ سەدر هیچ وتووێژێك سەرناگرێت و بەبێ ئەویش هیچ حکومەتێك بەردەوام نابێت.

لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی توانای ڕاسپاردنی سەرۆکێکی نوێیان نییە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بەبێ ئەوەی پەیڤێکی دڵنیاکەری بە دەست نەکەوێت لە سەدر، کە وادیارە ئەویش پلانێکی ڕوونی نەبێت سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چوارچێوەدا، کە خەریکە دەسەڵات بگرێتە دەست.

سوننە و کورد (پارتی) خەریکە جارێکی دیکە ڕۆڵی ناوبژیوانی بگێڕن، بەر لەوەی بچنە ناو سەودای پێکهێنانی حکومەت، ناوبژیوانییەکەش ڕۆڵێکی ئاوێتەی هەیە لە نێوان دەرخستنی پابەندییە سیاسییەکەیان لەگەڵ سەدر، وەك هاوپەیمان و چوارچێوەی هەماهەنگی کە پێویستیان بە هاوبەش هەیە.

لە ڕاستیدا سەدر دەستپێشخەرییە سیاسی و مەیدانییەکەی لە دەست داوە بە هۆی نەگەڕانەوەی کوتلە پەرلەمانییەکەی بۆ پەرلەمان، جەماوەرەکەشی ئاسۆگەی چوونە ناو ناوچەی سەوز دووبارە ناکەنەوە، پاش ئەوەی لەلایەن چالاکوانانەوە چەند تۆمەتێکیان درایە پاڵ.

کەواتە ئەو لە دۆخێکی ئاڵۆزدایە و ستراتیژیەتێکی ناڕوونی هەیە، لە بەرانبەردا چوارچێوە تا ئێستا خۆی ڕاگرتووە و خاوەن تەکتیکێکی زۆرە، کە دەبێت لە هەر وتووێژێکدا پارتی و سوننە حیسابێکی وردی بۆ بکەن.

سەدر لەو هاوکێشەیەدا کە بە کاریگەریی بڕیارە سیاسییەکانی دایهێناوە، خەریکە حکومەتێك پێشکەش بە چوارچێوە دەکات، بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنێك بکات، کە خۆی داوای دەکات.

کەواتە تەنیا ڕێگە کە لەبەردەم سەدر مابێت، چالاکیی جەماوەری و لەخۆگرتنی تشرینەکانە لە ڕێی ڕاگەیاندنی یاخیبوونی مەدەنی، کە ئەگەر ئەوەی پێ کرا، دەتوانێ ئەو حکومەتە ئیفلیج بکات کە چوارچێوەی هەماهەنگی دەیەوێ پێکی بهێنێت.

**پارتی لە دۆخێکی قورسدایە، یان دەبێت قوربانی بە سەدر بدات، یانیش ڕوو لە چوارچێوە بکات بەڵام بە مەرج**



ڕۆکسانا فەرمانفەرمەیان وانەبێژی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە بەشی سیاسەت و دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی کەمبریج و بەڕێوەبەری ئەکادیمیی پرۆگرامی دیراساتی ماجستێرە لە هەمان زانکۆ و تێیدا وانەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەڵێتەوە، هەروەها سەرۆکایەتیی بەشی دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئەنستیتوتی خوێندنی بەردەوام لە هەمان زانکۆ دەکات. گولان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا کە تەوەرە سەرەکییەکانی بریتی بوون لە بارودۆخی ئێستای جیهان و کاریگەری و دەرهاویشتەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و هەلومەرجی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پەرەسەندن و پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## ڕۆکسانا فەرمانفەرمەیان

پرۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی کەمبریج بۆ گولان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا سیستمی جیهانی شلەژاندووە

# دیمانەی تایبەت



*** وەك شارەزا و تایبەتمەندی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئێستای جیهان دەڕوانن، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو کێشە و تەنگژانەی جیهان بە دەستیانەوە گرفتارە، لە سەرووی هەموویانەوە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کە ئاشکرایە ئەم شەڕەش دەرئەنجام و دەرهاویشتەی لەسەر تێکڕای جیهان هەبووە؟ ئایا دەکرێت بڵێین لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جیهانی بەرەو قۆناغێکی دیکە بردووە؟ لەم ڕووەوە ە چۆن لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان دەڕوانن؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە هەبێت، ئەوا ئەم شەڕە چەندین دەرهاویشتە و ئاکامی جیهانیی لێ کەوتووەتەوە، بەڵام ئەوانەی بوونەتە هۆی ئەوەی کاریگەریی ئەم لێکەوتانە زیاتر بێت، ئەوەیە کە لە ساتەوەخت و سەردەمێکدا هاتونەتە ئاراوە کە جیهان تووشی چەندین دژواری و سەختی و تەنگژە بووەتەوە بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتایەکی جیهانییەوە، هەروەها کاریگەری ئەم شەڕە لە کاتێکدایە کە هۆشیارییەکی نێودەوڵەتی هەڵکشاو هەیە لە ئاست ئەو گۆڕانکارییانەی لە بواری ژینگەدا دروست بوون و هاتوونەتە ئاراوە کە کاریگەری گەورەتر و ڕاستەوخۆترن لەوەی لە بنەڕەتدا پێشبینی و چاوەڕوان دەکرا. ئەگەر بە دیاریکراوی دەستنیشانی لێکەوتەکانی ئەم شەڕە بکەین، ئەوا ئەم شەڕە کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر نرخی نەوت و غازی سرووشتی کردووە لە تێکڕای جیهاندا و ئاکامێکی نەرێنی هەبووە لەسەر بازرگانیی دانەوێڵە، هەموو ئەمانەش سەریان کێشاوە بۆ سەرهەڵدانی ترس و نیگەرانی هاتنەئارای برسییەتییێکی بەربڵاو لە زۆرێك لە

**لەم ساتەوەختەدا پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی ڕووسیا لە بارێکی لاوازتر و لەرزۆکتردایە بەراورد بە باری پەیوەندییەکانیان لە سەروەختی شەڕی سارددا**

**ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی مایەی زۆرترین نیگەرانی و دڵەڕاوکێن لە پەیوەندی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە دەستەوەستان و بێتوانایە لە ئاست چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە دوورمەودا و درێژخایەنەکان**

**تاوەکو ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران شکستیان هێناوە لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئێران لە برەودان بە توانا ناوکییەکان بەردەوام بێت**

بەشەکانی جیهاندا، بە تایبەتی هەژارانی ئەو وڵاتانەی کە پتر پشتبەستوون بە هاوردەکردن. دەرئەنجامی ئەم بارودۆخەش بریتی دەبێت لە بەرفراوانبوونی نایەکسانی و هەڵکشانی شەپۆلی کۆچبەری. هەروەها دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە پتر لە وڵاتانی نزیک و دەوڵەتە دراوسێ ڕاستەوخۆکانی شەڕەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە و بەرجەستە بوون، کە ئەمەش شتێکی حەتمی و سرووشتیی شەڕەکەیە. لێرەدا دەتوانین بڵێین وڵاتانی ئەوروپا پتر کەوتوونەتە بەر مەترسیی ئەم شەڕەوە، ئەویش لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە کە ئەم وڵاتانە بۆ ماوەی ٨٠ ساڵە تووشی شەڕ نەبوونەتەوە و لە ئاشتی و ئارامییدا بوون. ئەوەتا لە ئێستادا و لە ئەوروپا شەپۆلێکی پۆپۆلیستی لە هەڵکشان و باڵاوبووندایە و تێکڕای سیاسەتی ئەوروپای گرتووەتەوە، ئێوە بڕواننە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی وڵاتی ئیتالیا. هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە حاڵەتە و ئەم دۆخە تەنیا پەیوەست نییە بە کیشوەری ئەوروپاوە، لەوەش زیاتر، ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا نیگەرانی و دڵەڕاوکێی دیکەی خوڵقاندووە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵگیرسانی شەڕێکی هاوشێوە، یان دووبارەکردنەوەی شەڕێك لەم چەشنە لە دژی تایوان و لە لایەن وڵاتی چینەوە، کە ئاشکرایە چین بژارەی پشتیوانیکردنی ڕووسیای گرتووەتەبەر لە شەڕەکەیدا دژ بە ئۆکرانیا، ئەویش وەك هەوڵێك بۆ هێشتنەوەی دەرفەت و دەروازەیەك بۆ ئەوەی ئەویش کار بکات بۆ دەست بەسەرداگرتنی تایوان، ئەگەر بڕیارێکی لەم چەشنەی دا. کەواتە لەم گۆشەنیگایەوە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا جیهان زیاتر لە بارودۆخێکی لەرزۆك و شڵەژاودایە بە بەراورد بە هەلومەرجی پێش هەڵگیرسانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا.

*** دوای کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت و ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی ڕۆژئاوا، باس لەوە دەکرا کە ئەمە سەرکەوتنی یەکجاریی سیستەمە لیبراڵییەکەیە و کار و کۆشش کرا بە ئاراستەی ئەوەی ڕووسیا ببێتە بەشێك لەم سیستەمە، بە چەشنێك کە باڵ بە سەر تەواوی جیهاندا بکێشێت، بەڵام ئایا دەکرێت بڵێین هەڵگیرسان و بەردەوامبوون و درێژەکێشانی ئەم شەڕە هەڵتەکاندنی پایەکانی ئەم سیستەمەیە و چیتر ناتوانرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە تەواوی جیهان بگرێتەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم شەڕە گوشاری زیاتری لەسەر سیستەمە جیهانییەکە دروست کردووە. دواتر دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەوەی ڕوو دەدات و ئەو پێشهاتەی هاتووەتە ئاراوە بووەتە هۆی ئەوەی هاوسەنگیی هێز گۆڕانکاری بەسەردا بێت و لە ئێستادا جەمسەرەکان ڕوونتر دەر دەکەون، هەر هێزێکی مەزنی جیهانیش خاڵی بەهێز و لاوازی خۆی هەیە و بە ئاستی جیاواز پەیوەندییان لەگەڵ یەکدا هەیە. لەم ساتەوەختەدا پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی ڕووسیا لە بارێکی لاوازتر و لەرزۆکتردایە بەراورد بە باری پەیوەندییەکانیان لە سەروەختی شەڕی سارددا، بەڵام لە ئارادابوونی وڵاتی چین وەك هێزێکی مەزن کە سەنگ و قورساییەکی ئابووری و پەیوەندیی بازرگانی هەیە، هەموو ئەمانە دەگۆڕێت بۆ جۆرێکی زۆر جیاوازی هاوسەنگیی هێز لە ئاستی جیهاندا، کە ئەمەش جیاوازە لەو هاوسەنگیی هێزەی لە سەروەختی شەڕی سارد و لە ساڵانی ڕۆژگاری دوو جەمسەریدا بوونی هەبوو.

*** باس لەوە دەکرێت کە ئەم شەڕە کاریگەری لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەبووە، ئێوە بۆچوونتان چییە لەم بارەیەوە و ئایا چۆن لە بارودۆخی ئەم ناوچەیە دەڕوانن و پێتان وایە ئەو پەرسەندن و پێشهاتانە چین کە مایەی زۆرترین نیگەرانی و دڵەڕاوکێن و دەبێت ئاوڕی جددی و بە پەلەیان لێ بدرێتەوە بۆ ئەوەی بارودۆخی ئەم ناوچەیە هێندەی دیکە بەرەو کارەسات و تەنگژە نەچێت؟**

- بە تێڕوانینی من ئەو پەرسەندن و پێشهاتانەی مایەی زۆرترین نیگەرانی و دڵەڕاوکێن لە پەیوەندی بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە ئەوەیە کە ئەم ناوچەیە دەستەوەستان و بێتوانایە لە ئاست چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییە دوورمەودا و درێژخایەنەکان، لە نێویاندا شەڕی بەردەوامی یەمەن، ئەو شەڕە ناوخۆییەی سووریا کە چەندین ساڵە لە ئارادایە، بارودۆخی ناوخۆیی و ناکۆکیی نێوان فەلەستین و



ئیسرائیل- کە چەندین دەیەیە بەردەوامە-. دواتر دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە تاوەکو ئێستا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران شکستیان هێناوە لە گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئێران لە برەودان بە توانا ناوکییەکان بەردەوام بێت، ئەگەرچی ئەم وڵاتە بەردەوام بانگەشەی ئەوە دەکات کە هیچ نیاز و نیەتێکی نییە بۆ دروستکردنی چەکێکی لەم چەشنە، هەرچۆنێك بێت، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا چەندین پرسی تەکنیکی پێشێل کردووە لە پەیوەندی بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەیەوە و هەموو ئەمانەش ئەگەری ئەوە زیاد دەکەن کە ئێران هەنگاو بنێت بۆ دروستکردنی ئەم چەکە و بەو پێیە دەچێتە خانەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی ئەم چەکەن، ئەمەش پەرەسەندنێکی زۆر نیگەرانکارە، بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەر چاو بگرین کە وڵاتانی جیهان کەمتر بایەخ دەدەن بەوەی هەماهەنگی لە نێو خۆیاندا بکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێراندا. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە تارمایی و تەمی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل نەك تەنیا باڵی کێشاوە بەسەر ناوچەی کەنداودا، بەڵکو درێژ بووەتەوە بۆ دەریای سوور و دەریای سپی ناوەڕاست، هەموو ئەمانە سەریان کێشاوە بۆ سەرهەڵدانی بارودۆخێکی نالەبار و لەرزۆك کە بۆی هەیە پەلکێشمان بکەن بۆ شەڕێکی بەربڵاوتر و بەرفراوانتر. هەروەها دەبێت ئەوە بڵێین کە هەر سێ هێزە جیهانییەکە بەرژەوەندیی گەورەیان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕووسیا لە ڕێی بوونی هێزەکانیەوە لە سووریا و ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست و چەند بەشێکی باکووری ئەفریقا، و بە دیاریکراوی لە لیبیا، چینیش لە ڕێی مامەڵە بازرگانییەکانیەوە لەگەڵ دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی ناوچەی کەنداو و میسردا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە ڕێی بوونی هێزە دەریاییەکانیەوە لە ناوچەی کەنداو، هەروەها بوونی سەربازی لە وڵاتی عێراق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا لە ڕێی ناتۆوە و هاوپەیمانێتی نزیکی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیلدا. هەر چەخماخەیەك لە ناوچەکەدا دابگیرسێت، بە شێوەیەکی حەتمی ئەم سێ هێزە مەزنە جیهانییە پەلکێش دەکات بە چەشنێك کە بۆ ماوەی چەندین دەیە نەبینرابێت.

**تارمایی و تەمی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل نەک تەنیا باڵی کێشاوە بەسەر ناوچەی کەنداودا، بەڵکو درێژ بووەتەوە بۆ دەریای سوور و دەریای سپی ناوەڕاست**

دیمانەی تایبەت



**نادر هاشمی**

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانكۆی دەنڤەر بۆ گوڵان:

# ئەمریكا سیاسەتی جیاواز لە ئاست ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پیادە دەكات

**نادر هاشمی بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سکوولی جۆزێف کەربۆڵ بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی دەنڤەر، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك تێوۆری سیاسی، پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەت و ئایین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پەیوەندیی نێوان ئایین و ئیسلام، و سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** ئاشکرایە کە لە ئێستادا شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا سەرجەم جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، هەڵگیرسان و بەرپابوونی ئەم شەڕە و درێژەکێشانیشی، پێشهاتێکی گەورەیە و دەرئەنجامەکانیش لە هەموو جیهاندا ڕەنگی داوەتەوە، شرۆڤەکاریی ئێوە بۆ ئەم شەڕە و تێڕوانین و خوێندنەوەتان بۆ دۆخەکە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە چییە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەمە شەڕی داگیرکاری و دەستدرێژکاری بوو، کە وڵاتی ڕووسیا بە سەرۆکایەتیی ڤلادیمێر پوتین پەنای بۆ برد و پیادەی کرد لە دژی ئۆکرانیا، بە واتایەکی دیکە لایەنی دەستدرێژکار ڕووسیایە و ئۆکرانیاش بووەتە قوربانی، دواتر دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ڕاستە ئەم شەڕە لە مانگی شوباتی ئەم ساڵدا بەرپا بوو، بەڵام دەکرێت ڕەگ و ڕیشەی ئەم تەنگژە و پرسە بگەڕێنینەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤ کاتێك ڕووسیا پەنای بردەبەر داگیرکردنی هەرێمی کرێمیا و کردیە بەشێك لە خاکی وڵاتەکەی، دواتر دەستی دایەی پڕچەککردن و چەکدارکردنی یاخیبووە ڕووس زمانەکان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئۆکرانیا. کەواتە پوختەی قسەکە ئەوەیە ئەم شەڕە، یان ڕیشەی ئەم شەڕە بۆ ماوەیەکی درێژی پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا من پێم وایە خودی ئەم شەڕە پەیوەستە بە خەونە ئیمپراتۆرییەکانی ڤلادیمێر پوتینەوە، کە بە تێڕوانین و دیدگای خۆی دەیەوێت بەم شێوەیە پێگەی ڕووسیا لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی تۆکمە و بەهێز بکات.

*** هەروەك لە پرسیاری پێشووشدا ئاماژەمان پێ کرد، دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە ڕەهەندێکی جیهانی وەرگرتووە، بە واتای ئەوەی**



**ڕەنگە بتوانین بڵێین زۆربەی جیهان بەدەر نەبووە لە کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە، بە تێڕوانینی ئێوە ئاکام و کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە زیاتر لە چیدا بەرجەستە بوون؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە دەرئەنجامی و دەرهاویشتەی ئەم شەڕە مایەی نەهامەتی و ئێش و ئازار بووە بۆ گەلی ئۆکرانیا، هەروەها مایەی کێشە و تەنگژە و ئازار بوون بۆ تێکڕای جیهان، ئەویش بەهۆی ئەو دەرئەنجامە ئابوورییانەی لە ئاکامی ئەم شەڕەوە هاتووەتە ئاراوە، ئەوەتا لە زۆرێك لە وڵاتاندا ڕێژەی هەڵئاوسان هەڵکشاوە و نرخی نەوت و غاز بەرز بووەتەوە لەسەر ئاستی جیهان، دواتر نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هەموو ئەمانە لە سەروەخت و کاتێکدا ڕوو دەدەن کە زۆر نابێت جیهان تەنگژەی پەتای کۆرۆنای جێهێشتووە، واتە هێشتا کاریگەری و ئاکامەکانی ئەو پەتایە بە تەواوەتی چارەسەر نەبوون و کۆتاییان نەهاتووە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم دەرئەنجامە خراپەکانی ئەم شەڕە بوونەتە هۆی قووڵکردنەوەی نەهامەتی و تەنگژەی هەژاران و نەدارانی جیهان، کە هێشتا لە ژێر باری دەرئەنجامە خراپەکانی تەنگژەی پەتای کۆرۆنادان.

*** ئەگەر باس لە ڕەوت و ئاقاری شەڕەکە بکەین، ئەوا ئاشکرایە لە ئێستادا نەك هەر پێناچێت ڕووسیا سەرکەوتنێکی گەورە و یەکلاکەرەوە تۆمار بکات، بەڵکو ئەوەی ڕووی داوە ئەوەیە کە ڕووسیا تووشی دژوارییەکی ئەوتۆ بووەتەوە، کە ناچار بوو پاشەکشە لە بەشێکی گەورەی خاکی ئۆکرانیا بکات، بە دیدی ئێوە ئاقار و ئاراستەی شەڕەکە بە چ لایەکدا دەشکێتەوە و، چۆن شرۆڤەکاری بۆ ئەم پێشهات و بەرەوپێشچوونانەی شەڕەکە دەکەن؟**

- پێش ئەوەی هیچ شتێك بڵێین لەبارەی دوایین پەرەسەندنەکانی گۆڕەپانی شەڕەکە و پێشڕەوی و بەرەوپێشچوونی سوپای ئۆکرانیا و ناچاربوونی ڕووسیا بە کشانەوە و پاشەکشەکردن، ئەوا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە سەرکەوتنی ڕووسیا لەم شەڕەدات مایەی نیگەرانییە، چونکە ئەگەر ڕووسیا بتوانێت سەرکەوتن لەم شەڕەدا تۆمار بکات و باڵادەست بێت و ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت لە ڕێی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێز و ڕێگاچارەی دەستدرێژی و داگیرکاری، ئەوا ئەمە پەیامێك دەبێت بۆ سەرکردە سەرکوتکارەکانی دیکە لە جیهاندا کە دەسەڵاتێکی تاکڕەوییان لە وڵاتەکەیاندا چەسپاندووە و، خەونی هاوشێوەی ڤلادیمێر پوتینیان هەیە (خەونی بەرفراوانخوازیی ئیمپراتۆرییانە)، بۆ نموونە خەون و تمووحی وڵاتی چین لە ئاست تایوان و دەسەڵاتە تاکڕەو و دیکتاتۆرەکانی دیکە. بە دڵنیاییەوە بە چەشنی هەر شەڕ و ناکۆکییەکی دیکە کە سەر هەڵدەدات و دێتە ئاراوە، ئەوا دووڕوویی و پێوانەکردن بە دوو ستانداردی جیاواز لە ئاست ئەم شەڕەی

**دەرئەنجامە خراپەکانی ئەم شەڕە بوونەتە هۆی قووڵکردنەوەی نەهامەتی و تەنگژەی هەژاران و نەدارانی جیهان، کە هێشتا لە ژێر باری دەرئەنجامە خراپەکانی تەنگژەی پەتای کۆرۆنادان**

ڕووسیا و ئۆکرانیاشدا لە ئارادا هەیە، بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەردەوام و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئەم شەڕە ناکۆکییە لە نێوان دیموکراسییەکان و دەسەڵاتە تاکڕەو و دیکتاتۆرییەکاندا و، بانگەشەی ئەوە دەکات کە پرسەکانی پەیوەست بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ زۆر بە جددی وەردەگرێت و کاریان لەسەر دەکات، لە پێناو پارێزگاری لێکردنیان و برەوپێدان و بەرەوپێشبردنیان، هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەڵوێستی جددی وەردەگرێت لە ئاست تاوانەکانی جەنگدا، بەڵام نابێت ئەو ڕاستییە نادیدە بگرین کە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا جیاوازە لەو سیاسەتەی دەیگرێتەبەر و پیادەی دەکات لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، سیاسەتێکی تەواو دژ و پێچەوانەیە، واتە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتیوانی لە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان دەکات و پرسی پەیوەست بە تاوانەکانی جەنگ فەرامۆش دەکات. لێرەدا من دەمەوێت بڵێم نابێت ئەو دووڕوویییەی دیموکراسییەتی ڕۆژئاوا کاریگەریی لەسەر تێڕوانین و کاردانەوەمان هەبێت لە ئاست ئۆکرانیا و ئەو شەڕەی دەگوزەرێت، مەبەستم ئەوەیە سەرەڕای ئەم هەڵوێستەی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا پێم وایە دەکرێت ئێمە کار لە پرەنسیپەکان بکەین و پێیانەوە پابەند بین و کۆشش بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری بکەین و، ئیدانەی دەستدرێژکاری و داگیرکاری بکەین، دواتر ئەگەر بێمە سەر وەڵامی ناوەڕۆکی پرسیارەکەتان لە بارەی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونەکانی ئەم دواییە کە ڕووسیا کەوتە بارودۆخێکی نالەبارەوە، ئەوا ئێمە ڕەنگدانەوە و کاردانەوە و بگرە پەرچەکرداری ئەم بەرەوپێشچوونانەمان بینی، ئەوە بوو سەرۆک ڤلادیمێر پوتین هات و هەڕەشەی بەکارهێنان و گرتنەبەری ڕێگاچارەی چەکی ناوکیی کرد و بە ئاشکرا باسی لە بەکارهێنانی ئەم چەکە کرد و، دوای ئەوەی کرد هێزی زیاتر پەیوەندی بە سوپای وڵاتەکەوە بکات و، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕووسیا لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بە ئامانج گیراوە. لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەمە کاردانەوە و پەرچەکردارێکی پێشبینیکراوی سەرۆک ڤلادیمێرە دوای ئەوەی کە لە گۆڕەپانی شەڕدا تووشی پاشەکشە و کشانەوە کرا، مەبەستم ئەوەیە ڤلادیمێر پوتین کەسێك نییە کە دوای ئەم پەرەسەندنانە دەست هەڵگرێت و بچێت و لە گۆشەی ماڵەکەیدا دابنیشێت، بەڵکو هەوڵ دەدات ئەم تەنگژە و شەڕە بەرەو هەڵکشان ببات و کار دەکات بۆ دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنەوەی ئەو خاکەی لە دەستی داوە، ئەوەتا داوا دەکات هاووڵاتیانی زیاتر پەیوەندی بە سوپاوە بکەن و ڕوو بکەنە بەرەکانی شەڕ، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین هێشتا ڕێگەیەکی دوور و درێژمان لە پێشە بۆ کۆتاییهێنان بەم شەڕە.

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر خودی وڵاتانی ئەورووپا کردووە و، ئەم وڵاتانەی ناچار کردووە کە پێداچوونەوە بە سیاسەتی ئەمنی و وزەیی خۆیاندا بکەن و، جارێکی دیکە ڕێگە نەدەن کە کارتی گوشاری تایبەت بە وزە لە دژیان بەکار بهێنرێت و، لە ڕووی ئەمنییەوە تووشی مەترسی و هەڕەشە نەبنەوە، خوێندنەوەی ئێوە بۆ هەنگاوەکانی وڵاتانی ئەورووپا لەم ڕووەوە چییە؟**

- ڕوونە کە وڵاتانی ئەورووپا زستانێکی سەختییان لەپێشە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ڕووسیا هەناردەکردنی غازی ڕاگرتووە بۆ ئەورووپا، بۆیە پێشبینی هەڵکشانی تەنگژەی وزە و بەرزبوونەوەی نرخی غاز دەکرێت، لە ڕاستیدا ئەمە بەشێکە لە حیساباتی سەرۆك ڤلادیمێر پوتین، واتە پێی وایە ئەگەر تێچوونە داراییەکەی لەسەر وڵاتانی ئەورووپا زیاتر بکات، ئەوا ئەم وڵاتانەش بە خۆیاندا دەچنەوە و دەست هەڵدەگرن لە پشتیوانیکردنی ئۆکرانیا. ئەوەی پەیوەست بێت بەوەی تا چەند ڕووسیا سەرکەوتوو بووە لەم حیساباتەیدا و لەم هەوڵەیدا، ئەوا ئاشکرایە کە تاوەکو ئێستا وڵاتانی ئەورووپا یەکریز و یەکهەڵوێست بوون، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە ئەورووپا لە چەندین وڵات پێك هاتووە و سەرۆك پوتینیش ئومێدی ئەوە دەکات کە لەگەڵ بەردەوامبوونی شەڕەکەدا دابەشبوون و لێکترازانێك لە نێو وڵاتانی ئەورووپادا ڕوو بدات و بگرە ناکۆکی لە نێوانیاندا دروست ببێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ئاسانتر درێژە بە شەڕەکە بدات.


**ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پشتیوانی لە حکومەتە دیکتاتۆرییەکان دەکات و پرسی پەیوەست بە تاوانەکانی جەنگ فەرامۆش دەکات**

**ڤلادیمێر پوتین کەسێک نییە کە دوای ئەم پەرەسەندنانە دەست هەڵگرێت و بچێت و لە گۆشەی ماڵەکەیدا دابنیشێت، بەڵکو هەوڵ دەدات ئەم تەنگژە و شەڕە بەرەو هەڵکشان ببات و کار دەکات بۆ دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردنەوەی ئەو خاکەی لە دەستی داوە**

**وڵاتانی ئەورووپا زستانێکی سەختییان لەپێشە، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ڕووسیا هەناردەکردنی غازی ڕاگرتووە بۆ ئەورووپا، بۆیە پێشبینی هەڵکشانی تەنگژەی وزە و بەرزبوونەوەی نرخی غاز دەکرێت**

# سیاسەتمەداران و نەبوونی دیموکراسی





**پ. د.کامەران سالْحی**
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گولانی نووسیوە

هەر وەك زانراوە كە دیموكراسی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیی بیروباوەڕی توندڕەوانە بنیات نانرێت، چونكە ئەمە شێوازی حوكمی هۆشمەندە و هۆكارێكی مامەڵەكردنی كۆمەڵایەتیشە لەسەر بنەمای یەكسانی و ڕێزگرتن لە ئیرادەی زۆرینە و دەستەبەركردنی مافی كەمینەیە، لە ڕێی دامەزراوەكانی نوێنەرایەتیكردنی سیاسی و پیشەیی و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و مافی بەشداریكردنی سیاسی لە دامەزراوە دەستوورییەكان و ڕێزگرتن لە پرەنسیپی دەستاودەستكردنی ئاشتییانەی دەسەڵات. بەڵام ئەو هەموو پرەنسیپانە لای سیاسەتمەدارانی حوكمڕانی عێراق نین، زۆرینەی سیاسەتمەداران لە عێراق چ ئەوانەی لە حزبێكدان، یان لە نێو چەند حزبێكی هاوپەیماندان، هەرچەندە زۆربەیان خۆیان بە دیموكراسیخواز دەناسێنن، بەڵام لە



ڕاستیدا ئەوانە لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی دوورن و لەمیانی پیادەکردنی کارەکانیان نەك هیچ یەکێك لەم پرەنسیپانەیان لێ بەدی ناکرێت، بەڵکو هاودژن لەگەڵ ئەو پرەنسیپانە، ئەو حزبانە دژن دەستکاریی پیادەکردنی دیموکراسی دەکەن لە میانی بانگەشەکردن بە شێوازی تازە وەك دیموکراسیی تەوافوقی (واتە پشکپشکێنە) یان دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، یان شۆڕشگێڕی و...هتد.

سەرەڕای جیاوازی و هاودژیی بەرژەوەندییە تاکە کەسی و حزبییەکان لە نێوان سەرانی ئەو حزب و ڕەوتانەدا، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ڕەتکردنەوەی پیادەکردنی دیموکراسیی لیبراڵی و پشتنەبەستن بەو پرەنسیپە وەك ئامرازێکی ئاشتییانەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ئیرادەی زۆرینەی براوەی هەڵبژاردن، هەروەها ڕێزگرتن لە مافی کەمینەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەستەبەرکردنی مافە سیاسییەکانیان، پرۆژەی سیاسیی سیاسەتمەدارانی حوکمڕان، یان ئەوانەی هەوڵی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەدەن، بریتییە لە سڕینەوەی هەر واقیعێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و گۆڕینی بە واقیعێك کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا بگونجێت، بۆیە هەموو چەمکەکانی دیموکراسی، یان پابەندبوون بە دەستوور و ڕێزگرتنی یاسا لە فەرهەنگی سیاسیی ئەواندا نەماوە، لە جیاتی ئەوە دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی توندوتیژی و هێز بۆ ڕیشەکێشکردنی لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن، یان پەراوێزخستن و پاکتاوکردنیان، جگە لە مامەڵەکردن لەگەڵیان لەسەر بنەمای پاساوی نادروست، تۆمەتی واشیان دەخەنە پاڵ گوایە ئەو حزب و ڕەوتانە بەکرێگیراوی زایۆنیزمن، یان حزبی جوداخوازی مەترسیدارن بۆ سەر گەل و نیشتمان، هەرنا پاساو بۆ بەکارهێنانی ئەو توندوتیژییانەیان دێننەوە کە بەرانبەریان دەیکەن بە بیانووی مەترسییە دەرەکییەکان.

هەندێ ڕەوتی سیاسیی تایفەگەر (چ ناسیۆنالیست، یان ئایینی) لە ناخی میللەت، یان لە نێو مەینەتییەکانیدا سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو هەندێکیان لە حزبەکانی دایکەوە بە پاساوی جۆراوجۆر جیابوونەتەوە، یان لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە دامەزراون، بۆیە سەرەڕای ئەوەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە نوێنەرایەتیی جەماوەر دەکەن، بەڵام لە واقیعدا ئامانجیان دابەشکردنی دەسەڵات و سامانە لەنێو خۆیاندا، ئەوانە لەپێناو ئەوەدا کاردەکەن کە دامەزراوەکانی حوکمڕانی بگۆڕن، تەنیا بۆ ئەوەی ببنە دامەزراوەی لاواز و بێ دەسەڵات کە ڕەهەندی تایفەگەری، یان ئینتیمای عەشائیری، یان بنەماڵەیی و ناوچەگەری تەحەکومی پێ بکەن، دواتر دابەشکردنی ناوەندەکانی پاسەوانی و ئاسایش و ڕۆژنامەگەری و بازرگانی و گەشتوگوزار و ناوەندەکانی ئابووری و دارایی، تا لە کۆتاییدا ببنە ناوەندگەلی هێزەکانی نێو دەسەڵات و حزب و ڕەوتە سیاسییەکان، ئەمەش پەل بکێشێت بۆ ئەوەی هەموو پرەنسیپەکانی دیموکراسی نەمێنن و بگۆڕێن بۆ دەسەڵاتێکی ستەمکار و لەناوبردنی یەکجارەکیی میتۆدی دیموکراسی، هاوکات باڵادەستبوونی حزبێك، یان حزبەکانی هاوبەش لەگەڵ ئەو حزبەدا.

ئەم واقیعە نالەبارە هۆکار بووە بۆ زیاتر قووڵکردنەوە و چەسپاندنی شکستهێنانی سیاسی کە ئێستا لە عێراق لە ئارادایە، ئەو حزبانەی دوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆر حوکمی وڵاتیان گرتە دەست، هەموویان شکستیان هێنا لە ئەنجامدانی هەر گەشەپێدانێکی ئابووری، یان کۆمەڵایەتی، یان سیاسی، تەنیا پرۆسەی چەند هەڵبژاردنێکیان جێبەجێ کرد، بەڵام ئەمەش بە ساختە و گەندەڵی.

ئەو سیاسەتمەدارانەی کە تا ئێستا لە عێراقدا حوکمڕان بوون، لە هیچ شتێکدا سەرنەکەوتن، مەگەر لە گۆڕینی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ دامەزراوەی پەکخراو و بێ دەسەڵات لەوەی هیچ خزمەتگوزارییەکی کەلتووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بکەن، بەڵکو لەوەدا سەرکەوتن کە بەربەست بخەنە بەردەم ڕێڕەوی وەرچەرخان بۆ دیموکراسی.

ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات لە نارەزایی و خۆپیشاندانەکان بەڵگەی شکستهێنانی زۆربەی حزبە سیاسییەکانی عێراقە لە پیادەکردنی دەسەڵات، بە هۆی نەبوونی پیادەکردنی دیموکراسییانەی مامەڵەکردن لەگەڵ

**زۆرینەی سیاسەتمەداران لە عێراق چ ئەوانەی لە حزبێکدان، یان لە نێو چەند حزبێکی هاوپەیماندان، هەرچەندە زۆربەیان خۆیان بە دیموکراسیخواز دەناسێنن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی دوورن**

**پرۆژەی سیاسیی سیاسەتمەدارانی حوکمڕان، یان ئەوانەی هەوڵی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دەدەن، بریتییە لە سڕینەوەی هەر واقیعێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و گۆڕینی بە واقیعێك کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیاندا بگونجێت**

جەماوەری تووڕە لە بەرانبەر ڕەوشی گوزەران و بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و لاوازیی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری.

ئێستا عێراق ڕووبەڕووی کۆمەڵێك وێرانکاری و پاشەکشە بووەتەوە، لە ئەنجامی ئەوەی کە هاودژە سیاسییەکان و جیاوازیی بەرژەوەندییەکان گۆڕاون بۆ توندوتیژیی دەروونی و ماددی و کردەوەکانی تیرۆری سیاسی و بە زۆر ڕفاندن، ئێستا هەر بانگەشەیەك بکرێت بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی سیاسی، یان ئیداری، یان قەڵاچۆکردنی گەندەڵی کە دامەزراوەکانی حکوومی و ئەهلی تەنیوە، هیچ سوود و ئەنجامێکی ئەرێنی نابێت.

ڕاستییەکەی ناکرێ شەرعییەتی دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بنەمای بیروباوەڕێکی توندڕەوانەی ئایینی، یان تایفەگەری، یان ناسیۆنالیستیی شۆڤینی بنیات بنرێت، چونکە ئەو کاتە دەکەوێتە دەستی یەك توێژی حوکمڕان کە تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی وەدەست دێنێت، شەرعییەتی سیاسی نەزۆك دەبێت، ئەگەر لەسەر بنەمای کۆدەنگیی دیموکراسی بنیات نەنرێت، چونکە سیستەمی سیاسی کە چینێکی دەمارگیری تائیفی، یان عەشایری، یان بنەماڵەیی تێیدا حوکمڕان بێت، لە واقیعدا دەبێتە سیستەمێکی داخراو و شکستخواردوو و تەنیا هەر ئەو پێکهاتە دەمارگیرە بەرهەم دێنێتەوە، هەر سیستەمێکی سیاسی شەرعییەتی لە هۆز، یان عەشیرەت، یات تائیفە وەربگرێت، ئەوا سیستەمێکی دواکەوتووە و لەناو دەچێت، چونکە تەنیا بەربەست دەنێتەوە لە بەردەم گەشەسەندنی دیموکراسیدا، ئەمەش ئەوەیە کە ئێستا لە عێراق هاتووەتەدی، کە دەبینین بەردەوام هەوڵی ئەوە هەیە دەسەڵات قۆرخ بکرێت و دەسەڵات و هەژموون و سامان دابەش بکرێت، دەستووریش تەنیا بەڵگەنامەیەکی شێوەییە هیچ ڕاستگۆییەکی بۆ نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە بووەتە بنەمایەك بۆ دەسەڵات تاکو قۆرخی تائیفەگەری و ئایینی پێ بکات.

لە ساڵانی ڕابردوودا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چاوپۆشیی تەواوی کردبوو لەو هەموو کردەوانەی دەسەڵاتی سیاسی پەیڕەو و پیادەی دەکردن، هەر لە پێشێلکردنی مافی مەدەنی و سیاسی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە عێراق لە لایەن چەتە و تیرۆریستانی قاعیدە و داعش ڕووبەڕووی هەڕەشە بووبوو، بەڵام ئێستا داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکرێت لەژێر فشاری ڕای گشتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دامەزراوە دەستووری و ئابووری و داراییەکان کە بە هەموو شێوەیەك گوشار بخاتە سەر سیاسەتمەدارانی حوکمڕان لە عێراق، کە جارێکی دیکە ئەم کردەوانەی هەڵسەنگێننەوە، کاریش بکەن لە پێناو چاککردنی دۆخی مرۆیی و دژایەتیکردنی گەندەڵیی دارایی و دامەزراندنی حوکمڕانییەکی دیموکراسی و ساغڵەم.

بۆیە دەرچوون لەو پەرتەوازەیی و لێکهەڵوەشانەی سیاسیی وڵات، حزب و ڕەوتە سیاسییەکان ناچار دەکات کاربکەن لە پێناو کاراکردنی گواستنەوەی دیموکراسی، دوور لە هەموو شێوەیەکی ساختەکاریی سیاسی، دوورکەوتنەوەش لە هەموو هەوڵێك بۆ قۆستنەوەی دەرفەت نەبادا هەموو ڕێککەوتنە سیاسییەکان لە بەین ببرێن، یان دەستکاریی ناوەڕۆکەکانیان بکرێت، بەڵکو پێویستە کار بکرێت بۆ کاراکردنەوەی دامەزراوە دەستوورییەکان و ڕێزگرتن لە دەستوور و پاککردنەوەی جومگەکانی هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەت لە گەندەڵکاران، هەروەها گەڕاندنەوەی پارە دزراو و بە تاڵان براوەکان و کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی پرۆسەی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و ڕێزگرتنی ئازادیی ڕادەربڕین و فرەیی سیاسی، بەم شێوەیە سەقامگیری لە عێراق دێتە کایەوە و دەسەڵاتی سیاسی بەهێز دەبێت، کە خەریکە لەبەر یاخیبوونی ناوخۆ و فشاری دەرەکی هەرەس دێنێت، دواجار دەسەڵاتێکی سیاسی و دیموکراسی بنیات دەنرێت، ئەو دەسەڵاتەی کاردەکات لە پێناو میللەتدا، نەك دامەزراندن و هێنانەکایەی دەسەڵاتێك کە دەست بخاتە بینەقاقای میللەت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەمە دەبێتە هۆکارێك کە شەڕی ناوخۆ بەرپا بێت و لە کۆتاییشدا ڕزگاریان نابێت و هەموو لایەك بە ئاگری ئەو شەڕە دەسووتێن.

**ئەو سیاسەتمەدارانەی کە تا ئێستا لە عێراقدا حوکمڕان بوون، لە هیچ شتێکدا سەرنەکەوتن، مەگەر لە گۆڕینی دامەزراوەکانی دەوڵەت بۆ دامەزراوەی پەکخراو و بێ دەسەڵات لەوەی هیچ خزمەتگوزارییەکی کەلتووری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی پێشکەش بکەن**

**هەر سیستەمێکی سیاسی شەرعییەتی لە هۆز، یان عەشیرەت، یات تائیفە وەربگرێت، ئەوا سیستەمێکی دواکەوتووە و لەناو دەچێت**

## هەڵگورد شێخ نەجیب
سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بۆ گوڵان:

# لە کابینەی نۆیەمدا سۆران دەبووژێتەوە و دەبێتە دەڤەرێکی گرنگی گەشتیاری و کشتوکاڵی و پیشەسازی

**سۆران لە ماوەی ساڵێکدا گۆڕانکاریی گەورە و فراوانی بەخۆیەوە بینیوە، کەرتەکانی گەشتیاری و کشتوکاڵ و پیشەسازی تێیدا ڕوو لە بووژانەوە کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگترین پرۆژەکان و ئەو جووڵە بازرگانی و گەشتیارییە، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی هەڵگورد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کرد.**

*** بوونی سۆران بە ئیدارەی سەربەخۆ لە کابینەی نۆیەمدا دیارییەکی گرنگی سەرۆک بارزانی بوو بۆ ئەو ناوچەیە، لەلایەن حکومەتیشەوە بایەخ بە ئیدارەی سۆران دراوە، ئایا لەو کاتەوەی سۆران بووەتە ئیدارەی سەربەخۆ، گرنگترینی ئەو پرۆژانە چین کە دەستان پێ کردووە؟**

- لە بیرمە ساڵێك لەمەوبەر لە دیدارێکی گۆڤارەکەتاندا باسی کاروانی ئاوەدانی و پرۆژەکانم کرد و، ئاماژەم بەوەدا لە ماوەی ساڵێکدا بەرهەمی ئەو پرۆژە و کار و گۆڕانکارییانە دەردەکەوێت، کە لە دەڤەری سۆران جێبەجێ دەکرێن، لە ٢٨ی تەمووزی ساڵی ٢٠٢١ ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مژدەی دیاریی سەرۆك بارزانی بە دەڤەرەکە ڕاگەیاند و، بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆرانی ڕاگەیاند، ئەم بڕیارە بە هەموو پێوەرەکان بڕیارێکە بۆ خزمەتی زیاتری خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری سۆران و سەرجەم قەزا و ناحیە و گوندەکانی ئەم دەڤەرە، تەنانەت لە ڕووی کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر دامودەزگاکانی پارێزگای هەولێریش سوودی هەبوو، لە ٢٠٢١/٨/٧ بەندە

وەکو سەرپەرشتیاری ئیدارەی سۆران ڕاسپێردرام، ئەو دەمە کۆمەڵێك گرفت و ئاستەنگی گەورە لە بەردەم کاروانی ئاوەدانی و ئارامی و ڕاستکردنەوەی کەموکورتی و زێدەڕۆیی و ڕۆتیندا هەبوو، ئیرادە و پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وای کرد، پێش هاتنی وەرزی زستان زۆرترین پڕۆژە بە کوالێتیی بەرز و لەژێر چاودێری و بەدواداچوونی چڕ و ورددا بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، لەمەشدا دادپەروەریمان لە نێوان قەزاو ناحیە و گوندەکاندا پەیڕەو کرد، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ دامەزراندنی حەوت بەڕێوەبەرایەتیی گشتی و چەندین بەڕێوەبەرایەتیی گرنگ و هەستیار و، لە کۆتایی ئەم هەفتەیەشدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کارەبای سۆرانی دەرکرد، تەنانەت هەر لە دەستپێکی کارەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەڕێز سەرۆك وەزیران، وەزیرە بەڕێزەکان و ئەنجومەنی وەزیرانی ڕاسپارد کار و پڕۆژە لەم دەڤەرە بکەن و بودجەیەکیش بۆ سۆران تەرخان کرا، وەبەرهێنان بووژایەوە و چەندین پڕۆژەی کارەبا و شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگەوبان ئەنجام دران و، دیاردەی چەکداری و تاوان و زێدەڕۆیی تا ئاستێکی باش و بەرز بنبڕ کراوە، گرنگییەکی زۆر بە کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و وەرزش و هونەری و لاوانیش درا، ڕێژەیەکی زۆر گەشتیاریش ڕوویان لە ناوچەکەمان کرد و کار و کاسبی تا ڕاددەیەکی باش بووژایەوە.

خۆ ئەگەر بەراوردی سۆران بکرێت بە ناوچەکانی دیکە، بە ئاشکرا ئەو گۆڕانکاری و فراوانبوونە دەبینرێت، ڕاسپاردە و ڕێنمایی و بەدواداچوونەکانی خودی سەرۆك وەزیرانە وای کردووە کە شەو و ڕۆژ لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بین و ڕۆتین کەم بووەتەوە، بە پاڵپشتیی خەڵکە دڵسۆزەکەی ئاوەدانی ببووژێنینەوە و هەلی کار بۆ گەنجان دابین کرا، بەتایبەتی لە هەرسێ بواری ئاوەدانی و کشتوکاڵ و گەشتیاریدا. ئەوەتا مانگانە بەردی بناغەی پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی دادەنرێت و دەکرێتەوە، لەمەش گرنگتر چاودێری و بەدواداچوونێکی جددی دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لە کات و بەرواری خۆیدا، بۆ نموونە سۆران یەك هێڵی کۆنی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرزی هەبوو، لە ئێستادا بووە بە دوو هێڵ و، چەندین وێستگەی گەورە و بچووك و مۆبایل و هێڵی دیکەی کارەبای بۆ دانراوە و لە کاتی خۆیدا تەواو کراون، تەنیا لە چۆمان لە هەفتەی ڕابردوودا بەردی بناغەی ١٦ پڕۆژەمان دانا، وابزانم دانانی بەردی بناغەی دوو سایدی سپیلك-خەلیفان لەلایەن سەرۆکی حکومەت و بەسەرکردنەوەی چەند شوێنێکی دیکەی پڕۆژە، نموونەی دیکەی هەنگاوەکانی حکومەتە لەم دەڤەرە. لە بواری نیشتەجێبوونەوە لەو ٢٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوانەی بۆ کرێنشینان لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە جێبەجێ دەکرێت، ٢٧٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون بەر سۆران کەوتووە و، بە تەواوبوونی ئەم پرۆژەیە



**ئیرادە و پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وای کرد، پێش هاتنی وەرزی زستان زۆرترین پڕۆژە بە کوالێتیی بەرز و لە ژێر چاودێری و بەدواداچوونی چڕ و وردا بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە**

**چەندین پڕۆژەی کارەبا و شارەوانی و ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگەوبان ئەنجام دران و، دیاردەی چەکداری و تاوان و زێدەڕۆیی تا ئاستێکی باش و بەرز بنبڕ کراوە**

**سۆران یەک هێڵی کۆنی کارەبای پاڵەپەستۆی بەرزی هەبوو، لە ئێستادا بووە بە دوو هێڵ و، چەندین وێستگەی گەورە و بچووک و مۆبایل و هێڵی دیکەی کارەبای بۆ دانراوە و لە کاتی خۆیدا تەواو کراون**

**بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و کەمئاوی بەم نزیکانە دیزاین و پرۆپۆزەڵی دروستکردنی چەندین بەنداو دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە**

توێژی کەمدەرامەت و کرێچیان سوودمەند دەبن و کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی کێشەی نیشتەجێبوونیش دەبێت. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی و کەمئاوی بەم نزیکانە دیزاین و پرۆپۆزەڵی دروستکردنی چەندین بەنداو دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لە کەرتی تەندروستیشدا نەخۆشخانەی سیدەکان دەستی بە کارکردن کردەوە و ئەم کەرتەمان بە شێوەی سیستەمی ئەلەکترۆنی ڕێك خستەوە و لە بوارەکانی پەروەردە و ڕۆشنبیری و هونەری و لاوانیشدا بەردەوام کار و چالاکیی جۆراوجۆر بەڕێوە دەچێت. لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو پڕۆژانەی بڕی یەك ملیار دیناریان بۆ تەرخان کراوە و بە فەرمی ڕایدەگەیەنین، پڕۆژەکانمان هەموو سێکتەرەکان لە خۆ دەگرێت (ئاو، کارەبا، ڕێگاوبان، تەندروستی، پەروەردە و... هتد). بەمەش ئیدارەی سۆران پێشڕەو بووە لە دابەشکردنی بودجە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکان لە گوند و شار و شارۆچکەکانی سنووری ئیدارەی سۆران.

*** ئەگەر کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکان هەبێت، ئایا تا چ ڕاددەیەك لێپرسینەوە هەیە؟**

- خۆمان شەرمەزاری هاووڵاتیان ناکەین و لە ئەگەری بوونی هەر کەمتەرخەمییەك لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکاندا لە هیچ بەڵێندەرێك چاوپۆشی ناکەین، هەر بەڵێندەرێکیش تا پڕۆژەکەی بە تەواوی و بێ کێشە جێبەجێ نەکات، پڕۆژەی دیکەی پێ نادرێت، ئەوەتا ڕۆژانە سەردانی پڕۆژەکان دەکەین، توانیومانە تا ئێستا لە ٥٠٪ی پڕۆژەکان بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە.

*** دەروازەی حاجی ئۆمەران کە دەروازەیەکی گرنگی نێودەوڵەتیی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، بایەخێکی گرنگی بۆ کاروکاسبی و بازرگانی لەو دەڤەرە هەیە، بەڵام هەست دەکرێت لە ڕووی ڕێگەوبانەوە ڕێگاکانی باش نین و گرفت بۆ بازرگانان دروست دەکات، ئایا چارەسەرێکتان بۆ ئەم پرسە گرنگە لە بەرنامەدا هەیە؟**

- هەڵکەوتەی سۆران لە ڕووی بازرگانی و ڕێگەوبانەوە زۆر ستراتیژییە، سنوورەکانمان بەسەر دوو وڵاتی ئێران و تورکیادا دەڕوانێت، تا دێت ئاستی جموجووڵی بازرگانی زیاتر دەبێت، کاری جددی دەکەین بۆ کردنەوەی دەروازەی بازرگانیی زیاتر و کردنەوەی سەنتەری بازرگانی لە ناوچەکەماندا، لە پێناو زیادکردنی بازرگانی لەگەڵ شارەکانی کوردستان و عێراقدا، منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام کە ئەم دەڤەرە کە تا ساڵی نەوەدەکان ناوچەی شەڕ و وێرانی بووە، ناوچەی شاخاوی، سەرما و لافاو خێراتر ڕێگاوبانەکانی تێك دەدات، هەر بۆیە لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوە بەردەوام لەسەر هێڵم، بۆ جێبەجێکردنی زۆرترین پڕۆژەی ڕێگاوبان، بەتایبەتی پڕۆژەی بە دووسایدکردنی حاجی ئۆمەران – چۆمان، کە لەگەڵ کۆمپانیاکە ڕێککەوتووین بە شێوەیەکی خێراتر پڕۆژەکە جێبەجێ بکات، هەروەها لە ناو چۆمانیش چەندین گەڕەك و شەقامی سەرەکی قیرتاو دەکرێن، لەلایەکی دیکەوە دانانی بەردی بناغەی ڕێگەی نێوان سپیلك خەلیفان، بەڵگەیەکی دیارە بۆ گرنگیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگاوبانەکان، بە دووسایدکردنی ڕێگای نێوان سپیلك –خەلیفان، کە پڕۆژەیەکی ستراتیژییە و بە تەواوبوونی پڕۆژەکە قەرەباڵخی کەم دەکاتەوە و بزاڤی بازرگانی و گەشتیارییش زیاتر دەکات، تەرخانکردنی زیاتر لە ٦٤ ملیار دینار بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نیشانەی خەمخۆریی بەڕێزیانە بۆ گرنگیدان بە سێکتەرە جیاوازەکان لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران. لەماوەی ئەم کابینەیەدا چەندین ڕێگاوبان نۆژەن کرانەوە و چەندینی دیکە ئاوەدان کرانەوە، لە چۆمان و حاجی ئۆمەران کۆمەڵێك پڕۆژەی زۆر بەردی بناغەیان بۆ دانراوە و چەندین پڕۆژە و کاری دیکەی تایبەت بە ڕێگەوبان لە پلان و بەرنامەدایە و، پێش هاتنی وەرزی سەرما و بارانبارین بە شێوەیەکی خێرا جێبەجێ دەکەین و چاودێرییەکی توندیشی دەکەین، بۆ ئەوەی بە کوالێتیی بەرز تەواو ببێت، بە خۆشحاڵییەوە ڕیش سپی و پیاو ماقووڵان و خەڵکی چۆمان پاڵپشتی باشی پڕۆژەکانی خزمەتگوزارین.

*** زانکۆی سۆران یەکێکە لە دامەزراوە باڵاکانی خوێندن لەو دەڤەرە و لە ماوەیەکی کورتدا توانی لەسەر ئاستی زانستی ببێتە یەکێك لە زانکۆ دیارەکانی کوردستان و، کەمپی زانکۆکەش**




**لە بناری ئەو چیایەدا هێندەی دیکەی دیمەنی سۆرانی رازاندووەتەوە، بەڵام وەك تێبینی دەکرێت کەمپەکە هێشتا تەواو نەبووە و، تەنیا چەند کۆلێژێك لەو کەمپە دەوام دەکەن، سەرۆکایەتیی زانکۆ و چەند کۆلێژێك هێشتا لە دەرەوەن، ئایا لە بەرنامەدا هەیە کەمپی زانکۆی سۆران تەواو بکرێت؟**

- پشتگیریی تەواوی زانکۆی سۆران دەکەین و ئاستی بەرزی زانستی تێیدا جێگای فەخر و شانازیی هەموو هاوولاتیانە، ئێمە پێمان وایە ئیدارە و سەنتەرەکانی ئەکادیمی دوو دەزگای تەواوکاری یەکترن، بۆیە لە هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی دڤەرەکەماندا پرۆژە و کاریش بۆ فراوانکردنی کەمپەکە و زیادکردنی کۆلێژەکان دەکەین.

*** دیمەنی دڵڕفێنی سۆران ئەوەیە کە لە ناو چیادایە و ئاوێکی باشیشی هەیە، بەڵام فراوانبوونی سۆران بەو شێوازەی ئێستا، پێویستی بەوەیە بەرەو جوندیان و لەملاشەوە بەرەو رێگەی مێرگەسۆر فراوان بێت، ماستەرپلانتان بۆ فرانبوونی سۆران چییە و چی لە خۆی دەگرێت؟**

- ماستەرپلانمان بەرەو فراوانبوونی سۆران هەیە، لە ماستەرپلاندا شەقام و رێگەوبان و قوتابخانە و خزمەتگوزاری و پرۆژەی جۆراوجۆری وەبەرهێنان لەخۆ دەگرێت، بەڵام لێرەدا و لە ناوچەیەکی شاخاویدا گرفتی زەوی هەیە، بە خۆشحاڵییەوە بە بوونی هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانی و کشتوکاڵ زۆرترینی ئەو کێشە کەڵەکەبووانە چارەسەر دەکرێن.

*** سۆران بووەتە دڵی پیشەسازیی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا و بە دەیان هاوینەهەواری جوانی تێدا دروست کراوە، ماستەر پلانیشتان بۆ چەندین پرۆژەی گەشتیاری هەیە، ئایا دەتانەوێت سۆران لە رووی گەشتیارییەوە چی لێ بکەن؟**

- تیمێکی شارەزا لەلایەن جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێك هێنراوە بۆ دروستکردنی ماستەرپلانی گەشتیاری، گرفتی زێدەرۆیی لەسەر ناوچە گەشتیارییەکانمان هەیە و وردە وردە هەموو ئەو کێشانەش بە پاڵپشتیی یاسا و ئەنجومەنی وەزیران چارەسەر دەکەین، بە شێوەیەکی گشتی ئامانجمان لە ماستەرپلان و وەبەرهێنان ڕاکێشانی گەشتیارە لەسەر ئاستی هەرێم و عێراق و ناوچەکە جیهان، گرنگییەکی زۆریش بە گەشتیاری هەرچوار وەرز دەدرێت. سۆران پێگەیەکی گرنگی گەشتیاریی لە ناوچەکەدا هەیە و بە رێژەی ٨٠٪ی گەشتیاری سنووری پارێزگای هەولێر پێك دەهێنێت، رێژەیەکی زۆری پرۆژەی وەبەرهێنانیش رووی لە دڤەرەکەمان کردووە، ئامادەکارییش دەکەین بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی وەبەرهێنان، بەتایبەتی لە پرۆژەکانی گەشتیاری و پیشەسازی و بازرگانیدا.

**لە چۆمان و حاجی ئۆمەران کۆمەڵێك پرۆژەی زۆر بەردی بناغەیان بۆ دانراوە و چەندین پرۆژە و کاری دیکەی تایبەت بە رێگەوبان لە پلان و بەرنامەدایە**

**پشتگیریی تەواوی زانکۆی سۆران دەکەین و ئاستی بەرزی زانستی تێیدا جێگای فەخر و شانازیی هەموو هاوولاتیانە**



ئەندازیار ئاری ئەحمەد
بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# بۆ ڕێگرتن لە لافاو بە چوار هەفتە سەرجەم ئاوەڕۆکان پاک دەکرێنەوە

بایەخدان بە دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و هەنگاوەکانی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی لافاو و پڕۆژەکانی ئاوەڕۆ و زیادکردنی داهاتی ئاو و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان.

*** هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری بایەخدان بە سێکتەری ئاو و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆ هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە خزمەتگوزاریی ئاو و ئاوەڕۆ وەك لە کارنامەکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان ڕاگەیاندرا، لە ڕیزبەندی گرنگیپێدانی ژمارە یەکدا دانراوە، هاوکات هەموو ئەو پرۆژە و خزمەتگوزارییانەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، ڕاستەوخۆ ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێریی وردی کردوون، بە تایبەتی لە کێشەی کەمئاوی و دابینکردنی بودجە بۆ پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، هەر بۆیە چەندین پرۆژەی ستراتیژی لە هەردوو بواری ئاو و ئاوەڕۆدا خراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە شێوەیەکی گشتی پرۆژەکان دەتوانین بکەین بە دوو بەش، بەشی یەکەم: ئەو پرۆژە ستراتیژییانەی ئاوی خواردنەوەیە، کە بە هۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعشەوە ڕاوەستابوون، وەك (پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی (٥١) گوندی بارزان و ئاکرێ و پیرمام و دەوروبەری و دەربەندیخان و دەربەندی ڕانیە)، بەڵام ئێستا کارکردن لە پرۆژەی ئاوی پیرمام و دەوروبەری دەستی پێ کردووەتەوە، پرۆژەی ئاوی دەربەندیخان بودجە بۆ جێبەجێکردنی دابین کراوە، بە شێوەی مانگانە پارە بۆ کۆمپانیای جێبەجێکار خەرج دەکرێت و، تا ئێستا ئەو پرۆژەیە ٥٠٪ی تەواو بووە، هەروەها پرۆژەی ئاوی دەربەندی ڕانیە بەشێکی زۆری گرفتەکانی لە ڕووی تەکنیکی بە بڕی ٦٠٠ هەزار دۆلار چارەسەر کراون، چوار ملیۆن دۆلاریش بۆ تەواوکردنی دابین کراوە. پرۆژەی ئاوی ٥١ گوندی بارزان لە پلانی ساڵی ٢٠٢٢ بودجەی بۆ دابین کراوە، کە لە ئایندەیەکی نزیکدا کارکردن تێیدا دەست پێ دەکات، و پرۆژەی ئاوی ئاکرێ هەرچەندە کارکردن تێیدا بەردەوام بوو، بەڵام زۆر بە سستی بەڕێوە دەچوو، ئێستا بوودجەی بۆ دابین کراوە و، لە گرفتە تەکنیکییەکانی چارەسەرکراون و، لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا کارکردن تێیدا دەست پێ دەکاتەوە. بەشی دووەم: ئەو پرۆژە ستراتیژییانەن کە ڕاگەیاندراون، وەك پرۆژەی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوەی (گۆیتەپە—چەمچەماڵ) کە بڕی ٧٠ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، کە پێش کۆتایی مانگی ١٠ی ساڵی ٢٠٢٢ پرۆژەکە دەچێتە قوناغی تەندەرینەوە. هاوکات چەند پرۆژەیەکی ئاوەڕۆمان بۆ شاری هەولێر هەیە، بۆ ئەو شوێنانەی کە ئاویان تێدا کۆ دەبێتەوە و هۆکارن بۆ زیادبوونی لافاو، کە ئەم پرۆژانەش بڕی ٣٦ملیار دیناریان بۆ دابین کراوە، ئەوەش وەك قۆناغی یەکەم (٨ملیار و ٦٠٠ملیۆن) دیناری بۆ دانراوە، کە ئەو قۆناغەش بۆ چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی ئەو شوێنانەیە کە لەسەر شەقامی ١٥٠و شەقامی پیرمام ئاویان تێدا کۆ دەبێتەوە، چەند ڕۆژێکە کارکردن لەو قۆناغەدا دەستی پێ کردووە و، پرۆژەیەکی دیکە کە زۆر گرنگ و ستراتیژییە، گۆڕین و چارەسەرکردنی بۆریی پرۆژەی ئیفراز سێیە، کە لەلایەن سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بڕیاری لەسەر درا و بڕی نزیکەی ٢١ ملیار دیناریشی بۆ تەرخان کراوە، کە وەك قۆناغی یەکەم کە درێژی بۆرییەکەی کاری گۆڕین و چارەسەری بۆ دەکرێت (٢٧٥٠مەترە) کە بڕی ( ٥ ملیار و نیو) دیناری بۆ دانراوە. بە هەمان شێوە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ئیفراز چوار لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێکار کە کۆمپانیای (بای وەتەر)ی بەریتانییە کە گرێبەستی ئەنجام داوە، لە گفتوگۆدایەن، بە تەواوبوونی ئەو پرۆژە گەورە و ستراتیژییە بۆ ماوەی چەندین ساڵی دیکە هەولێر لە بەرفرەوانبووندابێت کێشە و گرفتی کەمئاوی نابێت. هاوکات پرۆژەی چارەسەری ئاوی قورسی شاری هەولێرمان هەیە، کە کۆمپانیای جایکای یابانی بە قەرزی درێژخایەن ئەنجامی دەدات، ئەو پرۆژەیەش لە قۆناغی تەندەرینداییەو پرۆژەکە بە هەشت قۆناغ جێبەجێ دەکرێت، کە ئێستا قۆناغی یەکەم کە یەك لەسەر هەشتی پرۆژەکەیە چووە تەبواری جێبەجێکردن و، ڕۆژانە ١٠٥ مەتر سیجا ئاوەڕۆی قورسی ماڵان وەردەگرێت، بەم پرۆژەیەش سیستمی ئاوەڕۆی شاری هەولێر گۆڕانکاریی تەواوی

**خزمەتگوزاریی ئاو و ئاوەڕۆ وەك لە کارنامەکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان ڕاگەیاندرا، لە ڕیزبەندی گرنگیپێدانی ژمارە یەکدا دانراوە**

**هەموو ئەو پرۆژە و خزمەتگوزارییانەی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، ڕاستەوخۆ ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێریی وردی کردوون**

**پرۆژەی ئاوی دەربەندی ڕانیە بەشێکی زۆری گرفتەکانی لە ڕووی تەکنیکی بە بڕی ٦٠٠ هەزار دۆلار چارەسەر کراون، چوار ملیۆن دۆلاریش بۆ تەواوکردنی دابین کراوە**

**گۆڕین و چارەسەرکردنی بۆڕیی پڕۆژەی ئیفراز سێیە، کە لەلایەن سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بڕیاری لەسەر درا و بڕی نزیکەی ٢١ ملیار دیناریشی بۆ تەرخان کراوە**

بەسەردا دێت، کە سیستمی ئاوەڕۆی ئاوی باران و ئاوی قورسی ماڵان لێك جیا دەکاتەوە.

*** پایتەختی هەرێمی کوردستان و شارە گەورەکانی دیکەی هەرێم وەك سلێمانی و دهۆکیش بە شێوەیەکی زۆر خێرا بەرفرەوان دەبن، ئایا بۆ کۆنترۆڵکردن و دابینکردنی ئاوی خواردنەوە بۆیان چ بەرنامە و پلانتان هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە، بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری بگەینیتە هەر شوێنێك و کارەکان ئەنجام درێت، بەتایبەت بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە، کە یەکێکە لە خزمەتگوزارییە سەرەکی و گرنگ و پێویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵك، ئەوا دەبێت



بەرنامە و پلانت هەبێت، پلانەکانی پڕۆژەی ئاویش لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاو و ئاوەڕۆ، بە سەر دوو تەوەر دابەش کراون، یەکەم پلانی پڕۆژەکان: ئەوە پلانی کورتخایەنە. دووەم پلان: پلانی درێژخایەنە کە بۆ پڕۆژە گەورە و ستراتیژییەکانە و، لە پڕۆژە ستراتیژییەکاندا لە سێکتەری ئاودا ئێستا ١١ پڕۆژەمان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، کە بۆ ئەو پڕۆژە ستراتیژییانە داوای بودجەمان کردووە، هەر کاتێك بودجەیان بۆ دابین کرا، ئەوە بە پێی پێویستی دەست بە ئەنجامدانیان دەکرێت، ئەوەی پەیوەست بێت بە پڕۆژەکانی ئاوەوە، ئەوا وەك ستراتیژییەت لەلایەن حکومەت و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ئاو و ئاوەڕۆوە بە تەواوی کار لەسەر ئەوە دەکەین کە سەرچاوەکانمان بگۆڕین لە سوودوەرگرتن لە ئاوی ژێر زەوی بۆ سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی، هاوکات ئێستا ١٦ پڕۆژەی ئاوەڕۆش لە پلانی ستراتیژیمان بۆ هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتی بۆ ئەو شوێن و شارانەی کە ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە سەر ڕووبارەکان، یان بە هۆی گەورەیی و بەرفراوانییانەوە ئاوی زۆری ئاوەڕۆیان هەیە، کە وادەکات هەم ژێرخان و هەم سەرخانی ژینگەیی پیس بکات. هەروەها لە پلانی کورتخایەندا زیاتر لە ٣٥٠ پڕۆژەمان لە بەرنامە و پلاندا هەیە، کە ئەو پڕۆژانە بەردەوام پێویستیان بەوە هەیە کاریان لەسەر بکرێت و ئەبدەیت بکرێنەوە، بەتایبەت بۆ ئەو شوێن و گەڕەکانەی کە تازە ئاوەدان دەکرێنەوە، یان ئەو شوێن وگەڕەکانەی کە لە جۆری ستوونین لە بری ئاسوویی، کە دەبێت تۆڕی ئاوی خواردنەوەکان بەهێزتر و گەورەتر و بەرفراوانتر و ئەبدەیت بکرێنەوە، تاوەکو بتوانرێت ئەو خزمەتگوزارییانە بە پێی پێویست بۆیان دابین بکرێت، کە لە ڕاستیدا ئەو گەڕەکە تازە و ئەو هەموو یەکە نیشتەجێیانە، بەتایبەتی ئەو ژمارە زۆرەی یەکەی ستوونی لە شارەکاندا، بەتایبەتتر لە شارێکی وەك هەولێر بارێکی زۆر قورسی لەسەر تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە دروست کردووە.

*** ئاوەڕۆکان هاوکارییەکی زۆری کەمکردنەوەی لافاو دەکات، ئایا ئەو پڕۆژانەی هەیە لەلایەنی ئاوەڕۆوە، تاچەند ستراتیژین بۆ کەمکردنەوەی لافاو و، لەو بارەوە چ پڕۆژەیەکتان لە بەرنامەدا هەیە؟**

- لە لایەنی ئاوەڕۆوە دوو شتی کاریگەر و گرنگ هەیە، کە یەکەمیان: تۆڕەکانی ئاوەڕۆیە. دووەم: وێستەگەکانی ڕیسایکلین و پاککردنەوەی ئاوی ئاوەڕۆیەکانە. لە لایەنی وێستگەکانی پاککردنەوەی ئاوەڕۆی ماڵان ١٦ پڕۆژەمان هەیە، کە لە پلانی ستراتیژیدا دانراون، بۆ تۆڕەی ئاوەڕۆکان بە شێوەیەکی بەردەوام و ساڵانە لە پلانی کورتخایەندا دانراون و، بەشێکی زۆریش لە تۆڕی ئاوەڕۆکان لە

**پڕۆژەی چارەسەری ئاوی قورسی شاری هەولێرمان هەیە، کە کۆمپانیای جایکای یابانی بە قەرزی درێژخایەن ئەنجامی دەدات، ئەو پڕۆژەیەش لە قۆناغی تەندەریندایەو پڕۆژەکە بە هەشت قۆناغ جێبەجێ دەکرێت**

پلانی ستراتیژیش دانراون، کە کاریان لەسەر بکرێت، بە تایبەت کەندە سرووشتییەکان کاریان لەسەر کراوە، کە بە دیزاینی گونجاو و زانستی ئاوەڕۆیان بۆ بکرێت و بە گشتی ئەو کەندە سرووشتییانەی هەیە، کەوتوونەتە ناو بەرفراوانیی شار و دوروبەری شار، یان نزیك شارەکان، کاریان بۆ بکرێت، مەرج نییە بە شێوەی ئاوەڕۆ بێت، بەڵکو بەشێوەی چەنەڵی کراوە کاریان لەسەر بکرێت، تاوەکو نەبێتە هۆی کۆبوونەوەی ئاو و ڕوودانی لافاو، یان کەمکردنەوەی کاریگەریی ئاوەکانیان لەسەر دروستبوونی لافاو لە شارەکاندا. لەلایەکی دیکەوە تۆڕی ئاوەڕۆکانی ناو گەڕەك و ماڵان بەردەوام کاریان لەسەر دەکرێت بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی هەیانبێت، یان لە هەر گەڕەك و شوێنێکی ئاوەدانی و نیشتەجێبووندا پێش ئەوەی کارکردن لە شەقام و کۆڵانەکان بکرێت، ئەوە لە لایان بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی شارەکان و شارەوانییەوە تۆڕی ئاوەڕۆیان بە شێوەی پێویست بۆ جێبەجێ دەکرێت.

*** ئایا پێش هاتنی وەرزی زستان و بارانبارین، هەڵمەتی پاککردنەوەی ئاوەڕۆ و چەمبەر و کەندەکان ئەنجام دەدرێت، چونکە بە هۆی زۆر هۆکار و پابەندنەبوونی هاووڵاتی بۆ پاراستنی تۆڕەکانی ئاوەڕۆ، زبڵ و خاشاکیان تێدا کۆ دەبێتەوە؟**

- ئەمساڵ لە دوای فەرمانی جەنابی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان، هەڵمەتێکی سەرتاسەری لە هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پاککردنەوەی ئاوەڕۆکان بە هەماهەنگی لە نێوان بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆیەکان و، بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیی شارەکان لە سنوورەکانی خۆیان بۆ ماوەی چوار هەفتەیە دەستیان پێ کردووە، ئەو هەڵمەتەش لەو کاتەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێش بارانبارین ئاوەڕۆ و تۆڕەکانیان لە زبڵ و خاشاك پاك بکرێتەوە، و ئەو هەڵمەتە بەردەوام دەبێت جگە لە تۆڕەکانی ئاوەڕۆ، چەمبەر و وەرگری ئاوەڕۆیەکانیش هەر کەموکوورییەکیان هەبێت، چارەسەر دەکرێن، بۆ ئەوەی ئاوەڕۆیەکان بە بێ کێشە کار بکەن و نەبنە هۆکاری کۆبوونەوەی ئاو، بەتایبەت بۆ ڕزگاربوون لە ئاوەی بارانبارین. لە ڕێگای ئەو کار و هەڵمەتانەی بۆ پاککردنەوە و چارەسەری کێشە و گرفتی تۆڕەکانی ئاوەڕۆوە دەتوانین خۆمان بپارێزین و نەهێلین لافاو دروست بێت، لەلایەکی دیکەوە ئەو هەڵمەتی پاککردنەوەیە کەند و کەناڵەکانی ئاویش دەگرێتەوە، بەتایبەت ئەوانەی نزیکن لە شار و شارۆچکەکان، تاوەکو ڕووبەڕووی لافاو نەبینەوە، یان کاریگەریی زیادبوونی ئاو ئەگەر دروستیش ببێت، کەمتر بێت.

*** لە کابینەی نۆیەمدا داهاتی ئاو تا چەند زیادی کردووە و لەمەودوا ڕێنمایی و میکانزمی کۆکردنەوەی پارەی ئاوی ماڵان چۆن دەبێت؟**

- پارەی ئاوی ماڵان بەپێی ڕێنمایی ژمارە(١)ساڵی ٢٠١٨ و هەمواری ڕێنماییەکە کە لە ساڵی ٢٠٢١ ئەنجام درا، وەرگیراوە، ساڵ لە دوای ساڵ داهاتی ئاومان زیادی کردووە، بۆ نموونە لە کاتێکدا بەراوردی داهاتی ساڵی ٢٠٢١ بە ساڵی ٢٠٢٠بکەین ئەوە داهاتەکە ١٠٪ زیادی کردوە و، ساڵی ٢٠٢١ داهاتی تەواوی سێکتەری ئاو لە ٤٢ ملیار زیاتر بووە و، ئەمساڵ ٢٠٢٢ تا مانگی ٨ داهاتی ئاو بەگشتی ٣٨ ملیار دینار بووە و، تا کۆتایی ساڵ پێشبینیی ئێمە ئەوەیە کە داهاتەکە دەگاتە (٥٠تا٥٤) ملیار دینار، بەم جۆرەش داهاتی ئاو ٢٥٪ تا ٢٦٪ لە چاو ساڵی ڕابردوو زیاد دەکات، ئەمەش لە ئەنجامی پەرەپێدانی باشتر و گونجاوترکردنی ئەو میکانزمەیە کە بۆ وەرگرتنی پارەی ئاوی ماڵان پەیڕەو کراوە. لەلایەکی دیکەوە زیادبوونی داهاتەکە لە ئەمساڵدا بۆ قەرزی پێشوو دەگەڕێتەوەکە ١٥٪یش خۆشبوونی بۆ هاووڵاتیان لەخۆ گرتبوو، بەڵام لە٢٠٢٢/٩/٢١ ئەو لێخۆشبوونە کە ١٥٪بوو نەماوە، لەلایەکی دیکەوە ئەو هاووڵاتیانەی لە ماڵەکانیان پێوەری ئاویان نەبەستووە تا ٢٠٢٢/١٢/٢٠ ماوەیان لەپێشە کە پێوەرێك ببەستن، لەو کاتەدا ئەو هەشتا هەزاری کە بۆ هەر ماڵێك لە ناو شار دانرابوو بۆ هەر مانگێك لەو مانگانەی کە قەرزارن دەبێتە ٢٠ هەزار و، لە قەزا و ناحیەکانیش دەبێتە ١٠ هەزار دینار، چونکە لێخۆشبوونی ٧٥٪ دەیانگرێتەوە.

**لە پلانی کورتخایەندا زیاتر لە ٣٥٠ پڕۆژەمان لە بەرنامە و پلاندا هەیە، کە ئەو پڕۆژانە بەردەوام پێویستیان بەوە هەیە کاریان لەسەر بکرێت و ئەبدەیت بکرێنەوە**

**ئەو ژمارە زۆرەی یەکەی ستوونی لە شارەکاندا، بەتایبەتتر لە شارێکی وەک هەولێر بارێکی زۆر قورسی لەسەر تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە دروست کردووە**

**ئەمساڵ ٢٠٢٢ تا مانگی ٨ داهاتی ئاو بەگشتی ٣٨ ملیار دینار بووە و، تا کۆتایی ساڵ پێشبینیی ئێمە ئەوەیە کە داهاتەکە دەگاتە (٥٠تا٥٤) ملیار دینار**

**داهاتی ئاو ٢٥٪ تا ٢٦٪ لە چاو ساڵی ڕابردوو زیاد دەکات، ئەمەش لە ئەنجامی پەرەپێدانی باشتر و گونجاوترکردنی ئەو میکانزمەیە کە بۆ وەرگرتنی پارەی ئاوی ماڵان پەیڕەو کراوە**

## د. کاوه عەبدولکەریم عەلی

سەرۆکی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ بۆ گوڵان:

# دروستکردنی سایلۆ هۆکارێکە بۆ هاندان و بەردەوامیی جووتیاران و دڵنیابوون لە چاندنی دانەوێڵە

**لە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ بایەخدان بە پەرەپێدانی بوارە گرنگەکانی وەك پیشەسازی و بازرگانی و چاکسازی لە بواری دارایی و کارگێڕی، کەرتی کشتوکاڵیش گرنگییەکی گەورە و جددی پێ دراوە و لەم ڕووەوە چەندین هەنگاوی گرنگ هەڵگیراون، قسەکردن و تاوتوێکردنی ئەم هەنگاوانە بوونە تەوەری دیداری گۆڤاری گوڵان لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر کاوە عەبدولکەریم عەلی سەرۆکی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ و ڕاگری کۆلێژی زانستە ئەندازیاریەکانی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەدین.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین تێڕوانینی ئێوە لە بارەی ڕەوشی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە لە پرسی بەرهەمهێنانی گەنمەوە دەست پێ بکەین، ئەوا دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو گەنمەی ئەو ساڵ بەرهەم هات لە زۆربەی دەڤەرەکان بە ئاوی ژێر زەوی ئاو دراون، بەڵام لە هەولێر بەرەو سەرەوە گەنم ئاوی کەمتر پێویستە، بۆیە ئەو شوێنانە بە ئاوی باران تێر بوون و بەرهەمهاتن. دواتر ئەوی پەیوەست بێت بە وشکەساڵییەوە، ئەوا دەکرێت کۆمەڵێك کێشەی لێ بکەوێتەوە، یەکەم: کەمبوونەوەی داهات. دووەم: ڕێژەی زەوییە کشتوکاڵییەکان دەخاتە مەترسی، واتە ئەو زەوییانەی دەکرێتە تەماتە و خیار و جۆرەکانی دیکەی سەوزە و میوە بەرە بەرە کەمتر دەبێتەوە. سێیەم: ئاوی ژێر زەوی زۆر دادەبەزێت، وەك ئەوەی گوێبیستی بووین کە لێدانی بیر تا ٧٠٠مەتر ڕۆیشتووە، ئەمەش ئەوە دەردەخات وشکەساڵی کاریگەریی زۆری لەسەر ئاوی ژێر زەوی دەبێت، بەڵکو لەمەودوا تووشی کەمئاوییش دەبین، هەر بۆیە پێویستە لەمەودوا

وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئاودانی بێستان و باخ و ...هتد، ئامێری زیرەکی ئاودان بەکار بێنێت کە ئێستا دوو، سێ پڕۆژە هەیە کە یەکێکیان لەلای ئێمە لە کۆلێژی کشتوکاڵ ئەو ئامێرە بەکاردێت، کە ئەویش ئامێری ئاودانی زیرەکە، کە بۆڕییەکانی ئاودان لە ژێر زەوی دادەنرێن و ڕەگەکان چەند ئاویان پێویست بێت، ئەوەندە ئاویان بۆ دەچێت. توێژینەوەکان دەریانخستووە ئامێری زیرەکی ئاودان ڕێژەی ٧٥٪ی ئاو لە ئاودانەکان کەم دەکاتەوە، بۆ نموونە لە کاتێکدا جووتیار ١٠٠ لیتر ئاو بەکار بێنێت ئەوە بەو ئامێرە زیرەکە تەنیا پێویستی بە ٢٥ لیتر ئاو دەبێت. کەواتە دەکرێت وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵی ئەم کارانە ئەنجام بدات، یەکەم: کەمکردنەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. دووەم: بە بازاڕکردنی بەرهەمەکان. سێیەم: کردنەوەی دەرگا بۆ ئەو توێژینەوانەی کە ڕێژەی بەکارهێنانی ئاو کەم دەکاتەوە. چوارەم: دروستکردنی پۆنت و بەنداوی بچووك بۆ گلدانەوەی ئاوی باران و زیاتر دروستکردنی بەنداوی مامناوەند و ستراتیژی کە ئەمانە دەبنە هۆکاری ئەوەی ئاوی سەر زەوی بەفیڕۆ نەچێت و ئاوی ژێر زەوییش ئاستەکەی بەرز ببێتەوە و باری کشتوکاڵی باشتر ببووژێتەوە.

*** تاچەند دروستکردنی سایلۆ و ناوچەی پیشەسازیی خۆراك گرنگە و لەمبارەوە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- لە ڕاستیدا دروستکردنی سایلۆ و ناوچە پیشەسازییەکان گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە ئەمانە هۆکارێکن بۆ هاندان و بەردەوامیی جووتیارانمان و دڵنیابوون لە چاندنی دانەوێڵە، بەتایبەتی گەنم، لەبەر ئەوەی دڵنیا دەبنەوە لە وەرگرتنی بەرهەمەکانیان و لە بەدەستهێنانی قازانج. بێگومان ئەو ناوچە پیشەسازییانەش کە ئێستا لە شارەکانی هەرێم دروست کراون، یان دروست دەکرێن، بە بازاڕکردنە بۆ بەروبوومە کشتوکاڵییەکان و کەرتی کشتوکاڵی دڵنیا دەکاتەوە کە هەموو بەروبوومە کشتوکاڵیەکان قازانجیان مسۆگەرە. بەڵام ئەوەی مەترسی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ دروست دەکات، بەرفراوانبوونی شارەکانە و ئەو گەورەبوونە ئەگەر لەسەر حیسابی زەویی کشتوکاڵی بێت، کارێکی نارەوایە و تێڕوانینی ئێمە وایە زەوییە کشتوکاڵییەکان لەو جۆرە یەکانەی نیشتەجێبوون زۆر گرنگترن. هەر بۆ نموونە دەتوانرا لە ساڵی ٢٠٠٠دا دەشتی کەسنەزان زۆربەی پێداویستیی گەنمی شاری هەولێر و چەندین جێگای دیکەش دابین بکات. بەڵام ئەوەتا هیچ یەکێك لەو زەوییە کشتوکاڵییانەی ئەو سنوورە نەماون و هەر هەمووی بووەتە گەڕەك و یەکەی نیشتەجێبوون، هاوکات ئەو هەموو زەوییە کشتوکاڵییانەی بوونەتە مەزرەعە و سیم کراون ئەوە گەورەترین خەسارەتە لە کەرتی کشتوکاڵ دەدرێت.



*** ئایا چۆن دەتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی ڕووبەڕووی وشکەساڵی ببینەوە، بەتایبەتی وەزارەتی کشتوکاڵ چ کارو بەرنامەیەکی بۆ ئەو مەبەستە هەیە؟**

- یەکەم هەنگاو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کێشەیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستییە کە ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگیی نێوان وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە. بۆ نموونە چاندنی گەنم و جۆ لە ساڵانی ١٩٨٠ لە مانگی ١٠ دەستی بە چاندن دەکرد، ئەگەرچی لە ساڵانی ٢٠٠٠دا تۆوکردن و چاندنی گەنم بووە مانگی ١١ و ئێمە توێژینەوەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە کرد کە چاندنمان کرد لە ١١/١٥ و ١١/٣٠، ١٢/١٥ و ١٢/٣٠ و ١/١٥، بەڵام ئەو گەنمەمان کە لە ١/١٥ چاندبوو لە دەشتی بەرانەتی و گەردییەکان ئەو گەنمە نەدوورایەوە، چونکە درەنگ چاندرابوو، بەڵام کاتەکانی دیکە توانرا گەنمەکان

بدوورینـەوە، واتـە دواکەوتنـی چانـدن دەتوانرێـت تـا ١٢/٣٠ش بکرێـت و ئـەو جـۆرە توێژینەوانـە پێویسـتە زیاتـر گرنگییـان پـێ بدرێـت. هەروەهـا پێویسـتە ئـاودان بـە شـێوەی پرژانـدن ئەنجـام بدرێـت، کـە بـەو شـێوە ئاودانـە گەنمەکـە پێدەگات و هۆکاریکیـش دەبێـت بـۆ پاراسـتنی ئـاوی سـەر زەوی و ژێـر زەوی. هەروەهـا وەك پێشـتر ئاماژەمـان پـێ دا، دروسـتکردنی پۆنتـی بچـووك بچـووك کـە زۆربـەی شـوێن و هەڵکەوتەکانـی زەویـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ ئـەو مەبەسـتە گونجـاون و دەتوانرێـت ئـاوی بارانباریـن تێیانـدا کۆبکرێتـەوە، ئـەو پۆنتانـە پێویسـتی بـە بودجـە و پـارەی زۆریـش نییـە، نـەك هـەر تەنیـا جووتیـاران سـوودی لـێ وەردەگـرن، بەڵکـو ئاسـتی ئـاوی ژێـر زەوییـش بـەرز دەبێتـەوە. لەلایەکـی دیکـەوە بەکارهێنانـی ئـاوی ژێـر زەوی بـەو ڕێـژەی کـە چەندیـن سـاڵە بەکاردەهێنرێـت مەترسـییەکی زۆری دروسـت کـردووە.

*** پێشـبینیتان بـۆ وەرزی ئەمسـاڵی کشـتوکاڵ چییـە؟**

- بێگومـان ئـەو جووتیـارەی کـە زەوی هەیـە ئـەوە تـۆوی خـۆی هـەر دەکات، بـەڵام یـەك شـت هەیـە کـە پێویسـتە جووتیـار چاوەڕوانـی ١٥و٣٠/ ١٠ و مانگـی ١١ بـکات کـە بزانێـت بـاران دەبارێـت، ئینجـا دەسـت بـە چاندنـی گەنمەکـەی بـکات و بـە گوێـرەی بـاران و پێویسـتیی ئـاو بـۆ چانـدن دەتوانیـن هەولێـر بکەینـە چەنـد بەشـێك لـەو بەشـانەی کـە مەترسـیی بـاران نەبارینـی تێدایـە، وەك دەشـتی قەرەچنـاخ و خوارتـر لـە هەولێـر، لـەو بەریـش لـە چاڵـوك و خوارتـری و دەشـتی قەرەچوغیـش ئـەوە جووتیـارەکان هەتـا مانگـی ١١ش ڕادەوەسـتن، بـەڵام تـۆوی خۆیـان هـەر دەکـەن. لـەو دەشـتانە و بـە گشـتی گەنـم ٣٠٠ ملـم بارانبارینـی پێویسـتە، هـاوکات دەبێـت وەزارەتـی کشـتوکاڵ و جووتیارانیـش ئـەو جـۆرە گەنمانـە بچێنـن کـە ئاویـان کەمتـر پێویسـتە، وەك ئـەوەی لـە کاتـی خـۆی ئێمـە توێژینەوەمـان کـرد و گەنمـی «ڕزگاری و ئاراز»مـان تاقـی کـردەوە کـە لـە گەنمـی ئەبوغرێب و بەکرەجۆ و جۆرەکانـی دیکـە باشـتر بـوو، ئاویشـیان کەمتـر پێویسـتە.

*** ئایـا هـاوکاری و هەماهەنگیـی ئێـوە وەك سـەندیکا لەگـەڵ جووتیـاران چۆنـە و داواکاریتـان لـە حکومەتـی هەرێـم چییـە کـە بـۆ جووتیـارن بیکـەن؟**

- ئێمـە چ وەك سـەندیکا و چ وەك کۆلێـژی زانسـتە ئەندازیارییـە کشـتوکاڵییەکان دەرگامـان واڵایـە بـۆ هەمـوو جووتیارانـی کوردسـتان و هـەر ڕاوبۆچوون و پرس و توێژینەوەیەکیان بە ئێمە بێت بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی و بەرهەمەکانیان پاڵپشـتی و یارمەتییـان دەدەیـن و هـەر کێشـەو گرفتێـك جووتیـاران لـە کارەکانیـان هەبێـت، ئـەوە ئێمـە دەیکەینـە بەرنامـەی توێژینەوەکانمـان، نـەك تەنیـا لـە بەشـی بەروبوومـی کێڵگەیـی، بەڵکـو لـە بەشـەکانی دیکـەی کۆلێژەکەمـان کـە لـە هەشـت بـەش پێکهاتـووە. بـەڵام هـەروەك ماوەیـەك پێـش ئێسـتا لەگـەڵ جەنابـی وەزیـری کشـتوکاڵ باسـمان کـرد، پێویسـتمان بـە کۆنگرەیەکـی کشـتوکاڵی هەماهەنگـی هەیـە کـە حکومەتـی هەرێم ئەنجامـی بدات. وەك دەزانیـن لـە هەرێمـی کوردسـتان کێشـەی بەرهەممـان نییـە، بەڵکـو کێشـەی گەورەی هەرێمـی کوردسـتان ساغکردنەوە و بەبازاڕکردنـی بەرهەمەکانـە. ئەگەرچـی چاوەڕوان دەکرێـت سـایلۆ و کارگـە و پڕۆژەکانـی بەپیشەسـازیکردنی خـۆراك تەکانێکـی گـەورە بخاتـە بـەردەم بەبازاڕکردنـی بەرهەمـە ناوخۆییەکانمـان. لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانـم چ لەلایـەن حکومـەت و چ وەبەرهێنـەران بـۆ بەرەوپێشـچوونی کەرتـی کشـتوکاڵ کارگـەی قوتووبەنـدی و شـیرەمەنی و جۆرەهـای دیکـە دابمەزرێنـن کـە سـوودێکی زۆری بـۆ خۆیـان و جووتیارانیـش دەبێـت.

*** چەنـد هەفتەیەکـە لەلایـەن حکومەتـی هەرێمـەوە بڕیـار دراوە بـۆ پاڵپشـتی و هاندانـی جووتیـاران قەرزێکـی ( ٥ تـا ١٠٠) ملیـۆن دینـاری بـە جووتیاران بدرێـت. ئایا ئـەو قـەرزە تا چەنـد کاریگـەری لەسـەر بەرەوپێشـچوونی کەرتـی کشـتوکاڵی دەبێـت؟**

- لـە ڕاسـتیدا پێدانـی ئـەو قـەرزە بڕیارێکـی باشـە، هـەر چەنـدە دەبـوو زووتریـش ئـەو قـەرزە بدرایـە و دەرئەنجامێکـی باشـی لـێ دەکەوێتـەوە، ئەگـەر هەماهەنگـی هەبێـت لـە نێـوان وەزارەتـی کشـتوکاڵ و ئـەو بانکانـەی قەرزەکـە دەدەن، بـۆ ئـەوەی بدرێـت بـەو جووتیارانـەی کـە بـە ڕاسـتی بـەکاری دەهێنـن بـۆ زیاترکـردن و باشـترکردنی بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان، قەرزەکـەش بـۆ هەمـوو پێداویسـتییەکی کشـتوکالی بێـت، چ ئامێـر بێـت، یـان ساردکەرەوە، یـان هـەر پێداویسـتییەکی دیکـەی کشـتوکاڵی بێـت، کـە ئـەوە کاریگەرییەکـی زۆر

**توێژینەوەکان دەریانخستووە ئامێری زیرەکی ئاودان ڕێژەی٧٥٪ی ئاو لە ئاودانەکان کەم دەکاتەوە**

**گرنگییەکی جددی و بەرچاو دەدرێت بە کەرتی کشتوکاڵ و ئەم حکومەتە دەستی وەزیری کشتوکاڵی بۆ کار و پڕۆژەکان کراوەتر کردووە**

**ئەوەی مەترسی لەسەر کەرتی کشتوکاڵ دروست دەکات، بەرفراوانبوونی شارەکانە و ئەو گەورەبوونە ئەگەر لەسەر حیسابی زەویی کشتوکاڵی بێت، کارێکی ناڕەوایە**

**ئەو هەموو زەوییە کشتوکاڵییانەی بوونەتە مەزرەعە و سیم کراون ئەوە گەورەترین خەسارەتە لە کەرتی کشتوکاڵ دەدرێت**



باشی لە بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵی دەبێت، هەروەها هەندێ کێڵگەی شووشەیی باش لە هەرێمی کوردستان ئێستا دامەزراوە بەو قەرزە دەتوانرێت ئەو جۆرە کێڵگانە زیاتر و باشتر پێش بکەون و ئەو قەرزە دەبێتە هۆکارێك بۆ زیادبوون و باشترکردنی سامانی ئاژەڵی و پەلەوەری و ماسی و...هتد.

*** بەکارهێنانی پەینی کیمیایی دەرمانە قڕکەرەکان تا چەند پێویستە و ڕێژەیان دەبێت چەند بێت؟**

- پەینە کیمیاییەکان بۆ گەشەکردن و بەهێزبوونی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان پێویستە، بەڵام ئەویش بەپێی ڕێژە زانستییەکان و ئەو ڕێنماییانەی لەلایەن پسپۆڕانی بواری کشتوکاڵی ڕەچاو دەکرێت، هاوکات دەرمانە قڕکەرەکان زۆر پێویستە، بەڵام ئەویش دەبێت بە ژیری و زیرەکی لە سنووری خۆی جووتیار بەکاری بێنێت، چونکە لە خۆی زیاتر بەکارهێنانیان زیانی زیاترە لە سوودەکەی.

*** ئایا ڕۆڵی پزیشکی ڤێتێرنەری چەند گرنگ و کاریگەرە لەسەر بەرەوپێشچوونی کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و سامانی پەلەوەری؟**

- ئەندازیاری کشتوکاڵی ئیدارەی پڕۆژە کشتوکاڵییەکان دەکەن بە تایبەتی پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵی، بەڵام پزیشکە ڤێتێرنەرییەکان کار لەسەر پاراستنی تەندروستیی ئاژەڵەکان دەکەن، هەر بۆیە پزیشکە ڤێتێرنەرییەکان کارێکی گران و باش دەکەن بۆ پاراستنی گیانی ئاژەڵەکان بۆ ئەوەی بەرهەمێکی باش و تەندروستیان هەبێت.

*** ئایا بە دیاریکراوی هەوڵەکانی حکومەت لە بواری گرنگیدان بە کەرتی کشتوکاڵ چۆن دەبینن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە گرنگییەکی جددی و بەرچاو دەدرێت بە کەرتی کشتوکاڵ و ئەم حکومەتە دەستی وەزیری کشتوکاڵی بۆ کار و پڕۆژەکان کراوەتر کردووە، لەوانە پێدانی قەرزی کشتوکاڵی و پێدان و دابینکردنی ئامێر و پێداویستیی کشتوکاڵی بۆ جووتیاران و دۆزینەوەی زیاتر لە ٥ هەزار هەلی کار بۆ ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان لە کەرتی تایبەت. هەروەها هەوڵ هەیە هەلی کارەکە بگاتە ١٠ دەرفەت کە هەموو ئەمانە هاندان و پاڵپشتیی کابینەی نۆیەمە بۆ گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستاندا.

**کاتی خۆی ئێمە توێژینەوەمان کرد و گەنمی «ڕزگاری و ئاراز»مان تاقی کردەوە کە لە گەنمی ئەبوغرێب و بەکرەجۆ و جۆرەکانی دیکە باشتر بوو، ئاویشیان کەمتر پێویستە**

**لە هەرێمی کوردستان کێشەی بەرهەممان نییە، بەڵکو کێشەی گەورەی هەرێمی کوردستان ساغکردنەوە و بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانە**

# پەیوەندیی دراوسێ لە ڕابردوودا

ئەركی جیرانەتی ئەوەندە گەورەیە پێغەمبەری سەروەرمان دەفەرمویێت: (مَن كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليُكْرِمْ جاره) واتە: ئەوەی بڕوای بە (الله) جل جلاله و ڕۆژی دوایی (قیامەت) هەبێ، با ڕێز لە دراوسێیەكەی بگرێت .
لە فەرمودەیەكی دی پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ: (خَيْرُ الأَصحاب عِنْدَ اللَّهِ تَعَالَى خَيْرُهُمْ لصاحِبِهِ، وخَيْرُ الجِيرَانِ عِنْدَ اللَّهِ تَعَالَى خيْرُهُمْ لجارِهِ) رواه الترمذي.
واتە: باشترین هاوڕێ لە لای خودای گەورە، ئەو هاوڕێیەیە كە بۆ هاوڕێكەی باشە، هەروەها باشترین جیران ئەو جیرانەیە كە بۆ جیرانەكەی باش بێت.
جارێكیان پێغەمبەر (د.خ) لە ناو هاوەڵانیدا بوو، فەرمووی: ئەگەر ئەم جارە فریشتە جوبرائیل (خ.ل ) بێتەوە لام و باسی مافی دراوسێ بكات، ئەوە باسی میراتگرتن لە یەكتری دەكات، مەبەستی لەوەدا بوو.
دەگێڕنەوە ماڵێكی دەوڵەمەند دراوسێیەكی هەژاریان هەبوو، بەردەوام ماڵە هەژارەكە داوای پێداویستیی ڕۆژانە و هاوكاری لە دراوسێیە دەوڵەمەندەكەی دەكرد. ڕۆژێكیان ژنی دەوڵەمەندەكە بە منداڵەكەی گوت: بڕۆ لە ماڵی دراوسێیەكەمان هەندێك خوێ بە قەرز بێنە، منداڵەكە لە دایكی پرسی و وتی: دایە خۆ ئێمە خوێمان زۆرە. دایكی وتی: ڕۆڵە وس بە، با دراوسێ هەژارەكەم هەست بە نەقسی نەكات. ئەمە ڕەوشتە جوانەكانی پێشینانمان بووە».

**لە ڕابردوودا پەیوەندیی نێوان دراوسێكان بە هاوسەنگی و هاوكاری و یەكدەنگی و دۆستایەتی بنیات نرابوو**

لە ڕابردوودا پەیوەندیی نێوان دراوسێكان بە هاوسەنگی و هاوكاری و یەكدەنگی و دۆستایەتی بنیات نرابوو، دراوسێ ببوون بە خۆشەویست و دڵسۆزی یەكتر، ژیانی دراوسێ دوور بوو لەو كێشە و ئاڵۆزییانەی كە ئەمڕۆ دراوسێ بۆ یەكتری دروست دەكەن. لە ڕابردوودا پەیوەندیی نێوان دراوسێ لەسەر بنەمای برایەتی و یارمەتی و تەبایی و هاریكاری یەكدی ڕێكخرا بوو، تا ئەم دواییانە دراوسێ لە هەموو ئەو بۆنە و ڕووداوانەی كە ڕۆژانە دراوسێكانی پێیدا تێدەپەڕین، ئامادەیی دەبوو. لە نێوان دراوسێدا هاوڕێیەتیەكی نزیك و درێژخایەن بەرپا ببوو، ئەو داب و نەریتە ڕەسەنانەی كە دراوسێ لەسەری پەروەردە بوون، وای كردووە لە كاتی شادی و دڵتەنگیدا لە تەنیشتی بوەستێت. گرنگترینیان بە چەند خاڵ دەستنیشان دەكەین:

**لە ڕابردوودا پەیوەندیی نێوان دراوسێ لەسەر بنەمای برایەتی و یارمەتی و تەبایی و هاریكاری یەكدی ڕێكخرا بوو**

١- لە ڕابردوودا كاتێك دراوسێیەك لەماڵ دەردەچوون بۆ گەشتێك، یان بۆ كارێك و هەر شوێنێك، تا دەگەڕانەوە منداڵەكانیان بە دراوسێكەیان دەسپارد، بە دڵنیایی تەواوەوە ئەو كارەیان دەكرد، كە دراوسێكەیان بێهیوایان ناكات، كە بە باشترین شێوە چاودێری دەكات. دراوسێكەی ئاگاداری منداڵەكانی دەبوو، وەك ئەوەی منداڵی خۆی بن، كە دایكیان ئاگاداریان بووە.
٢- لە ڕابردوودا ئەگەر یەكێك لە دراوسێكان نەخۆش بوایە، هەمووان پەلەیان دەكرد بۆ سەردانیكردنی و ماڵەكەیان بۆ پاك دەكردەوە خواردنیان بۆ ئامادە دەكرد .
٣- ئەگەر دایكێك نەتوانێت شیر بە زارۆكی بدات، ئەوا دراوسێكەی دیكەی بۆ چەند ڕۆژێك ئاگاداری شیرپێدانی دەبوو. لێرەوە برایەتی سەری هەڵدا، بۆیە زۆر جار گوێمان لە هەندێك كەس دەبێت، كە برای شیرین.
٤- باوك و باپیران، كاتێك منداڵبوون، بۆ ئێمەیان دەگێڕایەوە كە چۆن دراوسێ لە ڕابردوو لە نێوان خۆیاندا خواردنیان بۆ یەكتر دەبرد. ئەم وێنە جوانە تا ئێستاش لە یادی گەورەكاندا ماوە، سەرەڕای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، ئەوە هەر داب و نەریتی دراوسێكان بووە.
٥- دراوسێكان لە شەوانی هاویندا لە بەردەم یەكێك لە ماڵەكان كۆدەبوونەوە، پێكەوە گفتوگۆی دۆستانە و باسی هەواڵی گەڕەك و خۆشییەكانیان دەكرد، لە شەوانی زستانیشدا میوانی یەكتر دەبوون و بە دەم خواردنی شەوچەرەوە قە سەی خۆشیان دەكرد.
٦- ئەگەر دراوسێیەك بە شەقامەكەدا تێپەڕبووایە و بینیبای دەرگای دراوسێكەی كراوەیە، یەكسەر دەرگاكەی دادەخست، بۆ ئەوەی پیرۆزیی ماڵی دراوسێكەی پارێزراو بێت.
٧- ئەگەر یەكێك لە دراوسێكان گەشتیكی كردبایە، ماڵئاوایی لە دراوسێكانی دەكرد، كە لە گەشتەكەی دەگەڕایەوە، هەمووان دەهاتن بە خێرهاتنەویان دەكرد كە بە سەلامەتی گەڕاوەتەوە. كە دراوسێیەك گەشتی كردبا، داوای لە دراوسێكانی دەكرد كە ئاگاداری ماڵ و خێزان و منداڵەكانی بن تا ئەو دەگەڕایەوە.
٨- قەرزكردنی هەندێك پێداویستیی چێشتخانە بە شێوەیەكی بەرفراوان لەناو دراوسێكاندا باو بوو، كاتێك



## مامۆستا عەزیز جەبار مەنتک

**بەرپرسی ناوچەی بنەسڵاوەی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان**

خێزانێك نەیاندەتوانی هەموو پێداویستییەکانی ناوماڵیان دابین بکەن، دراوسێ لە یەکتریان وەردگرت .

٩- ئەگەر دراوسێ لە ماڵی خۆیدا نانی تەواوبوایە، لە دراوسێکەی هەندێك نانی وەردەگرت، دواتر دوای نانکردن بۆیان دەگەڕاندەوە.

١٠- دراوسێکان وەك ئەوە دەژیان کە یەك خێزان بن و هەموو شتێکیان بە یەکەوە بەش کردبێت، بۆیە دراوسێ لەو سەوزە و میوەی کە دەیچاند، یان لەو ئاژەڵانەی کە بەخێوی دەکرد، لە شیر و پەنیر و لەبری پێی بفرۆشێت، بە دیاری بۆی دەنارد .

١١- ئەگەر دراوسێکە پێویستی بە بڕێك یارمەتی بوایە، سەرەتا دەچووە لای دراوسێکەی، پێش ئەوەی بچێتە لای کەسوکار و هاوڕێکانی.

١٢- ئەگەر دراوسێیەك شتێك بۆ منداڵەکانی لە فرۆشیارانی سەر شەقام بکڕیبا، بۆ منداڵەکانی دراوسێشی دەکڕی، چونکە ئەوان وەك منداڵەکانی خۆی سەیری دەکرد.

١٣-کاتێك خانووی یەکێك لە دراوسێکان بچووك بوایە، ئەوە ماڵەکانیان دەکردەوە بۆ ئەوەی ئاهەنگی هاوسەرگیری تێدا ئەنجام بدەن، خەڵکی ماڵەکەش زۆر دڵخۆش دەبوون، ئەگەر خۆشییەکە لەگەڵیان لە ماڵەکەدا ئەنجام درابا.

١٤- ئەگەر یەکێك لە دراوسێکان شتێکی نەخوازراوی لێ ڕووی بدابایە، دراوسێ یەکەم کەس بوو بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری، چونکە نزیکترین کەسی بووە.

١٥- جاران دراوسێ وەك باوك و برا و سەرپەرشتیار وا بوون. ئامۆژگارییەکانیان دەبیسترا و جێگای ڕێز و پێزانین بوون. کە گەنج بووین، گوێمان لە قسەی باوك و دایکمان دەگرت، کە چۆن وەسفی دراوسێکانیان دەکرد، بە شێوەیەك وامان لێ دەهات کە دراوسێکە بەشێکی گرنگی ژیانمان بێت، وەك ئەوەی خزم و کەسوکاری ئێمە بن.

١٦- جاران دراوسێکان یەکدەست و بنەماڵەیەکی بە یەکەوە گرێدراو بوون، کوڕەکانیش لە نێو دراوسێکانیاندا پەروەردە دەکران، کاتێك لە ماڵەوە دەچوونە دەرەوە چاودێرییان دەکرد و، لێپرسینەوەیان لە هەڵەکانیان دەکرد، هەروەك چۆن لێپرسینەوەیان لە کوڕ و کچەکانی خۆیان دەکرد. بە بێ ئەوەی هیچ ناڕەزایەتییەك لە لایەن دراوسێوە دەر ببڕێت. هەروەها پەروەردەی دراوسێیی بەهای خۆی لە دەست نەدەدا، بە گواستنەوەی ماڵ، یان مردن.

١٧- دراوسێکان لە کۆندا لە سەختی و نەبوونی دەژیان، بەڵام یەکتریان لەبیر نەدەکرد، بە ئارامی و ئاسوودەی پێکەوە دەژیان و بە دوای خۆشەویستی و چاکەدا بۆ یەکتردا دەگەڕان.

١٨-ئەگەر دراوسێ خەمبار بوایە، هەڵگری خەمەکەی دەبوون، ئەگەریش دڵخۆش بوایە، لەگەڵیدا شاد دەبوون.

١٩- ئەگەر دراوسێ داوای یارمەتی دەکرد، یارمەتییان دەدا، لە ڕق و قینە و دوژمنایەتی و ناتەبایی یەکتر و ئازاردانی دراوسێ دوور دەکەوتنەوە.

٢٠- دراوسێکان ڕەچاوی هەستی یەکتریان دەکرد، بۆیە مەحاڵ بوو شادییەك بکرێت لە تەنیشت ماڵێك کە پرسە و سەرەخۆشی تێدا بێت، دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە بنەماڵەی کۆچکردوو، خۆشییەکەیان بە ڕەزامەندیی دراوسێ دەردەبڕی.

٢١- ئەگەر کێشە لە نێوان دراوسێکاندا دروست بوایە، بە هۆی ناکۆکیی نێوان منداڵانەوە، پیاوەکانی گەڕەك بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کێشەکە ئاشتەواییان دەکرد.

٢٢- ئەگەر کوڕێك بیویستبایە هاوسەرگیری بکات، پرسیاری لە خزمانی هاوسەرەکەی و لە دراوسێکانی دەربارەی ئەو دەکرد. کاتێك کوڕی دراوسێ هاوسەرگیری دەکرد، پیاوانی دراوسێ بەشدارییان دەکرد لە ڕۆژی هاوسەرگیری و ئاهەنگێگران و هاوکاریی ماددی بۆ هاوسەرگیرییەکە.

٢٣- ئەگەر یەکێك دراوسێی کۆچی دوایی کردبا، هەموویان تووشی خەم و پەژارە دەبوون، دراوسێکانیان بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ناشتن و پرسەکەیدا دەکرد و خواردنیان پێشکەش بە ماڵی کۆچکردوو و میوان و کەسوکاری دەکرد.

٢٤- ئەگەر یەکێك لە دراوسێکان خانووەکەی بفرۆشتبا، سەرەتا دراوسێی ئاگادار دەکردەوە بۆ کڕینی خانووەکەی، ئەگەر دراوسێ نەیویستبا، بە کەسێکی دەفرۆشت کە بۆ دراوسێکانی باش بێت.

**لە ڕابردوودا ئەگەر یەکێك لە دراوسێکان نەخۆش بوایە، هەمووان پەلەیان دەکرد بۆ سەردانیکردنی و ماڵەکەیان بۆ پاك دەکردەوە خواردنیان بۆ ئامادە دەکرد**

**دراوسێکان لە نێوان خۆیاندا خواردنیان بۆ یەکتر دەبرد. ئەم وێنە جوانە تا ئێستاش لە یادی گەورەکاندا ماوە**



دانیە هەوراز:

# لە کۆمپانیاکەمان دەیان ئافرەت لە بواری خانووبەرە کاردەکەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەکەیان بەرەو زیادبوون دەچێت

لە دونیای ئێستادا کە لە قۆناغی پۆست مۆدێرنەداین، دەبینین ئافرەتیش تێکەڵ بە کایەکانی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و.. هتد بوون. ئەوان نموونەی زیندوون لە سەرکەوتوویی و بەرپرسیاریەتی و ئافرەتی سەرکردە و خاوەنکار و بەڕێوەبەر و فەرماندەی هێزی چەکداری وڵاتەکانیانن، ئەوەش سەلمێندراوە ئافرەتیش خاوەن هێز و بڕیارە و هەم دەتوانێ دایك بێت، هەم دەتوانێت بازرگان و سەرکردەش بێت. دەکرێ وەك هێزێکی وەگەڕخەر لە توانای ئافرەت بڕوانرێت و لە سێکتەرەکاندا بەرپرسیارێتی زیاتریان پێ بدرێت، تا ببن بە هەوێنی هێز و متمانە بۆ کچانمان لە ئایندەدا.

وەبەرهێنەرهێنان و کۆمپانیاکانی بیناسازی و لێکەوتەکانی گەشەکردنی خێرای ئەم کەرتە، نەك تەنیا پیاوان، بەڵکو خانمانیشی ڕاپێچی مەیدانی کارکردن لەم بوارەدا کردووە، لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆری ئافرەتان تێکەڵ بە کاری عەقارات بوون و وەك باس دەکرێت لە کارەکانیان زۆر سەرکەوتوون.

دانیە هەوراز بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکان لە کۆمپانیایەکی بەناوبانگی بیناسازی لە دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان تیشك دەخاتە سەر بەشداریی کارای خانمان لەم بوارەدا.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

دانیە هەوراز کەمال بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆییەکان لە کۆمپانیای حاجی سەلام، سەرەتا دەیەوێت کورتەیەك لە کارەکانی کۆمپانیاکەیان باس بکات، بە تایبەت ئەوەندەی پەیوەندی بە کارکردنی ئافرەتان لە کەرتی بیناسازی هەبێت. هەر لەو بارەیەوە وتی: «کۆمپانیاکەمان لە ساڵی ٢٠٠٦ دامەزراوە یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی خانووبەرە لە عێراق و کوردستان، لە سەرەتای دەستپێکردنی لەسەر بنەمای (راستگویی، دەست پاکی، دڵسۆزی) دامەزراوە. مرۆڤ بەرزترین و پیرۆزترین بوونەوەرە لەم سەرزەمینەدا و ئافرەت جگە لەوەی کاراکتەرێکی سەرەکیی پەروەردەکردنی نەوەکانە، لە دێر زەمانیشەوە بەردەوام شان بە شانی پیاو کاری کردووە، تەنانەت لە بواری ئاژەڵداری و کاری قورسی کشتوکاڵ، ئێستاش لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت و ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤ لە بوارەکانی ژیاندا، دیسان ئافرەت نیشانەی بەردەوامی و فراوانکردنی ئازادی و تێگەیشتنە لە ژیان. بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو تەنیا پیاوان لە کەرتی خانووبەرە و بزنێسی بیناسازی کاریان کردووە، بەڵام ئێستا بە هۆی قبوڵکردنی بەشداریی ژنان لەو کەرتەدا تا ڕادەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و بەشداریکردنی پیشەیی ژنانیش لەم بوارەدا زیادی کردووە».

دانیە هەوراز باسی ئەوە دەکات کە لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ کوردستان جۆرێك لە کرانەوەی لە هەموو بوارەکان بە خۆیەوە بینی، یەکێك لە بوارانە کەرتی بیناسازی بوو، لەگەڵ بوونی خواست بۆ شووقە و خانوو. کومپانیاکەمان خول و ترینینگی بۆ کارمەندەکانی (پیاو بێ، یان ئافرەت) کردووەتەوە، لەگەڵ بوونی کۆمپانیای زۆر لەو بوارەدا ئافرەتانیش هاتنە پێشەوە بە هۆی متمانە بەخۆبوونی ئافرەتان توانیویانە لەو بوارەشدا سەرکەوتوو بن.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئامانجی بەشداریپێکردنی خانمان لە کەرتی عەقارات چی بووە؟ دانیە هەوراز وتی: «وەك هەر بوارێکی دی، بازاڕی خانووبەرە پڕە لە تەحەددا، بە تایبەت کە ئاستی کێبڕکێ بەردەوام لە زیادبووندایە. ژنان هەوڵێکی زۆر دەدەن لە پیشەکەیاندا و دەتوانم بڵێم خانمان لە بەشدارییان لە کاری خانووبەرە و بیناسازی ڕچەشکێنی دەکەن، وێڕای ئەوەی پیشەیەکی قورسە و پێویستی بە توانا و کەسایەتییەکی بەهێز هەیە، بەڵام ئافرەتی کورد وەك هەمیشە سڵ لە ماندووبوون و زەحمەتی ناکاتەوە. ئەگەرچی هەندێك تەحەددیات دێتە پێش ئافرەتان کە بریتین لە: «ترس لە شکست، وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە هەر ڕووداوێکی گەورە و ئەو مەترسیانەی کە لەگەڵ ناساندنی چەمکی نوێدا دێتە ئاراوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئاسۆی داهاتووی ئافرەتان ڕوونە بە هۆی ئەو متمانە زۆرەی کە بە خۆیان و بە تواناکانیان هەیە». وتیشی: «لەگەڵ کرانەوەی هەر پرۆژەیەکی خانووبەرە کومپانیاکەمان بەردەوام لقی خۆی دەکاتەوە. بە تەئکید لەو کاتەدا پێویستمان بە وەرگرتنی کارمەندی نوێ دەبێت، بێ جیاوازی بەپێی ئەو مەرجانەی داوا کراون، ئافرەتان و پیاوان وەردەگیرێن، بۆیە ژمارەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵام پێشکەشکردنی CV بەردەوامە و ئافرەتانیش بە هەمان شێوە بەشداری دەکەن».

کاتێك پەیامنێری گۆڤاری گوڵان پرسیاری ئەوەی کرد کە لە بواری بیناسازی خانمانی کورد بە گشتی تا چەند لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا سەرکەوتوو بوون؟

دانیە هەوراز وتی: لە کۆمپانیاکەمان دەبیان ئافرەت لە بواری خانووبەرە کاردەکەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕێژەکەیان بەرەو زیاد بوون دەچێت، هەرچەندە لە هاتنە ناو پیشەی خانووبەرەدا خانمی کورد لە سەرەتای قوناغەکەدان، بەڵام بە هۆی ئەو پێشکەوتنەی لە بواری بیناسازی هەیە، ئافرەتانیش زیاتر بەشداری دەکەن».

سەبارەت بە مەرجی وەرگرتنی خانمانیش لە کۆمپانیاکەیان وتی: «هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان خانمان و پیاواندا لە مەرجی وەرگرتن کە ئەویش بریتییە لە ئەوەی خاوەن بڕوانامەی دبلۆم، یان بەکالیۆرس بن، زانینی زمانەکان و شارەزایی لە کۆمپیوتەر و دەبێت شێوازی قسەکردنی باش بێت.

لە داهاتوودا پلانمان وایە ڕێژەی ئافرەتان بۆ کاری خانوبەرە و عەقارات زیاتر بکەین، چونکە بۆمان دەرکەوتووە ئافرەتان لەم بوارەدا توانایان زۆرە و لە ڕاپەڕاندنی کارەکەیان سەرکەوتوون».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە زۆربوونی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون (شوقە و باڵەخانە لە کوردستان) لە ڕووی ئابوورییەوە چۆن هەڵدەسەنگێنن و ئایا بۆچی نەبووەتە هۆی هەرزانیی نرخی خانوو و کرێی خانوو؟ وتی: «لە ٢٠٠٦ ـەوە ئەم پرسیارە لە نێوەندی ڕۆژنامەوانی و لە ناو خەڵك دەبینین و دەبیستین، کە ئایا هەتا کەی یەکەی نیشتەجێبوون دروست دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیردۆزی ئابووری، هەتا خواست بو شوقە و باڵەخانەکان زورتر بێت، نرخەکەی زیاتر دەبێت و دانابەزێت، ئەویش بە هۆی پێگەی جوگرافیی هەرێمی کوردستان و سەقامگیری و ئارامی و ئاسایش و بوونی دەرفەتی وەبەرهینان، هەروەها ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنان و کڕیاران، خواست لەسەر شوقە و باڵاخانە زیاتر بووە، لە هەمان کاتدا یەکیکی دی لەو هۆکارانە دەگەڕێتەوە بۆ کوالێتیی دروستکردنەکە، ئەگەر هەولێر بە نموونە وەربگرین، دەبینین شوقەکان بە کوالێتیی بەرز دروست کراون، ئەوەش خەرجی زیاتری تێ دەچێت، بۆیە پێشبینی دەکرێت هەولێر تا ١٠ساڵی دیکەش پێویستی بە دروستکردنی شوقە و باڵاخانە هەبێت».

**مرۆڤ بەرزترین و پیرۆزترین بوونەوەرە لەم سەرزەمینەدا و ئافرەت جگە لەوەی کاراکتەرێکی سەرەکیی پەروەردەکردنی نەوەکانە، لە دێر زەمانیشەوە بەردەوام شان بە شانی پیاوە کاری کردووە**

**بە درێژایی سەدەکانی ڕابردوو تەنیا پیاوان لە کەرتی خانووبەرە و بزنێسی بیناسازی کاریان کردووە**

**خانمان لە بەشدارییان لە کاری خانووبەرە و بیناسازی ڕچەشکێنی دەکەن، وێڕای ئەوەی پیشەیەکی قورسە و پێویستی بە توانا و کەسایەتییەکی بەهێز هەیە**

**ئاسۆی داهاتووی ئافرەتان ڕوونە بە هۆی ئەو متمانە زۆرەی کە بە خۆیان و تواناکانیان هەیە**

# بە بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە مامۆستای پەروەردەی تایبەت بۆ قوتابیانی خاوەنپێداویستیی تایبەت دابین دەکرێت



**بەشـی پـەروەردەی تایبەت بـۆ خزمەتی چینـی خاوەن پێداویسـتیی تایبەت سـاڵانێکە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردسـتان کراوەتەوە، دەرچووانی ئەو بەشە لە قوتابخانەکان دەتوانن وەک مامۆستای پەروەردەی تایبەت وانە بە منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بڵێنەوە. بە خۆشـحاڵییەوە بۆ ساڵی نوێی خوێندن بە بڕیاری وەزیری پەروەردە مامۆستای پەروەردەی تایبـەت لە قوتابخانـەکان بۆ خزمەتـی قوتابیی خاوەنپێداویسـتی تایبـەت دابین کراون. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

زیاتـر لـە ملیارێك کـەس لـە جیهانـدا بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان خـاوەن پێداویسـتیی تایبەتـن کـە ٪١٥ی دانیشـتووانی جیهـان پێـك دەهێنـن. ١١٠تـا ١٩٠ ملیـۆن کەسیشـیان لـە کارکردنـدا ئاسـتەنگی گەورەیـان دێتەبـەردەم.

منداڵانـی ئـەو توێـژە شـیمانەی نەچوونـە قوتابخانەیـان زیاتـرە لـە منداڵانـی ئاسـایی. لـە هەمـوو ژینگـە جۆراوجـۆرەکان و لەسـەرجەم تەمەنەکانیشـدا ئـەو توێـژە کەموکورتـی و کەلێنـی فێرکاریـی گەورەیـان هەیـە، بـەڵام لـە دەوڵەتـە زۆر هـەژارەکان کەموکورتییەکانیـان زیاتـرن، لـەو دەوڵەتانـەش کـە منداڵـە ئاسـاییەکان هەموویـان دەچنـە قوتابخانـە، هەمـوو منداڵـە خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتـەکان ئەوەیـان بـۆ مەیسـەر نابێـت. بـۆ نموونـە لـە پۆلیڤیـا نزیکـەی ٪٩٨ی منداڵانی ئاسایی دەچنە قوتابخانە، بەڵام کەمتر لـە ٪٤٠ی منداڵانـی خـاوەن پێداویسـتیی تایبـەت دەچنـە بـەر خوێنـدن. لـە ئەندەنوسـیا ٪٨٠ی منداڵانـی ئاسـایی دەچنـە بـەر خوێنـدن، کەچـی ٪٢٥ی منداڵانی خاوەن پێویستیی تایبـەت دەچنە قوتابخانـە.

ئەندریـا پێشـڕەو خاوەنپێداویسـتی تایبەتـە و لـە ئێستادا قوتابی زانکۆیە، ئەو هەنگاوەی وەزارەتی پـەروەردە بـەرز دەنرخێنێت و دابینکردنـی مامۆسـتا بـۆ قوتابیانـی خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت بـە کارێکی گرنـگ دەزانێت و لەمبارەیـەوە دەڵێت: «بە هـۆی ئـەوەی بەشـێکی زۆری خـاوەن پێداویسـتیی تایبـەت، حاڵـەت و جـۆری نەخۆشـییەکانیان قورسـە و بـە تەنیا ناتوانـن لـە پرۆسـەی فێربـوون سـوودمەند بـن، تەنیـا مامۆسـتای تایبـەت و شـارەزا دەتوانـن یاریدەدەریـان بـن و ئاسـانکارییان بـۆ بکـەن». وتیشـی: «نەبوونـی مامۆسـتای پـەروەردەی تایبـەت بـۆ ئـەو خوێندکارانـەی کـە یەکـەم ساڵیانە و دەچنـە ناو پرۆسـەی پـەروەردە و فێرکردن و تانوانن خۆیان بە تەنیا پشت بە خۆیان ببەسـتن و پێویسـتیان بـە یارمەتـی و پاڵپشـتیی مامۆسـتای دووەمـە، کێشـەیەکی زۆر گـەورە و خەمێکـی قورسـە بـۆ خۆیـان و خانەوادەکانیـان، لەبـەر ئـەوەی ڕێـگا پـێ دراو نییـە و دایـك و بـاوك ناتوانـن لەگـەڵ منداڵەکانیـان لـە قوتابخانـە بمێننـەوە، تەنانـەت لـە چوونـە تەوالێت و ڕۆیشـتن بۆ فرۆشگای قوتابخانەکە گرفتیان هەیە، زۆری دەوێـت تـا لەگـەڵ ژینگـەی کۆمەڵایەتیـدا ڕادێـن و هاوڕێیـان دەبێت. بـە دڵنیاییـەوە لـەو کاتـەدا کـە مامۆستای وانـە بابەتێك دەڵێتـەوە و ئـەو خوێندکارە گەورەتریـن کێشـەیە و لـەو کاتـەدا کـە ناتوانێت وەك پێویسـت لـە وانەکانـی تـێ بـگات و پێویسـتیی بـە دووبارەکردنـەوە هەیـە، یـان توانـای نووسـینی

**بە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری خاوەن پێداویستیی تایبەت، حاڵەت و جۆری نەخۆشییەکانیان قورسە و بە تەنیا ناتوانن لە پرۆسەی فێربوون سوودمەند بن، تەنیا مامۆستای تایبەت و شارەزا دەتوانن یاریدەدەریان بن و ئاسانکارییان بۆ بکەن**

**نەبوونی مامۆستای دووەم زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتە لە بچووکترین مافی خۆی کە خوێندنە بێبەش بێت و لە خوێندنگا وەری نەگرن**

**وەزارەتی پەروەردە هاوکاریی خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکات، بە وەرگرتنیان لە قوتابخانەکان و دابینکردنی مامۆستای پەروەردەی تایبەت تا ئەوانیش بتوانن لە خوێندن بەردەوام بن**

**زۆربەی منداڵانی کەمئەندام لە خوێندن بێبەشن، یان لە قۆناغێکدا بە هۆی نەبوونی هاوکاریی پێویست بۆیان واز لە خوێندن دەهێنن**

**بە هۆی زۆریی ژمارەی قوتابیان و نەبوونی زانیاری لەسەر پەروەردەی تایبەت مامۆستاکانیش ناتوانن بەپێی پێویست هاوکاریی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکەن**

نییە، هەروەها نەبوونی مامۆستای دووەم زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتە لە بچووکترین مافی خۆی کە خوێندنە بێبەش بێت و لە خوێندنگا وەری نەگرن، چونکە مامۆستای وانە نە دەتوانێت ئەو کاتەی کە ئەو پێویستیەتی پێی ببەخشێت، نە ئەو کۆزانیاریی زانستی و کردارییان خوێندووە کە بە هەمان شێوازی دەرچوویەکی پەروەردەی تایبەت شارەزا بن لە چۆنیەتی ڕەفتارکردن بەپێی جۆر و حاڵەتە جیاوازەکانی منداڵانی پەروەردەی تایبەت، بەتایبەتی کە هەر نەخۆشییەك پێویستی بە جۆرێك لە ڕەفتارکردن هەیە و هیچ یەکێکیان لە یەك ناچێت، هەندێکیان پێویستیان بەوەیە مامۆستای دووەم کە مەبەستم مامۆستای پەروەردەی تایبەتە، جارێکی دی و بە شێوازێکی جیاواز وانەکانیان بۆ بڵێتەوە لە ژووری سەرچاوەکان، یان لە نووسیندا یارمەتیدەریان بن». پێشنیاریشی کرد «وەزارەتی پەروەردە هاوکاریی قوتابیانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکات، بە وەرگرتنیان لە قوتابخانەکان و دابینکردنی مامۆستای پەروەردەی تایبەت تا ئەوانیش بتوانن لە خوێندن بەردەوام بن و لەو مافە بێبەش نەبن.» وتیشی: «بە ڕاستی زۆربەی منداڵانی کەمئەندام لە خوێندن بێبەشن، یان لە قۆناغێکدا بە هۆی نەبوونی هاوکاریی پێویست بۆیان واز لە خوێندن دەهێنن».


شاخەوان فاتیح ڕاهێنەرو مامۆستای پەروەردەی تایبەت، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردە بەوەی کە مامۆستای پەروەردەی تایبەت بۆ قوتابیانی خاوەنپێداویستیی تایبەت دابین دەکرێت، «دەستپێکێکی گەورە و سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئاوڕدانەوە لە سێکتەری پەروەردە بەگشتی و پەروەردەی تایبەت بە تایبەتی، کە دەبوو چەند ساڵ لەمەو پێش ئەم کارە بکرایە، بە هەر حاڵ ئێستاش هەر هەنگاوێکی لەم جۆرە ئیش و کاری منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە قوتابخانەکان دا زۆر بەرەو پێش دەبات و جێگەی دەست خۆشی یە کە وەزیری پەروەردە لەهەموو کارەجوانەکانی پەروەردەدا لەهەرە پێشەوەی کابینە یەك لەدوای یەکەکان دا لە پێشی پێشەوە بووەو وەك مێژوویەك ئەم کارەی بۆ خۆی تۆمار کردو زۆرێك لەخەمی منالّی تایبەتی کەم کردەوەو دایك و باوکی منداڵی تایبەت دەتوانین بڵێین هەتا ڕادەیەکی باش ئاسودە بوون و هەموو بار قورسیەکانی سەر شانیان سووك و ئاسان بوو خەمی چەند ساڵەیان ڕەوێندرایەوە و ئەمە کارێکی هەتا بڵێی لەم کاتەدا گرنگ بوو، چونکە منداڵانی تایبەت ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زیاد بوندایەو زۆر پێویستیان بەو مامۆستایانە هەیە لە ناوەندەکانی خوێندندا هەروەها تەخەروجێکی باشیش لە ئێستادا هەیە پێویستە دابمەزرێن و پێویستی ئەو منداڵانە پڕ بکەنەوە لە ناوەندەکانی خوێندندا.

من وەك خۆم وەك مامۆستایەکی تایبەت زۆر خۆشحاڵم و دەرچوونی بڕیارێکی لەو شێوەیە لەم کاتەدا زۆر بەپێویست و زەرور دەزانم بۆ پڕ کردنەوەی ئەو کەلێن و بۆشایی یەی لە ناوەندەکانی خوێندن دا دروست بوو بوو سەبارەت بە منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت، کە چەند ساڵ بوو ئەو منداڵانە لە ناو ناوەندەکانی خوێندن دا وەك پێویست ئاوڕیان لێ نەدرابووەوە بەمافە یاسایی یەکانی خۆیان نەگەیشتبوون بەڵام لە ئێستادا ئەتوانین بڵێین هەتا ڕادەیەکی باش ئەتواندرێت بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بن و لە تەنیشت منداڵی ئاساییەوە درێژە بەخوێندن بدەن و ئەم وانەبێژانەی کە تازە داندراون کەمێك لە خەم ئازارەکانیان برەوێننە و ئاستیان بەرەو پێش ببەن و

ئیتر لەمڕۆ بەدواوە ئەم مامۆستایانە لە ناو ناوەندەکانی خوێندن دا ببن بە داکۆکیکارێکی سەرسەختی مافەکانی ئەو منداڵانەو چی پێویست بێت بۆیان بەدی بهێنن و بۆیان دابین بکەن

هاوناز عەبدولکەریم مامۆستای پەروەردەی تایبەت:

ئەو هەنگاوەی وەزارەتی پەروەردە هەنگاوێکی گرنگ و پێویست بوو، لە ئێستاشدا گرفتەکان هاوشێوەی ڕابردوو بوونیان هەیە و وەکو پێویست



چارەسەر نەکراوە، لەوانە نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ لە قوتابخانەکان و نەبوونی پرۆگرام و مەنهەجی تایبەت بە منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت، کە بۆ ئەو توێژە بە تایبەت داندرابێت، هاوکات گرفتی بینا قوتابخانەکان تایبەت بۆ ئەو قوتابیانەی کە گرفتی جەستەییان هەیە، لەمپەرمان لە قوتابخانەکاندا نییە، بەداخەوە بەڕێوەبەرەکان هاوکاریان نین و لە کاتی وەرگرتنیان کارئاسانیان بۆ ناکەن، بۆ ئەمساڵ کە سەردانی قوتابخانەکانمان کرد ئەوەمان بینی کە زۆربەی بەڕێوەبەرەکان ئامادە نەبوون منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەت لە قوتابخانەکانیان وەربگرن، تەنانەت لەلایەن بەڕێوەبەر و مامۆستاکان ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبینەوە، هەروەها لە کاتی تاقیکردنەوەکان چاودێریان بۆ دابین ناکەن، هاوکات بە هۆی زۆریی ژمارەی قوتابیان و نەبوونی زانیاری لەسەر پەروەردەی تایبەت مامۆستاکانیش ناتوانن بەپێی پێویست هاوکاریی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکەن، لەبەر ئەوە پێویستە بۆ ساڵی تازەی خوێندن واتا بۆ ئەمساڵ مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت هۆشیاری لە ناو قوتابخانەکان بڵاو بکەنەوە، زانیاری ببەخشنە دەورووبەر و حاڵەتەکان باس بکرێن بۆ ئەوەی هەمووان کێشەکان بناسن و ئەو کات چارەسەری ئاسانتر دەبێت، زۆریش گرنگە مامۆستای پەروەردەی تایبەت پەیڕەو و پرۆگرام و پلانی پێویستی پێ بێت، هەروەها کۆنتاکتێکی بەهێزی لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانەکە هەبێت، ئەگەر وا نەبێت، منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکە سوودی لێ وەرناگرێت، هەروەها پێویستە هۆشیاری لە نێو خێزانەکاندا و لە نێو قوتابیاندا بڵاو بکرێتەوە، چونکە زۆرجار قوتابی خاوەن پێداویستیی تایبەت لەلایەن قوتابیانی ئاسایی ڕووبەڕووی تانە و توانج دەبنەوە، بە پێچەوانەوەش زۆر منداڵ هەن کە لە خێزانێکی باش پەروەردە کراون، ڕەچاوی قوتابیی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکەن و لە کاتی پێویست هاوکاریشیان دەکەن».

**پێویستە هۆشیاری لە نێو خێزانەکاندا و لە نێو قوتابیاندا بڵاو بکرێتەوە، چونکە زۆرجار قوتابی خاوەن پێداویستیی تایبەت لەلایەن قوتابیانی ئاسایی ڕووبەڕووی تانە و توانج دەبنەوە**

**زۆر منداڵ هەن کە لە خێزانێکی باش پەروەردە کراون، ڕەچاوی قوتابیی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەکەن و لە کاتی پێویست هاوکاریشیان دەکەن**






# فیلمسازێکی کورد فیلمێک لەبارەی «باوکی هونەری فۆتۆگرافی عێراقی» بەرهەمدێنێت

دەرهێنەری فیلم ئێستا کار بۆ دیارییکردنی ئەکتەر و ستافی فیلمەکە دەکات و بڕیارە لە ٢٠٢٤ کاری وێنەگرتنی دەستپێبکات.

چیرۆکی فیلمەکە باسی کافێیەک لە برۆکسلی بەلجیکا دەکات، گەنجێکی باشووری کوردستان بەناوی ئارام سەردانی دەکات، بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوژینی لەگەڵ ئامۆزاکەی هاتووەتە ئەو وڵاتە، بەڵام دواتر پلانی دەگۆڕێت و ژیانی هاوژینی لەگەڵدا پێک ناهێنێت.

سەهیم عومەر خەلیفە، بەردەوام لەلایەن دەزگای سینەمای سەر بە حکومەتی بەلجیکاوە پاڵپشتی لە پرۆژە سینەماییەکانی دەکرێت کە ساڵانە تەنیا پاڵپشتی لە پرۆژەی چەند فیلمسازێکی ئەو وڵاتە دەکات.

لەلایەکی دیکەوە، فیلمی سینەمایی ‹میسیی بەغداد›ی خەلیفە کارەکانی تەواو بووە و بۆ چەند فیستیڤاڵێکی گرنگی سینەمایی نێردراوە.

«میسیی بەغداد» لە ٢٠١٢ بەرهەمهات و دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو و بووە خاوەنی (٦٠) خەڵات لە فێستیڤاڵە سینەماییەکانی جیهاندا و یەکێک لە (١٠) کورتەفیلمەکانی کورتە لیستی فیلمە کاندیدکراوەکان بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار وەک باشترین کورتەفیلم، دواتر بڕیاردرا وەک فیلمێکی سینەمایی بڵند بەرهەمبێت.

فیلمەکە بووە هۆکار کە کارەکتەری سەرەکیی فیلمەکە چاوی بە لیۆنێل مێسی، یاریزانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی و ئەستێرەی هەڵبژاردی ئەرجەنتن بکەوێت و دەزگایەکی بەریتانی هاوکاریی ماددی بۆ کۆکردەوە و لە ئێرانیش قاچێکی دەستکردی بۆ دروستکرا.

«میسیی بەغدا» باس لە منداڵێک دەکات کە هەرچەند خاوەن پێداویستی تایبەتە، بەڵام حەز و خولیای بۆ یاریی تۆپی پێ هەیە و هۆگری یاریزان لیۆنێل مێسییە.

لەلایکی دیکەوە، ئەو دەرهێنەرە کوردە کاری دەرهێنانی بۆ بەڵگەفیلمێک لەبارەی لەتیف عانی ‹باوکی هونەری فۆتۆگرافی عێراقی› کردووە کە بە کامێراکەی ژیانی رۆژانەی لە عێراق و باشووری کوردستان تۆمارکردووە.

فیلمەکە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی سەهیم عومەر خەلیفەیە کە خاوەنی زیاتر لە ١١٠ خەڵاتی جیهانییە و فیلمەکە ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە و بۆ چەند فیستیڤاڵێکی سینەمایی نێردراوە.

بەڵگەفیلمەکە لە ٢٠٢٠ لە بەغداد و چەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان وێنەگیراوە و ساڵێک دوای وێنەگرتنی، ئەو فۆتۆگرافەرە کۆچی دوایی کردووە.

لە بەڵگەفیلمەکەدا باس لە ژیانی ئەو هونەرمەندە و وێستگە گرنگەکانی ژیانی کراوە، هەروەها باس لە پەیوەندی لەگەڵ کورد و تێڕوانینی بۆ کوردستان



میزۆپۆتامیا کافێ› نوێترین بەرهەمی بڵندی سینەمایی سەهیم عومەر خەلیفە، دەرهێنەری کوردە و ئێستا ئامادەکاری بۆ بەرهەمهێنانی دەکرێت. سیناریۆی فیلمەکە لەلایەن سەهیم عومەر نووسراوە و لەلایەن دەزگای سینەما لە بەلجیکا پاڵپشتی دارایی لێکرا، بوودجەی بۆ تەرخانکراوە و بەم دواییە بودجەی بۆ ئامادەکاری کردن بۆ بەرهەمهێنانی پڕۆژەکە تەرخان کرایەوە.



خراوەتەڕوو، پێشتر چاوی بە هەریەک لە سەرکردەکانی کورد مەلا مستەفا بارزانی، سەرۆک بارزانی و ئیدریس بارزانی کەوتووە.

عانی، لە بەڵگەفیلمەکەدا تیشک دەخاتە سەر باشووری کوردستان لە دوو قۆناخی جیاوازدا و ئەو پێشکەوتنەی ئێستای بە گرنگ بینوە.

لەتیف ئەلعانی، لە ١٨ تشرینی دووەمی ٢٠٢١ لە تەمەنی ٨٩ساڵیدا، بەهۆی نەخۆشییەوە لە بەغداد کۆچی دواییکرد، وێنەکانی ئەو فۆتۆگرافەرە عێراقییە ناوبانگییەکی جیهانیان هەیە و لە چەندین وڵات خراونەتەڕوو، تێیدا ژیانی ڕۆژانە و کولتووری عێراق و کوردستانی پێشانداوە.

سەهیم عومەر خەلیفە، لە دایکبووی زاخۆی سەر بە پارێزگای دهۆکی باشووری کوردستانە و لە بەلجیا دەژی، بڕوانامەی ماستەری لە بواری سینەمادا لەو وڵاتە بەدەستهێناوە، خاوەنی چوار کورتەفیلم و دوو فیلمی بڵندی سینەمایی و بەڵگەفیلمێکی درێژە، لە ڕێگەی فیلمەکانییەوە ١١٠ خەڵاتی بەدەستهێناوە، دوو ساڵ بەسەریەکەوە کورتەفیلمەکانی لە کورتە لیستی کورتە فیلمە بەربژێرکراوەکان بۆ خەڵاتی ئۆسکاردا بوو.

«زاگرۆس» و «میسیی بەغداد» دوو فیلمی بڵندی ئەو دەرهێنەرەن، «خاکی پاڵەوانان»، «میسیی بەغداد» و «راوچی خراپ» کورتە فیلمەکانیەتی.

# پەیکەرسازانی کورد

**ئەو پیشانگایەی ڕۆژی ٥/ ئەیلوول/٢٠٢٢ز، بە ناوی (پیشانگای پەیکەرسازانی کورد) لە لایەن ناوەندی (٧ ڕەنگە)وە لە مۆزەخانەی نیشتیمانیی ئەمنە سوورەکەدا لە سلێمانی کرایەوە، شایستەترین چالاکیی هونەری پەیکەرسازی بوو کە لە ماوەی دەیان ساڵدا لەو بوارەدا ڕێک خراوە. ڕەنگە بپرسن: چۆن، لەبەر چی؟ فەرموون بۆتانی ڕوون دەکەمەوە.**

**ئا/ تاریق کارێزی**




لەم پیشانگایەدا ٢٤ پەیکەرساز بەشدار بوون، بە گوێرەی ستایلی کارەکان، پەیکەرسازانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان تێیدا بەشدار بوون. پیشانگایەکە دەری خست، هونەری پەیکەرسازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، ڕێچکەیەکی دروستی گرتووەتە بەر. ئەو ڕێچکەیەی پەیکەرسازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەخت دەکاتە سەر بەرهەم و بابەتی خۆماڵی. هەموو ئەمانە نیشانەیەکی دروستن لەوەی پەیکەرسازانی کوردستان بە ئەرك و پەیامی خۆیان ئاشنان. ئەمەش سەنگێکی زۆر بە هونەرەکەیان دەدات، بە ناسنامەیەکی ڕوونەوە دێنە مەیدان، دارای گوتارێکی بەرجەستە و ڕەوان دەبێت. گەورەترین گەواهی بۆ ئەم بۆچوونە، بایی ٢١ هەزار دۆلار پەیکەری پیشانگایەکە فرۆشرا. کاتێك هونەر وەك کاڵایەکی دانسقە و دەگمەن کڕیاری دەبێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، هونەر نیشانەی پێکاوە و بووەتە بەشێك لە میرات و ژیان و کولتوور و پێداویستی گەل. ئەمەش ئەنجامێکی هەستیار و کاریگەرە، پێویستە هونەر، ئەگەر هونەر بێت، پێی بگات.

هونەری پەیکەر، ئەرك و ئەشك و خەرجی و زەحمەتییەکی زۆری دەوێت، بۆ تەواو کردنی پەیکەرێك، تەکنیك چەند قۆناغێکی کار کردنی دەوێت. لە ناوەندی هونەریشدا، دەبینین ژمارەی پەیکەرساز زۆر لە نیگارکێش کەمترن، دروست کردن و بەرهەم هێنانی پەیکەر، (وەك گوتمان) کار و کات، ئەشك و خەرجیی زۆرتری دەوێت، هەموو هونەرمەندێکی شێوەکار شانی ناداتە بەر. ئەمەشە پاساوی ئەوەی پەیکەرساز کەمن. ئەوانەی خۆیان بۆ هونەری پەیکەرسازی تەرخان دەکەن، لەوە گەیشتوون پەیکەر هونەرێکە لە دەرەوەی هۆڵ و مۆزەخانەش جێی خۆی دەگرێت، لە







نێو چەقی شاراندا وەك سیمبوڵ و هێما و ڕواڵەتی کولتوور و میراتی شارستانی، جێ دەگرێت، خۆی لە نێو شەقام و گۆڕەپاندا دەسەلمێنێت، وەك بەشێك لە دیمەنی شار بە ناسنامەوە، پەیکەر بە دەنگی بڵند، بەراتی جوانی و چێژ پەخشان دەکات.

کۆ کردنەوەی ٢٤ پەیکەرتاش بۆ پایتەختی ڕۆشنبیریی کوردستان دەسکەوتێکی گەورەیە. خۆ ئەگەر لەو ٤٧ پەیکەرەی لە پیشانگایەکدا نمایش کرا بوون، ورد ببینەوە، تێدەگەین (ناوەندی ٧ ڕەنگە) لە چ ئاستێکی پێگەیشتوودا کاری کردووە. تەواوی پەیکەرەکان سیمای شوێن و زەمەن (جوگرافیا و مێژوو) یان لە خۆدا نواند بوو. دروست کردنی پەیکەر بۆ مەزنانی نەتەوە، تێکەڵ کردنی هونەر لەگەڵ بابەتی مرۆڤانەی بەرز، تراژیدیای نەتەوەیەك لە کاروانی تێکۆشانیدا، پەیوەست بوون بە ڕێچکەی ڕیالیست لە هونەردا، هەموو ئەمانە سەنگ و قورساییەکی زۆریان بەم چالاکییە ئاست بەرزەی هونەر بەخشی.

لە گۆشەنیگای ئەم پیشانگایەوە ئەگەر باسی هونەری پەیکەرسازی لە کوردستاندا بکەین، بەرهەم و داهێنانی سەنگین لە بەر دەستدایە، ئیدی کار ئەوە دەخوازێت، هەم کەرتی گشتی و هەم کەرتی تایبەت، لە ئاستی پرۆژەکانی حکومەت و وەبەرهێنەران و سەرمایەداراندا، کار بۆ تێکەڵ کردنی هونەری پەیکەرسازی بە هەموو پرۆژەیەکی ئاوەدانی بکرێت. ئامادە بوونی هونەر، بە تایبەتی پەیکەرسازی لە تەك هونەری تەلاسازیدا، ستاتیکای شوێن بەرز دەکاتە، هەستی جوانخوازانەی خەڵك دەلاوێنێتەوە، پەیام و گوتاری نەتەوە و نیشتیمانیش، بواری نمایش کردن و قسە کردنی دەبێت. شاریش ئەو شارەیە، هونەر زمانی ئاخافتنی بێت.



## مێلیسا :

# ئاواتم ئەوە بوو ببمە ڕۆژنامەنووس



مێلیسا ڕۆکسبۆرگ یەکێکە لە پاڵەوانە سەرەکییەکانی زنجیرەی (مانفیسیت) کە لە سەکۆی نیتفلیکس نمایش دەکرێت، سەرەڕای سەرکەوتنی لە ڕۆڵەکانیدا، بەڵام نواندن دوا شت بوو کە بیری لێ دەکردەوە، هەرچەندە لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا ڕۆڵی بینیوە.

سەبارەت بە سەرکەوتنی لە زنجیرەی (مانیفیست) دەڵێت: «پێش ئەم نجیرەیە بەشداریم لە چەند کارێکی هونەریدا کرد، بەڵام لە هیچیاندا وەکو پێویست نەبووم، تەنانەت زۆر کەس بە ڕۆڵی نا سەرکەوتوو وەسفیان کردووە، چونکە لە رووی جەماوەرییەوە سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی دارڕمانی ورەم، بەڵکو ورەم بەرزتر بووەوە و بە جددی هەوڵم دا هەڵەکان دووبارە نەبنەوە و، بەڵێنم بەخۆم دا کە ببمە یەکێك لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکان، بۆیە ماوەیەك دوور کەوتمەوە، تا لە کۆتاییدا دەرفەتم بۆ رەخسا لە مانیفیستدا خواستی جەماوەرەکە بەدی بهێنم، سوپاس بۆ خودا لەو زنجیرەیەدا سەرکەوتوو بووم، چونکە من کەسێکم هەمیشە خەون و ئاواتم زۆرە، بۆیە هەوڵ دەدەم کە بەرەو پێشەوە بڕوانم و ئاواتەکانم بێنمە دی».

مێلیسا ڕۆکسبۆرگ کە لە بەشی پەیوەندییەکان لە زانکۆی سایمۆن فرایزەر وانەکانی وەرگرتووە، پلانی ئەو لەو کاتەدا ئەوە بووە کە وەك ڕۆژنامەنووس بەردەوام بێت لە کارەکانی و، لەم بارەوە دەڵێت: «یەکێك لە ئاواتە گەورەکانی ژیانم ئەوە بووە کە ببمە ڕۆژنامەنووس و، ئەوەی بە خەیاڵمدا نەدەهات، ئەوە بوو کە رۆژێك لە ڕۆژان ببمە ئەکتەرێکی ناسراو و لە بەردەم کامیرا بوەستم .»



# میریام فارس بە ساختەکاری تۆمەتبار دەکرێت

ماڵپەڕێکی ئوردنی بڵاوی کردەوە کە سکاڵایەك دژی مێریام فارسی هونەرمەندی لوبنانی بەرز کراوەتەوە و تییدا بە ساختەکاری تۆمەتبار کراوە، ماڵپەڕەکە چەند وردەکارییەکی بڵاوکردەوە، دیارترینیان ئەوەیە کە رێکخەرێکی کۆنسێرتەکەی سکاڵاکەی پێشکەش کردووە، چونکە میریام فارس پێش ماوەیەك هاتە شوێنی کۆنسێرتەکە و نەچووە سەر شانۆ.

ئەو هەواڵە بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبووەتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە کە داواکاری گشتیی ئوردن، بەپێی یاداشتنامەی هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان، قسە لەگەڵ داواکاری گشتی دەکات، و بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی کە بە دووەمیان دراوە، هونەرمەند، میریام فارس، بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی ئوردن لەو کەیسەدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت».

لەلایەکی بەر لە ماوەیەك شەڕێکی توندی لە نێوان میریام فارس و فارس کەرەم رووی دا، میریام هەڕەشەی لە فارس کردووە، کە پەنا بۆ دەسەڵاتی دادوەری ببات، بەهۆی ئەوەی کە بە (سوکایەتی)ی دەزانێت بۆ خۆی، لەرێگەی هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر.

کێشەکە بە ریکلامێك بۆ ئاهەنگێك دەستی پێ کرد، کە ئەو دووانە لە (وەرزی جەدە)دا بەشدار دەبن، کە کەرەم ناڕەزایی دەربڕی دوای ئەوەی بە قەبارەیەکی بچووکتر لە میریام دەرکەوت و ناچاری کرد بکشێتەوە، تا ئەو کاتەی کۆمپانیای بەرهەمهێنەر بڕیاری دا بە دواخستنی چالاکییەکە.

**بەیار عەبدولقادر:**
**یاریزانی تۆپی دەستی یانەی هەولێر**

# هەوڵ دەدەم ئەکادیمیایەک دابنێم بۆ کۆمەڵێک یاریزانی تازە پێگەیشتوو



تیپی تۆپی دەستی یانەی وەرزشیی هەولێر یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی سەرئاستی کوردستان و عێراق و، هەمووکات ڕکابەری یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی خولە بەهێزەکانی کوردستانە، ساڵانەش یانەکە بەردەوام گرنگی بە یاریزانانی دەدات و، بۆ خولەکانی دەرەوە وەکو خولی یانەکانی عەرەبی بەشدار دەبن، کارگێڕیی یانەی هەولێر بەردەوام گرنگی بە کچە یاریزانانی یانەکەی دەدات، بۆ ئەوەی لەوپەڕی ئامادە باشیدابن بۆ خول و پاڵەوانێتییەکان، کچانی یانەکەش لە کچە بەهێزەکانی کوردستان و عێراقن، یەکێك لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراقیش کچە یاریزان (بەیار عەبدولقادر)ـە کە ماوەیەکی زۆرە بەرگری لە تۆڕی گۆڵی یانەی هەولێری پایتەختی کوردستان دەکات، بەیار لەدایکبووی ساڵی١٩٨٩شاری هەولێرە و، دەرچووی پەیمانگەی وەرزشییە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، جگە لە یانەی هەولێر بۆ یانەکانی ئاڵا و قەڵا و زانکۆ و چەندین یانەی شاری بەغدا یاریی کردووە، گۆڤاری گوڵانیش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** لای تۆ تۆپی دەست چی دەگەیەنێت کە ماوەیەکی زۆرە لە ناو ئەم وەرزشەدایت؟**

-تۆپی دەست لای من زۆر شت دەگەینێت، بەڵام ئێستا تەنیا پەیوەستبوونە بۆی.

*** هۆکاری چییە کە بەردەوام ململانێ هەیە لە نێو یاریزانانی شاری هەولێردا؟**

-ئەو ململانێیەی ئێستا دروست بووە سەرووی خۆمانە وایان کردوە دروست بێت، ئەگەر نا، یاریزانان شتێکی وا نییە لە نێوانیاندا و هەموومان وەکو خوشکین لەگەڵ یەك، بەڵام ناعەدالەتییە وا دەکات ڕق لەدڵبی بەرامبەر بە تیپی بەرامبەر، یان یاریزانانەکانی تیپی بەرامبەر.

*** کەمیی ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کاریگەریی هەیە لە سەر ئێوەی یاریزان؟**

-کەمیی یاری ئاست دادەبەزێنێت و حەزت کەمتر دەبێ بۆ وەرزش و یارییەکەش، وەك یاریزان کە دەبینی ساڵێ جارێ یەك خول دەڕوات ماوەیەکی زۆر پشوو دەدەیت، پێش پاڵەوانێتی بە ماوەیەکی کەم دەست بە مەشق دەکەیت، ئەوەش کاریگەری دەبێت لە سەر ئاستی یاریزان و، وا دەکات ئاستی بێتە خوارێ.

*** ئاستی یاریی تۆپی دەست چۆن دەبینی بە شێوەیەکی گشتی لە شارەکانی کوردستان؟**

- ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان باشە بەهۆی بوونی تیپی زیاتر لە شارەکان، بەڵام بەداخەوە ئەو هەموو یاریزانە باشانە و ئەو یانە باشانە هەیە، بەڵام ساڵانە یەك پاڵەوانێتی بەڕێوەدەچێت ئەویش ئەگەر ئەنجام بدرێت، ئەمساڵ خولی عێراقی پێش خولی کوردستان کەوت.

*** دوو ئەرك بەڕێوە دەبەیت، هەم یاریزان هەم ڕاهێنەری، لە کامەیان سەرکەوتوو تریت؟**

- بێگومان ڕاهێنەرایەتی، چونکەگرنگی بە ڕاهێنەرایەتی دەدەین، ڕۆژانە ڕێنمایی نوێ و تازە وەردەگرین و لە ناو بارودۆخەکەین، بە بەردەوامی بژێویی ژیانیشم لەسەر ڕاهێنەرایەتییە، بەڵام هەرچی تۆپی دەستە وەکو ئارەزووە کە تێدا بەشداری دەکەم، هیچ بۆشاییەکم بۆ پڕ ناکرێتەوە.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی تۆپی دەستی کچان بەرەوپێش بچێت لە کوردستان؟**

- پێم باشە کەسانی نوێی و کەسی شارەزای ئەو جیلە نوێیەی ئێستا کە زۆر سەرکەوتوون، ئەوان بێنە ناو گۆڕەپانەکە، ئەو عەقڵە کۆنەی پێشوو هەر لەسەر سیستمی کۆنن، با ڕێگە بدەن خەڵکی تازە و دەموچاوی تازە بێنە پێشەوە، خول و پاڵەوانێتی زیاتر بکرێتەوە، بەشداری خولەکانی دەرەوەی وڵات بکەین، سوود بگەینن بەم یارییە و قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە، بەداخەوە چەندین منداڵ هەیە حەزی لێیە بێنە ناو وەرزشەکان، بەڵام شوێنێکی پێگەیاندنی یاریزانان نییە.

***گرفتی یاریی تۆپی دەست لە چیدا دەبینیت؟**

- نەبوونی کاتی پێویست بۆ یاریزانان، چونکە یاریزانان هەمووی خاوەن کاری خۆیەتی کاریگەری زۆریشمان لەسەرە لە هەموو لایەك هەر یەکەوە بە کارێك، نەبوونی توانای دارایی پێویست گرفتە بۆ یاریزانان، چونکە ئەگەر مووچەی تایبەت و شایستە هەبێت، یاریزانیش کاتی زیاتر تەرخان دەکات بۆ وەرزشەکەی.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو یاریزانێك؟**

-حەزدەکەم وەکو کچە ڕاهێنەرێك بڕوانامەی نێودەوڵەتی لە دەرەوەی وڵات بەدەست بهێنم، چەندین جاریش هەوڵم بۆ داوە، بڕوانامەکانی ئێرە زۆر باوەڕپێکراو نییە لە دەرەوە، هەوڵ دەدەم بڕوانامەیەکی باش، یان لەسەر جیم، یان لەسەر تۆپی دەست بەدەست بهێنم و، ئەکادیمیایەك دابنێم بۆ کۆمەڵێك یاریزانی تازەپێگەیشتوو.

*** ئامانجت لە وەرزشکردن چییە؟**

-دەمەوێ لە داهاتوو ببمە کەسێکی ئەکادیمی و مامۆستایەکی سەرکەوتوو لەم بەشەی خۆم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت لە نێو یاریگادا؟**

-نیکۆلا کراڤاتیچ .

***پلانی داهاتووت چییە؟**

- بەشداریکردنی چەند خولێك و بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز لە دەرەوەی وڵات، کە ئێستا بەردەوام هەوڵی بۆ دەدەم.

***داواکاریت لە بەرپرسانی وەرزشی چییە؟**

- داوکارم لە بەرپرسانی وەرزشیی ئەم یارییە بوار بدەن بۆ ئەوەی نەوەی نوێ بێنە پێشەوە، با ئەوان نەبنە ڕێگر لە بەردەم کەسانی تازە پێگەیشتوودا، ئەوان بێنە گۆڕەپان و پلانی سەردەمییانە و بیری تازە بێتە پێشەوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خەمخۆرییەی بۆ وەرزشی ناوەخۆ هەیتی، هیوادارم هەردەم هەر سەرکەوتوو بن.



# یاریزانێک دوای نەخۆشی بە بەهێزەوە دەگەڕێتەوە نێو یاریگا

لە یاری نێوان هەردوو یانەی یۆنین بەرلین و ڤۆلڤسبۆرگدا، لە یارییەکانی هەفتەی حەوتەمی خولی ئەڵمانیا ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش و خۆش بینرا.

هاندەرانی یۆنین بەرلین پێشوازییەکی گەورەیان لە تیمۆ بومگارتل، بەرگریکاری یانەکەیان کرد، دوای ئەوەی ٥ مانگ بەر لە ئێستا تووشی شێرپەنجەی گون بوو و گەڕایەوە نێو یاریگەکان. یاریزانەکە بەدیاریکراوی ١٣٤ ڕۆژ بەر لە ئێستا پشکنینی بۆ کرا دەرکەوت، کە تووشی شێرپەنجە بووە، بەو هۆیەوە لە یاریگەکان دابڕا و چارەسەری کیمیایی وەرگرت، بەڵام بەسەر شێرپەنجەدا سەرکەوت و توانی بگەڕێتەوە نێو یاریگەکان و بەشێوەی سەرەکی بەرامبەر ڤۆلڤسبۆرگ یارییکرد، لەکاتی هاتنە ناوەوەی بۆ نێو یاریگەش پێشوازییەکی گەورەی لەلایەن هاندەرانەوە لێکرا.

ئەو جۆرە شێرپەنجە، کە ئەم یاریزانە بەسەریدا زاڵبوو و سەرکەوت، هەمان ئەو نەخۆشییەیە، کە سێباستیان هالەر هێرشبەری کۆتدیڤواری و یانەی برووسیا دۆرتموند تووشی بووە و لە یاریگەکان دابڕاوە.




# ڕۆجێر فێدرێر وازهێنانی خـ

ڕۆجێر فێدرێر یاریزانی تێنسی سەرزەوی سویسرا بە بڵاوکردنەوەی پەیامێك وازهێنانی لە یاریکردن ڕاگەیاند و بڕیاریدا پاڵەوانێتی تێنسی لێڤەر، کە لەم مانگە بەڕێوە دەچێت بکاتە دوایین بەشداریکردنی و بە یەکجاری ماڵئاوایی لە یاریکردن بکات.

ڕۆجێر فێدرێر هەڵگری ٢٠ نازناوی گراند سلام لە تەمەنی ٤١ ساڵی وازهێنانی لە یاریکردن ڕاگەیاند و بڕیاریداوە جامی لێڤەر، کە لە لەندەن لە ٢٣ـی ئەم مانگە تاوەکو ٢٥ـی ئەم مانگە بەڕێوە دەچێت بکاتە دوایین بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتییەکانی تێنس.

فێدرێر دوای ئەوەی لە گراندسلامی ویمبڵدۆن لە ساڵی ٢٠٢١ بەهۆی پێکان ئاستی بەرەو دابەزین ڕۆیشت، نەیتوانی بگەڕێتەوە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی و بە ناچاری کۆتایی بە کاروانی یاریکردنی هێنا و لە پەیامێکدا نووسیویەتی: دوای کاروانێکی پڕ لە ململانێ و بردنەوەی چەندان دەستکەوت، لە جیهانی یاریکردن دووردەکەومەوە و بەڵام هەرگیز هاوڕێ و ڕکابەرەکانم لەبیر ناکەم و سوپاسی ئەو هەموو خۆشەویستی و پشتگیرییەی هاندەران دەکەم، کە بەردەوام بە منیان بەخشیوە، لێرەوە ڕایدەگەینم لە ٣ ساڵی ڕابردوو ڕووبەڕووی



## ـــــــۆی راگەیاند

بەربەست و پێکانی زۆر بوومەوە، ئەگەرچی نەشتەرگەریم کرد و بەهێزەوە کارم بۆ گەڕانەوە دەکرد، بەڵام توانای جەستەییم سنووردارەوە و بەداخەوە نەمانتوانی ئاستی جارانم بۆ بگەڕێتەوە.
فێدرێر لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا دەڵێت: ماوەی ٢٤ ساڵە بەردەوام بووم لە رکابەری و ململانێ، ئێستاش تەمەنم گەیشتووەتە ٤١ ساڵ و زیاتر لە ١٥٠٠ یاریم کردووە و دەیان خەونم هاتووەتە دی و خەونی دیکەشم هەبوو، بەڵام ئێستا کاتی بڕیارە قورسەکەیە و ئەویش وازهێنانی یەکجارەکییە لە یاریکردن.

فێدرێر لەو پەیامەدا سووپاسی (میرکا)ی هاوژینی کردووە و دەڵێت: میرکا بەردەوام خولەك بە خولەك لە من دا نەبڕاوە، سەرەڕای ئەوەی کاتێك دووگیانیش بووە، بەڵام سەیری هەموو یارییەکانی کاروانی وەرزشی من کردووە و ماوەی ٢٠ ساڵە بەرگەی ئەو هەموو سەرکێشی و گەڕان و سوورانی منی کردووە، کە بەهۆی پاڵەوانێتییەکانەوە هاتووم و رۆیشتووم.
فیدرێر لە کۆتاییدا دەڵێت: ئیتر تەواو لە مەودوا بەشێوازێکی جیاوازتر و لە ژینگە و شوێنێکی تایبەت تر لەگەڵ خێزان و منداڵەکانم ژیانێکی نوێتر دەستپێدەکەین.






# لیڤاندۆڤسکی چاوی لە باڵۆندۆرە

رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی، ئەستێرەی پۆڵەندی و هێرشبەری یانەی بەرشلۆنە ئیسپانی دەڵێت: لە رۆژی یەکەمی هاتنم بۆ بەرشلۆنە هەست دەکەم، لە کاتێکی گونجاودا لە شوێنێکی گونجاوم.

لیڤاندۆڤسکی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی دەڵێت: شانازی بە یارییکردن بۆ بەرشلۆنە دەکەم، پێشبینیم نەدەکرد هاندەرانی بەرشلۆنە بەم ماوەیە کەمە و بەم خێراییە بە ناوی منەوە گۆرانی بڵێن، هەموو ئەمە وام لێ دەکات، کە هەستبکەم ماوەیەکی زۆرە لە یانەکەم.

هێرشبەرە پۆڵەندییەکە دەڵێت: ئێستا بە ئیسپانییەکی باشتر قسە دەکەم، دەتوانم داوای خواردن بکەم، لەگەڵ کلتور و داب و نەریتی شارەکە و بەرشلۆنە بەشێوەیەکی گشتی رادێم.

لیڤا هێشتا قسەیکرد و گوتی: پێدری، گاڤی، فاتی و فێران، زۆرجار پرسیارم لێدەکەن و بەبەردەوامی قسەدەکەن، من ئەزموونی خۆمیان لەگەڵ بەشدەکەم، چونکە دەبینم چەند بەخێرایی لەگەڵ یانەکە بەشدەکەم.

لەو دیمانەیەدا هێرشبەرەکەی پۆڵەندا دەڵێت: دەزانم ئەو یاریزانانەی باڵۆن دۆریان بردووە یاریزانی بەرشلۆنە بوون، رێگەی گەیشتن بە بردنەوەی باڵۆن دۆر لە بەرشلۆنە نزیکترە وەک لە بایرن میونیخ.

# یاریزانێک بەهۆی دەرمانی وزە بەخش لە مۆندیال بێبەش دەبێت

یانەی سپارتاک مۆسکۆی رووسی رایگەیاند، یاریزانی سەنیگالی و یانەکە تاوەکو ٥ی١٢ لە یارییکردن رابگرێت.

بەپێی نووسراوی فەرمی یانە رووسییەکە هۆکاری راگرتنی ئەو یاریزانە بۆ پێشێلکردنی پرۆتۆکۆڵی تاقیکردنەوەی دژی وزە بەخش بوو، لە یەکێک لە یارییەکانی یانەی پێشوویدا، کاتێک بۆ کالیاری یاری دەکرد بەرامبەر یانەی ئۆدینێزی، کە لەو یارییەدا یاریزانەکە ئامادەنەبووە تاقیکردنەوەکە بکات و یاساکانی فیفا هەموو یەکێتییەکانی دەستکراوە کردووە بۆ سزادانی ئەو یاریزانانەی، کە دەرمانی وزە بەخش بەکاردەهێنن، یان پێشێلی یاسای دژی ماددەی وزە بەخش دەکەن.

بەهۆی ئەو بڕیارە لە یارییکردن بە ئەگەری زۆرەوە یاریزانەکە لە مۆندیالی ٢٠٢٢ بێبەش دەبێت و لە هەڵبژاردەی سەنیگال دووردەخرێتەوە.

کەیتا بالدێ، بەهۆی ئەو سزادانەوە ناتوانێت بەشداری لە مەشقەکانیشدا بکات، تاوەکو ٢٢ رۆژ بەر لە تەواوبوونی وادەی سزایەکەی، بەڵام دەتوانێت تانە لە سزایەکەی بدات.

هەڵبژاردەی سەنیگال، دوای ئەوەی لە قۆناخی کۆتایی پاڵاوتنەکانی گەیشتن بە مۆندیالدا لە میسری بردەوە خۆی گەیاندە مۆندیالی ٢٠٢٢ی قەتەر.

کەیتا بالدی ٤٠ یاری نێودەوڵەتی بۆ سەنیگال ئەنجامداوە و بەشداری لە جامی جیهانی ٢٠١٨ کردووە، لە جامی ئەفریقای ٢٠٢١ بەهەمان شێوە لەگەڵ هەڵبژاردەکە بەشداربوو.





# یاسر قاسم ئاسوودەیە لە دالکورد



یانەی دالکوردی بەشدار لە خولی پلە یەکی سویدی، یەکێکە لە یانە کوردییەکانی بەشدار لە خولە گەورەکەی وڵاتی سوید، کە ساڵانە چەندین یاریزانی ئەستێرەی کوردی دەباتە ریزی یانەکەی و، لە ئێستادا یاسر قاسمی یاریزانی پێشووی یانەکانی هەندرێن و زاخۆ لە ریزی ئەم یانەیە یاری دەکات، لە بارەی یاریکردنی لەگەڵ یانەی دالکوردیش، یاسر قاسم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دڵخۆشم کە لە ریزی یانەی دالکورد لە خولی پلە یەکی سویدی یاری دەکەم، هیوادارم لەم چەند یارییەی کە بەشدار دەبم لەگەڵ یانەکە، بتوانم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و خزمەتی یانەیەکی کوردی بکەم لە تاراوگە، بۆ من هەستێکی یەکجار گەورەیە کە دەتوانم بۆ یەکەمجار لە ژیانی وەرزشیمدا لە دەرەوەی وڵات لە پیشەگەری یاریدا دەکەم، هیوادارم بتوانم خزمەت بە یانەی دالکورد بکەم و لەگەڵ ئەو یانەیە ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکەم، هەرچی لە توانامدا بێت بۆ یانەی دالکورد، دریغی ناکەم، بۆ ئەوەی بتوانم ئاست بەرز پێشکەش بکەم و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنم».



# تیروپشکی خولی نایابی کوردستان ڕاکێشرا

بە سەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان و بە ئامادەبوونی نوێنەری یانە بەشداربووەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە ژمارەیان (١٥) یانەیە بۆ وەرزی نوێ خولەکە، تیروپشکی دیاریکردنی هەفتەی یەکەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، بۆ ئەم وەرزە هەریەك لە یانەکانی (هەندرێن، شەقلاوە، ئارارات، پێشمەرگەی هەولێر، سۆران، دهۆك، زاخۆ، ئاکرێ، شێروانە، دەربەندیخان، سیروانی نوێ، چەمچەماڵ، سەیدسادق، چوارقوڕنە، برایەتی) کێبڕکێ لە سەر بەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوەی خولەکە دەکەن، وا بڕیارە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٣ هەفتەی یەکەمی یارییەکانی خولەکە بەڕێوە بچێت، کە ئەم یاریە لە یاریگە جیاجیاکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت، بەم شێوەی خوارەوە.

هەندرێن-سۆران
ئارارات-چوارقوڕنە
پێشمەرگەی هەولێر-ئاکرێ
دەربەندیخان-برایەتی
سەیدسادق-زاخۆ
دهۆك-شێروانە
چەمچەماڵ-شەقلاوە
سیروانی نوێ چاوەڕوانە

# شەقلاوە خۆی بەهێز دەکات

بە سەرپەرشتی یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان و بە ئامادەبوونی نوێنەری یانە بەشداربووەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، کە ژمارەیان (١٥) یانەیە بۆ وەرزی نوێ خولەکە، تیروپشکی دیاریکردنی هەفتەی یەکەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەڕێوە چوو، بۆ ئەم وەرزە هەریەك لە یانەکانی (هەندرێن، شەقلاوە، ئارارات، پێشمەرگەی هەولێر، سۆران، دهۆك، زاخۆ، ئاکرێ، شێروانە، دەربەندیخان، سیروانی نوێ، چەمچەماڵ، سەیدسادق، چوارقوڕنە، برایەتی) کێبڕکێ لە سەر بەدەست هێنانی پلەکانی پێشەوەی خولەکە دەکەن، وا بڕیارە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١٣ هەفتەی یەکەمی یارییەکانی خولەکە بەڕێوە بچێت، کە ئەم یاریە لە یاریگە جیاجیاکانی کوردستان بەڕێوەدەچێت، بەم شێوەی خوارەوە.

هەندرێن-سۆران
ئارارات-چوارقوڕنە
پێشمەرگەی هەولێر-ئاکرێ
دەربەندیخان-برایەتی
سەیدسادق-زاخۆ
دهۆك-شێروانە
چەمچەماڵ-شەقلاوە
سیروانی نوێ چاوەڕوانە



# بە پیادەڕۆیی کێش دابەزێنە

دەتوانرێت کە بە مەشقی پیادەڕۆیی کێشی لەش دابەزێنرێت، بە مەرجێك هاوکات بێت لەگەڵ ڕیجیمێکی تەندروست. بە پیادەڕۆیی وزە (کالۆری) دەسووتێنرێت، بۆنموونە پیادەڕۆیی خێرا بە تێکڕای ڕۆژانە بۆ ماوەی ٣٠ خولەك نزیکەی ١٥٠ کالۆری دەسووتێنێت، بێگومان پیادەڕۆیی زیاتر و خێراتر واتە سووتاندنی وزەی زیاتر. بەهەرحاڵ، دوورکەوتنەوە لە زێدەڕۆیی و هێشتنەوەی هاوسەنگی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بۆ خۆپاراستن لە ڕوودانی گرفت لە ماسوولکە و ئەژنۆکاندا، بۆیە وەکو دەستپێك پێویستە کە پیادەڕۆیی لەسەرخۆ و بۆ ماوەیەکی کورت بێت، پاشان بەرە بەرە لە ماوە و توندییەکی زیاتردا بکرێت تا ئاستێکی مامناوەندی. پاش مەشقی پیادەڕۆیی ڕۆژانە و پابەندبوون بە ڕیجیمی خۆراك کە کێشی لەش دادەبەزێت، گرنگیی چۆنییەتی هێشتنەوەی کێشە دابەزیوە نوێیەکە دێتە پێشەوە، کە بریتییە لە پابەندبوونی بە بەرنامەیەکی سووکتری ڕیجیم و مەشقی پیادەڕۆیی، بە ڕای پسپۆڕانی تەندروستی باشترین بەرنامەی دابەزاندنی کێشی لەش بە مەشقی پیادەڕۆیی، بریتییە لە ڕۆژانە کەمکردنەوەی ٥٠٠ کالۆری کە لە ماوەی ٧ ڕۆژدا دەبێتە هۆی ونکردنی نزیکەی نیوکیلۆگرام کێشی لەش، واتە ٣,٥٠٠ کالۆری بە کۆی کەمکردنەوەی وزەی خۆراك و سەرفکردنی وزە بە مەشقی پیادەڕۆیی، بۆنموونە ڕۆژانە کەمکردنەوەی ٣٠٠ کالۆری لە خۆراك و سەرفکردنی ٢٠٠ کالۆری بە پیادەڕۆیی.






# سەوزە گەڵا تاریکەکان ئەگەری نەخۆشیی دڵ تا ١٦٪ کەم دەکەنەوە

سەوزە گەڵا تاریکەکان Leafy green vegetables وەکو سپێناغ، بڕۆکۆلی، سلق، گەڵای چەوەندەر، خاس، مەعدەنوس، کەلەرم، کەرنەب Kale، هەروەها گەڵای جەرجیر Water-cress دەوڵەمەندن بە ڤیتامین و کانزا و ماددە دژەئۆکسانەکان. سەوزە گەڵا تاریکەکان بەوە ناسراون کە ڕێژەیەکی بەرزی ڤیتامین K1 لەخۆ دەگرن، کە زۆر گرنگە بۆ پاراستنی خوێنبەرەکان و کرداری دروستی مەیینی خوێن، هەروەها ڕێژەیەکی بەرزی نایتریتەکان Ni-trates لەخۆدەگرن، کە بەیەکەوە لەگەڵ ڤیتامین K1 هاندەرن بۆ دابەزاندنی پەستانی خوێن و باشترکردنی فرمانی خوێنبەرەکان و خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ تا ڕێژەی ١٦٪. لە لایەکی دیکەوە لێکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە کەمیی ڤیتامین K1 پەیوەندی بە ئەستووربوونی دیوار و ئاوسانی سکۆڵەی چەپ LVH هەیە، بەتایبەتی لە گەنجەکاندا، گەورەبوونی دڵیش لە توانای دڵ کەم دەکاتەوە بۆ پاڵنانی خوێن بۆ هەموو بەشەکانی لەش. ڤیتامین K دوو جۆری هەیە، ڤیتامین K1 کە زیاتر لە سەوزە گەڵا تاریکەکان و کلۆرۆفیلی ڕووەکدا هەیە، هەروەها ڤیتامین K2 کە بە هۆی بەکتریاوە دروست دەبێت و لە خۆراکە هەوێنبووەکاندا هەیە، بەتایبەتی ماست، پەنیر، کەرە، زەردێنەی هێلکە.

# ئایا زیادشووشتنی دەستەکان دەبێتە هۆی ئەکزیما

زیادشووشتنی دەستەکان بە ئاو و سابون هاندەرە بۆ وشکبوون و قڵیشانی پێست، ئەمەش دەبێتە ئەگەری پەیدابوونی چەند نیشانەیەکی هاوشێوەی ئەکزیما وەك: خورشت، وشکبوون، سووربوونەوە لە کەسانی سپی پێستدا، لە کەسانی ئەسمەریشدا دەبێتە هۆی پەیدابوونی پەڵەی تاریکی قاوەیی، یان مۆر. ئەکزیما بریتییە لە کۆمەڵێك گرفتی پێست لە هەر شوێنێکی لەشدا کە بە بێ چارەسەر دەبێتە ئەگەری هەوکردن و، نیشانەکانی بریتین لە: سووربوونەوەی پێست، خورشت لەگەڵ سووتانەوەی پێست. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا زیاد شووشتنی دەستەکان بە ئاو و سابون بەگشتی جگە لە وشکبوون و سووتانەوەی پێست، نابێتە هۆی ئەکزیما تەنیا لەکاتی بەکارهێنانی سابونی بەهێزدا نەبێت، کە لەوانەیە ببێتە هۆی تووشبوون بە ئەکزیمای بەرکەوتن Contact eczema، هەروەها زیاد شووشتنی دەستەکان لە کەسانی تووشبوو بە ئەکزیمادا دەبێتە هۆی زیادبوون و سەختتربوونی نیشانەکان. ڕێنماییەکانی ئاکادیمیای ئەمریکیی نەخۆشییەکانی پێست AAD بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری ئەکزیمای دەستەکان بریتین لە: شووشتنی دەستەکان بە ئاوێکی شلەتێن و سابون بۆ ماوەی ٢٠ خولەك، لەگەڵ بەکارهێنانی ئاوێتەیەکی شێدارکەرەوە Moisturizer ڕاستەوخۆ پاش شووشتنی دەستەکان، بە مەرجێك هیچ بۆن و بۆیەی کیمیایی تێدا نەبێت.





# هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن


بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن Hyperten-sion نەخۆشییەکی درێژخایەنە، زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکان بێ نیشانەن، ئەگەر بە تەواوی کۆنترۆڵ نەکرێت، ئەوا دەبێتە ئەگەری ئاڵۆزیی گەورەی تەندروستی وەك: نەخۆشیی دڵ، جەڵتەی مێشك، هەندێك جاریش مردن. لە زۆربەی حاڵەتەکانی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێندا هۆکاری تەواوی تووشبوون نازانرێت، بەڵام گەلێك هۆکاری هاندەرن بۆ تووشبوون وەکو: بەساڵاچوون بەتایبەتی پاش تەمەنی ٦٥ساڵی، کێشی زیاد و قەڵەوی، زیاد خواردنی خۆراکی خێرا و شۆر، یان بڕی زیادی خوێ لە خۆراکدا، هاوکات لەگەڵ کەم خواردنی سەوزە و میوەکان، ئەنجام نەدانی مەشقی وەرزشی، زیاد خواردنەوەی قاوە و ئەلکهول، جگەرەکێشان، کەمخەوی، هەروەها بوونی مەیلی خێزانی

# نیشانەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن

لەش بە شێوەیەکی ئاسایی لە خوێندا شەکر بە ئاستێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت، کە بۆ بەخشینی وزە بە خانە و ئەندامەکانی لەش پێویستە، کاتێك کە ئاستی شەکری خوێن بەرزدەبێتەوە و درێژە دەکێشێت، ئەوا گرفتی تەندروستی پەیدادەکات. جگەر و ماسوولکە بڕێکی کەمی شەکر دروست دەکەن، بەڵام زۆربەی شەکری خوێن لە خۆراکەوە سەرچاوە دەگرێت. هۆرمۆنی ئینسولین ئاستی شەکری خوێن لە ئاستی ئاسایی دەهێڵێتەوە بەهۆی هاندانی خانەکانی لەش بۆ وەرگرتنی شەکری خوێن و خەزنکردنی، کەمبوونەوەی هۆرمۆنی ئینسولین، یان کەمبوونەوەی کاریگەرییەکەی دەبێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن Hyper-glycemia گرفتێکە دوچاری نەخۆشانی شەکرە دەبێتەوە و دوو جۆری هەیە: یەکەم، بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێندا (پاش نەخواردن بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر یان زیاتر) واتە ئاستی بەرزتر لە ١٣٠ ملگم/ دێسلیتر. دووەم، بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن پاش خواردن Postprandial واتە ئاستی ١٨٠ ملگم/ دێسیلیتر یان بەرزتر لە ماوەی ١-٢ کاتژمێر پاش ژەمی خواردن. نیشانەکانی بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن: زیاد تێنووبوون یان زیاد برسیبوون، سەرئێشە، بۆرژان، کەمبوونەوەی تەرکیز، لێڵبوونی بینین، وشکبوونی دەم، زیاد میزکردن، کۆبوونەوەی گاز لە کۆئەندامی هەرسدا، هەروەها دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین.



(بۆماوەیی) تووشبوون. تەنیا لە ٥.٪ی حاڵەتەکاندا هۆکاری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن دیارە کە لە ئەنجامی نەخۆشی، یان بەکارهێنانی دەرمان روو دەدات، بۆنموونە: نەخۆشیی گورچیلە، نەخۆشیی شەکرە، هەناسەتەنگی لەبەر تەسکبوونەوەی ڕێڕەوەکانی هەناسە، گرفتە هۆرمۆنییەکان بەتایبەتی سستبوونی گلاندی دەرەقی و زیادبوونی چالاکیی گلاندی دەرەقی، هەروەها ئەو دەرمانانەی کە وەکو زیانی لابەلا دەبنە ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بریتین لە: دەنکی ڕێگری لە دووگیانی، دەرمانە ستیرۆیدەکان Steroids، هەروەها هەندێك دەرمانی دژەکۆکە و دژەخەمۆکی.



## ڤیتامین B6 و دەست لەرزین

ڤیتامین B6 کە بە پایریدۆکسین Pyridoxine ناسراوە، لە ئاودا دەتوێتەوە واتە لە لەشدا خەزن نابێت، پێویستیی ڕۆژانە بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ١,٣ ملگم. لە توێژینەوەکاندا هاتووە کە ڤیتامین B6 ڕۆڵی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەستلەرزین Tremor کە لە زۆر حاڵەتدا لە ئەنجامی کەمبوونی ڤیتامینەکانی B1 و B6 و B12 لە لەشدا روو دەدات، چونکە ئەم ڤیتامینانە گرنگیی زۆریان هەیە بۆ پاراستنی کۆئەندامی دەمار. سوودە تەندروستییەکانی دیکەی ڤیتامین B6: پاراستنی تەندروستیی کۆئەندامی دەمار، سستمی بەرگریی لەش، باشترکردنی مەزاج و سووککردنی نیشانەکانی خەمۆکی، پاراستنی تەندروستیی مێشك و خۆپاراستن لە نەخۆشیی پارکینسۆن، خۆپاراستن و چارەسەرکردنی کەمخوێنی لە ڕێگەی هاندانی دروستبوونی هیمۆگلۆبین، چارەسەرکردنی نیشانەکانی گرژیی پێش سووڕی مانگانە PMS، چارەسەرکردنی هێڵنجی پەیوەست بە سەرەتای دووگیانی، خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ و خوێنبەرەکان، پاراستنی تەندروستیی چاو، هەروەها کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا. سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین B6: گۆشتی پەلەوەر، ماسی، پەتاتە، هێلکە، نۆك، مۆز، شیر، پەنیر، نیسك، سپێناغ، گێزەر، تۆوی گوڵەبەڕۆژە، دانەوێڵەی تەواو و ئاردی گەنمی تەواو.



# تەکنەلۆژیای نوێ و

**کاتێك تەکنەلۆژیای نوێ بەتایبەتی تەکنەلۆژیای دیجیتالی لەساڵی دوو هەزار بەولاو پەرەی سەند، ئافرەتان لەو نێوەدا پشکی شێریان بەرکەوت. لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا بەرهەمی**



## دەمامکێکی تایبەت بە پاقژکردنی پێست

د.دەنیس گرۆس یەکێکە لەو پسپۆرانەی بواری بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای جوانکاری تایبەت بە ئافرەتان. دکتۆری ناوبراو بەرهەمگەلێکی زۆری لەبوارەدا بەرهەم هێناوە. یەکێك لەوانە دەمامکێکە کە بە جۆری DRx SpectraLite Face-Ware Pro ناسراوە. ئەم دەمامکە لەسەر روخسار دادەنرێ، لە ماوەی تەنیا سێ خولەکدا پێستی بەکارهێنەرەکەی ساف و لوس دەکات. دەمامکەکە بەهۆی لەیزەری تایبەتی دژە پەڵە پێست ساف دەکاتەوە. لە چوار بەشی تیشکی سوور پێکهاتوەو کە بریتین لە ١٠٠ گلۆپی LED سوو و هەروەها Led 62 گڵۆپی شین بۆ رێکخستنی چرچ و لۆچی پێست. سڕینەوەی پەڵە و زیبکەکان. لە ماوەی تەنیا دوو هەفتە بەکارهێناندا کاریگەری ئامێرەکە دەردەکەوێت.

## لیپ ستیکی دیجیتالی

لیپ ستیك واتە (سۆراو) یان ماتیك، ئەوەی زۆربەی ئافرەتان بۆ سوورکردنی لێوەکانیان بەکاری دێنن، ئەویش بەرەو دیجیتالی رۆیشتووە. سۆراوی جۆری YSL Red Tailor Made دیجیتالییە و بە مۆبایل کۆنترۆڵ دەکرێت. بەکارهێنەر دەتوانێت لەسەر مۆبایلەکەی زیاتر لە چوار هەزار جۆری رەنگی لێو دیاری بکات. سۆراوەکە پێکهاتووە لە ئامێرێکی هۆشمەند کە چوار رەنگی تایبەتی تێدەکرێ و بەهۆی مۆبایلەوە لە تێکەڵاوی ئەو سێ رەنگە هەر رەنگێکی ویستت دەتوانی دەریبهێنی. چوار رەنگەکە بریتین لە، پێستی، سوور، پرتەقاڵی و پەمەیی. لە تێکەڵاوی ئەو رەنگانە رەنگی دیکەش بەرهەم دێن. نە تەنیا رەنگ بەڵکو رەنگی تایبەت بە سێبەری لێویش هەر بەو ئامێرە بەرهەم دێت. دەتوانیت بەهۆی ئەو ئامێرەوە رەنگێکی یەکێك لە ئامرازەکان بۆ ئەوەی سێت بێت و بگونجێت بۆ نموونە، جانتا یا جلوبەرگ دیاری بکەی و ئامێرەکە رەنگەکە سکان دەکات و رەنگی بە ویستی خۆت بۆ دیاری دەکات. چوار هەزار رەنگ کەم نییە و ئەویش لە پێکهاتەی تەنیا چوار رەنگ.



# جوانكاری ئافرەتان

تەكنەلۆژی نوێ تایبەت بە ئافرەتان بەرهەم هات. لە جوانكاری و ئیسكسواراتەوە بگرە تا دەگاتە ئارایش و خۆرازاندنەوە. لێرەدا ئاماژە بە چەند بەرهەمێكی نوێ دەكەین تایبەت بە ئارایشی ئافرەتان.




## لەیما ئامێری دژە پیری



بەرهەمێكی دیكەی تەكنەلۆژیای كە ئەویش هەر لەلایەن د.دنیسەوە بەرهەم هاتووە. ئامێری Lymaیە. ئەم ئامێرە تەواو ئەركی ئارایشتگا تایبەكان لەماڵەوە ئەنجام دەدات. پێست لەبەریەك دەكێشتەوە و دژە پیرییە. دەتوانێت پەڵە، زیبكە گنج و لۆچەكان لەناو ببات. ئامێرەكە بەتەنیا نییە و دەبێ پێشووتر كرێمێكی تایبەتی لێبدەی و پاشان ئەو ئامێرەی بەسەردا بێنی. كاركردنی ئامێرەكە بەم شێوەیە كاتێك تیشكی لەیزەرەكە كە رەنگی شینە دەكەوێتە سەر پێست و بۆ ماوەیەك رایدەگری خانەكانی ژێر پێست تۆزێك گەرم دادێت و وا دەكات خوێنبەرەكان باشتر كار بكەن و خوێن زیاتر هاتووچۆ بكات، بەم هۆیەوە خانەكانی پیری یا خانە نەخۆشەكان دەسڕێنەوە و خانەی نوێ گەشە دەكەن. لەیزەرەكە وا ناكات كێشە بۆ پێستت دروست بێت. یان ئەوكاتەی كە گشت روخسارت خاڵ خاڵ و پەڵەی سووری هەیە بەهۆی ئەم لەیزەرەوە لە ماوەی تەنیا مانگێكدا پەڵەكان نامێنن..

## ئامێرێكی جۆكەر بۆ برۆ و مژۆڵ

بۆ هەركام لە برۆ و مژۆڵ ئامێری تایبەتی بەكار دێت، مەسكارە و مەقەستی چاو هەركام بەشێكن لەو ئامێرانە. بەڵام ئامێری lash ŝtar جۆكەرە و گشت ئەركەكان پێكەوە ئەنجام دەدات. ئامێرەكە شەحن دەكرێتەوە پاش دە چركە میلە گەرم بووەكە لەسەر مژۆڵ دابنێ و پاشان بەرەو سەرەوە بیكێشە، ئیدی مژۆڵەكان بە جوانی رادەوەستن. نە تەنیا بۆ مژۆڵی سروشتی بەڵكو بۆ مژۆڵی و برۆی دەستكردیش دەبێت. دیزاینێكی ئۆرگۆنۆمی هەیە و سەرنج راكێشە، دەكرێت وەك باشترین مەسكارەش سوودی لێوەربگیردرێت.

بەكارهێنەر بە ویستی خۆی ئامێرەكە گەرم دەكات و پلەی ٦٥ هەتا ٩٥ هەیە. پاش بەكارهێنان خۆكار دوای ٥ خولەك دەكوژێتەوە. بە بەكارهێنانی ئامێری ناوبراو پێویست ناكات هیچ ئامێرێكی دیكە بەكار بهێنی و زیاتر وەك ئۆتۆ دەچێت بۆ مژۆڵ و برۆكان.



# شانەیەکی زیرەک و تایبەتمەندییەکانی

رەنگە زۆربەمان ئەوە نەزانین کە مووی مرۆڤ و رەنگە گیانلەبەرانی دیکەش (یۆن)ی ئەرێنی و نەرێنی هەیە.
لێککەوتەی ئەو جۆرە مووە لە شەوانی تاریکدا هەستتان پێکردووە کە کارەبای هەیە. کاتێك بە موجەففە سەرت وشك دەکەیەوە، (یۆن)ە گەرمەکان لە موودا لەناو دەچن، کاتێك تەنیا (یۆن)ە ساردەکان دەمێننەوە، تاڵە مووەکان ئاڵۆز و داوداو دەبن. شیائومی کە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری تەکنەلۆژیای نوێیە و سەر بە وڵاتی چینە، بە بەرهەمهێنانی شانەیەکی زیرەك کێشەی ئەم ئاڵۆزی و داوداوەی لە موودا کردووە.
بە داگرتنی دوگمەیەك لە Yueli Comb (یۆن)ە گەرمەکان خۆیان رێکدەخەنەوە و رێك دەبنەوە. هەربۆیە قژێکی ساف و لووستان دەبێت. کێشی ئەم شانەیە ١٢٣ گرامە. تایبەتە بە خانمان و رەنگی پەمەییە. شانەکە نەتەنیا کاریگەری لەسەر قژ هەیە، بەڵکو بە ئارامی ماساژی دەدا و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنبەرەکان باشتر کاری خۆیان بکەن و موو زیاتر گەشە بکات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەڕێزێك پرسیارێك هەیە و دەپرسێت، لەکاتی کارکردندا نازانم چم کردووە کە شریت واتە taskbar ی سەر ویندۆزەکەم بۆ سەرەوە چووە، هەرچەند دەکەم نایەتەوە خوارەوە چۆنی بێنمە خوارەوە؟**

خوێنەری بەڕێز گۆڕینی taskbar ویندۆز بۆ هەر چوار لایەکە زۆر ئاسانە و، ئەوەندە بەسە لەسەر ناوەندی تولبارەکە دوگمەی ماوس دابگری و پاشان بەبێ ئەوەی دەست هەڵبگری taskbar بۆ هەرکام لەو لایەی مەبەستە رابکێشێ، ئەوکات بە ئاسانی دێتە ئەو شوێنە. تەنانەت دەتوانی بە داگرتنی دوگمەی راستی ماوس و پاشان داگرتنی فەرمانی look the taskbar لەسەر شاشە ون بێ و تەنیا ئەوکاتە دەربکەوێت کە هێمای ماوسی بچێتە سەر.



## ئاوێنەی زیرەک و تایبەتمەندییەکانی

ئاوێنەی زیرەك لە سەردەمی دیجیتالیدا گرنگی خۆی هەیە، ئەوان تەنیا ئاوێنەیەك نین بەکارهێنەر خۆی تێدا ببینێت، بەڵکو هەواڵەکانی رۆژ بڵاودەکەنەوە، کەش و هەوا نیشان دەدەن و زانیاری لەبارەی چۆنییەتی دەست و ددان شوردن بڵاودەکەنەوە و فیلم نیشان دەدەن و زۆر ئەرکی دی کەش.

ئاوێنەی himirror slide smart mirror سەرەڕای ئەوانەی ئاماژەمان پێدان زانیاری لەبارەی پێستی بەکارهێنەرەکەی بڵاودەکاتەوە و بەکارهێنەرەکەی لە چۆنییەتی شوردن و بەکارهێنانی کرێمی تایبەت ئاگادار دەکاتەوە. هەروەها روونکردنەوە لەسەر کاریگەریی و زیانەکانی مادە ئارایشەکان دەدات. تەنانەت رێنوێنی لەبارەی کرێم و داودەرمانی نوێ بڵاودەکاتەوە. یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئاوێنەکە ئەوەیە بەر لەوەی هیچ ئارایشێك بکەی، روخسارت بە شێوەی ئارایش کراو نیشان دەدا، تاکو بزانی لەو جۆرە ئارایش کردنە رازی یان نا؟

# پرۆگرامێک بۆ وتنەوە وانە بە شێوەی ئۆنلاین

کاتێك پەتای کرۆنا هات، دەرگای قوتابخانە و زانکۆکان داخران و وانەکان بوون بە شێوەی ئۆنلاین و مەجازی. بۆ کردنەوەی خولی ئۆنلاین و وتنەوەی وانە بە شێوەی ئۆنلاین و هەروەها کۆنفرانس و سیمینار لە ڕێگای دوورەوە گەلێك پرۆگرام هەن. پرۆگرامی NetSupport Manager یەکێکە لەو پرۆگرامانە و ساڵیانێکە کە کلاسەکانی وانە وتنەوە، تۆڕە بچووك و گەورەکانی کۆمپیوتەر، زۆربەی کۆفی نێتەکان و بەگشتی ئەو شوێنانەی کە چەندین سیستەم لەلایەن تۆڕێکیان پێکهێنابێ سوودی لێوەردەگیرێ.




پرۆگرامی ناوبراو پرۆگرامێکی پێشکەوتووە و مامۆستایانی قوتابخانە یا مامۆستایانی زانکۆ دەتوانن سوودی زۆر لێوەربگرن. زیاتر لە ٢٠ هەزار تۆڕی کۆمپیوتەر لە جیهاندا سوود لەو پرۆگرامە وەردەگرن.



## ماڵپەڕێک بۆ دابەزاندنی کتێبی ئینگلیزی

لە جیهانی مەجازیدا هەزاران کتێبخانەی مەجازی هەن، هەندێك لەو کتێبخانانە بۆ سوود وەرگرتن لێیان دەبێ تێچوویەك بدەی و بە خۆڕایی نین. هەندێك لەو کتێبخانانەش بەخۆڕایین. یەکێك لەو کتێبخانە مەجازیانە ماڵپەڕی gutenberg.org. دەکرێ بڵێین کۆنترین کتێبخانەی مەجازی کتێبی ئینگلیزیە. تا ئێستا زیاتر لە ٦٠ هەزار کتێبی لەسەر داندراوە. یەکەمین ماڵپەڕی کتێبخانەی مەجازییە بەمەبەستی هاندانی خوێنەر بۆ خوێندنەوە و بڵاوکردنەوەی کتێب بەرهەم هاتووە. لەو کتێبخانەیەکدا جگە لە کتێبی نوێ، وەك گەورەترین بانکی کتێبی کۆن و کلاسیکیش دادەنرێ. لە ماڵپەڕەکەدا کتێبەکان ریزبەند کراون و بەپێی ژانر و ناوەرۆك دەتوانی کتێب هەڵبژێری. لەماڵپەڕەکەدا بەشی بەدوادا گەڕان هەیە.

# ماساژی روخسار و گەڕانەوەی گەنجێتی



کیژە لاو و گەنجەکان بۆ ئەوەی هەمیشە بە گەنجی بمێننەوە روو لە ئارایشگاکان دەکەن، ئەوانیش لەوێ لەبری چارەسەر کۆمەڵێك دەرمانی کیمیایان لێدەدەن و نە تەنیا ناگەنە مەبەستی خۆیان بەڵکو لە ماوەی چەند ساڵێکدا زووتر روخساریان تێکدەچێ و بەرەو پیری دەچن.

ئامێرۆکەی FOREO Bear کە زیاتر بۆ ماساژ کردنی روخسار دەبێت، بەهۆی ئەو دوو گۆیە ئاسنەی هەیەتی و بەهۆی گەرمییەك وادەکات خوێن بە باشی هاتووچۆ بکات و خوێنبەرەکان کێشەیان نەبێت. ئامێرەکە بۆ ئەو کچە گەنج و لاوانە دەبێت کە هەرزەکارن و هێشتا نەگەیشتوونەتە قۆناغی بیست ساڵی. ئامێرەکە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و لەوێشدا بەهۆی ئاپێك دەکرێت کۆنترۆڵی ئامێرەکە بکرێت. بەهۆی سووڕانی گۆیەکان، خانەکانی (ATP) گەشە دەکەن و خوێن بە خێرایی جووڵە دەکات. بەردەوام ماساژی ماسوولکەکانی روخسار دەدات وا دەکات ئەو کرێم و دەرمانانەی بەکار دێن زیاتر کاریگەریان هەبێت.





## گوارەی زنجیرەی لە دوای یەک

گوارەکانی پێشوو بە تاك یان چەند نەخشێك بوون، مۆدی کلاسیك زیاتر زاڵ بوون کە گوارەی بچووك بوون، دواتر گوارە گەورەکان لووتکەی مۆدەیان گرت، بەم دواییە شێوازێکی تازەی گوارە هاتووەتە کایەوە، کە ئەویش گوارەی زنجیرەی لە دوای یەکە، ئەوەش بە شێوازی تازەی گوارەکان دێت لە داهاتووشدا باو دەبێت، خشڵەکانی ئەلیسۆن Alison lou مۆدی گوارەکانی زنجیرەی کردووەتەوە مۆدە، کە لەسەر ئاسەوارە کۆنەکانی بەر لە سەدەی ١٣ وەرگیراوە، ئەو مۆدەیە بە شێوەی ئەڵقە لە مرواری دروست کراوە، هەروەها دواتر بە وردەبەردێکی شێوە مینای سوور و کرێمی و فەیروزی لەگەڵ دوو پارچەی سپی ئامادە کراوە، گوارەکانی موزنەر mou-znaner، لە شێوەی ماسیی بچووك وایە، لەسەر یەك دادەنیشێت وەك زنجیرەیەك، لە ڕەنگەکانی زەرد و پەمەیی و ڕەنگاوڕەنگ دروست کراوە، گوارەکانی میلیسیا کای Melissa kaye لە سەدەی ٢٠ وەرگیراوە، لە ڕەنگەکانی نیۆن و پەمەیی ڕێکخراوە، سێ پارچەی دوای یەکن و سەرنجڕاکێش و ناسکن.

## چاکێتی ناسک بۆ شوێنی فەرمی و نێوان دوو وەرزە

لەم وەرزەی ساڵدا گۆڕانکاری بەسەر کەشوهەوادا دێت و کەشێکی سارد لە شەوان و سەر لە بەیانی ڕوومان تێ دەکات، پێویستە جلەکانیش بەرەو گۆڕانکاری بچن و شێوازێکی تازەی پۆشاك بن کە گونجاو بێت لەگەڵ کەشی سەرما، بۆ ئەم مەبەستە پسپۆڕانی جلوبەرگ، چاکێتی کورت پێشنیار دەکەن، تاوەکو وەك جلێکی نا سەرەکی لەگەڵ قەمیس و بەدی شیك بکرێت، ئەو جۆرە چاکێتە بە جلی بەر لە پاییز ناسراوە، هەروەها بە جلی دەوام و زانکۆ دادەنرێت، بە تایبەت ئەوانەی سەر لە بەیانی لە ماڵەکانیان دێنە دەرەوە، ڕەنگە دوچاری سەرما ببنەوە، بەم چەشنە دەتوانیت خۆت لە سووکە سەرمای بەیانیان بپارێزیت، هەروەها جلێکی فەرمی و نۆرماڵیش بکەیتە مۆدی تازە. شێوەی تازەی چاکێتەکان بریتیین لە مۆدی: formal out-fit واتە جلی فەرمیی دەرچوون، کە شێوەی کلاسیکە و دیمەنێکی فەرمیی پێوە دیارە، ڕەنگەکان جۆراجۆرن کە لەگەڵ وەرزی پاییزدا دەگونجێن و بریتیین لە: قاوەیی، سوور، سەوز، ڕەش و سپی. پسپۆڕان لە بارەی چاکێتەوە ڕێنماییان هەیە و دەڵێن: قوماشێکی تەنك و ناسکی چاکێت هەڵبژێرە، هەوڵ بدە کەمترین نەخش و بریقەی پێوە دیار بێت، وا چاکە لە قوماشی ساتان بێت، تا لەگەڵ شێوەی جەستەت هەمان قەبارە بێت، شێوە کلاسیکەکان هەڵبژێرە، کە لە شێوەی ڕاست لەسەر جەستەت دادەنیشێت.





# جوانی و بریسکەی ددانەکانت ڕازاوەترت دەکات

بریسکە سپییەکانی ددانەکانت، هیچی لە جوانی ماکیاژ و ئارایشتی قژ کەمتر نییە تاوەکو ڕوخسارێکی شەنگ و سەرنجڕاکێشت هەبێت، هەندێ جار بەهۆی لایەنێکی ناشایستەی جەستەوە دوچاری نارێکی دەبیتەوە، بۆیە هەوڵ بدە زۆربەی لایەنەکانی جوانی پەیڕەو بکەیت، ئەگەر ددان وەك نموونە وەربگرین، دەبینین لەگەڵ زەردەخەنە و پێکەنین جوانی تەواو دەکەن، کاتێك ددانەکان زەرد و، یان شکاو و هەڵکێشراو بن، جیاوازە لەگەڵ ئەو ددانە سپی و ناسکانەی لە نێو دەمدا بریقە دەدەنەوە، جگە لەوەی کە پێویستە ڕۆژانە ددانەکان بە فڵچەو هەویری ددان بشۆرێت و خاوێن بکرێنەوە، هەروەها چەند جۆرە خواردنێك هەن کە کاریگەری لەسەر تەندرووستی و جوانیی ددانەکان دادەنێن، چەند هەنگاوێکی تەندرووستی هەن بۆ پاراستنی (مینا) ی سەر ددانەکان، وەك: سەرەتا هەوڵ بدە ئەو خواردنە بخۆیت کە ڤیتامینی (D،A،E،K2)ی تێدایە، وەکو شیر، میوە و سەوزە، جگە لە هەنگاوی پەیڕەوی خواردن، هەروەها بەکارهێنانی داوی ددان لە جیاتی داری ددان.









# ئافرەتێکی دەسترەنگینی بەهرەدار

جاران پیاوان و ئافرەتانی کورد لە کاری دەسترەنگینیدا کارامە و لێهاتوو بوون، هەر یەکە بە بەهرە و زیرەکیی خۆی خەریکی کاروباری ڕۆژانە و دروستکردن و چنین و ئامادەکردنی بەرهەمێك بوون، تەنانەت زۆربەشیان خوێندەوارییان نەبوو، یان هیچ زانستێکیان نەخوێندبوو، کە ئەوەش مایەی سەرنج و تێڕامان بوو. لە ئێستاشدا خاتوو سەعدیە عەبدوڵا کە خەڵکی گوندی دەلۆی سەر بە پارێزگای کەرکوکە، خوێندەواریی نییە و هاوسەرەکەشی ئەنفالە، کەچی مۆبایل و ئینتەرنێت زۆر بە لێهاتوویی بەکار دەهێنێت، تەنانەت زۆر شارەزایە لە کاری سپیکاریی دیوار و دانانی کاشی و وەستای دیوارە، زۆربەی کارەکانی ماڵەکەی لە چاککردنەوە و بەستن، بە دەستەکانی خۆی دەیانکات، ئەو خانمە تەمەنی ٦٦ ساڵە و ڕۆژانەش بەردەوامە لە کارە ناوازەکانی، بە خاتوونە وەستایەکە ناسراوە، لە ڕێگەی ناساندنی ئایکۆن و وێنە و شێوازی ئینتەرنێت و تەنانەت زۆربەی ئاپەکانی مۆبایل دەهێنێت و هیچی لە کەسێکی خوێندەوار کەمتر نییە، بەڵام زیاتر حەزی بە فەیسبووکە، چونکە ئاسان و سانایە بۆ بەکارهێنان.

**فۆتۆ: دانا حەمە غەریب**





## خشڵ و جلوبەرگەکانی شاژن داوا کراون

دوای کۆچی دوایی شاژنی بەریتانیا ئەلیزابیتی دووەم، هێندەی چاویان لە میراتە، هێندە باسی ژیانی ناکرێت، سەیرتر لەوەش باس لە میراتە خشڵ و جلوبەرگەکانی دەکرێت، شاژن حەزی بە جلوبەرگی جۆراوجۆر بوو، تەنانەت لە تەمەنی دوای ٩٠ساڵیشدا جلی مارکە و ڕەنگاوڕەنگی دەپۆشی، هەروەها حەزی بە خشڵەکان بوو، هەمیشە لە هەموو شوێنێك خشڵی جۆراوجۆری دەپۆشی، بە پێچەوانەی دایکە شاژنی خۆی کە (ماری) بوو، ئەو خولیای بۆ خشڵەکان نەبوو، لە ئێستاوە دیزاینەری جلوبەرگی بەریتانی (نۆرمان هارتنێل) چاوی بڕیوەتەوە جلوبەرگ و کەرەستە و خشڵەکانی شاژن، ئامادەیە بە هەر جۆرێك بێت بە دەستی بهێنێت، شاژن لە تەمەنی ٩٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و میراتێکی زۆری لە دوای خۆی جێهێشت، ئەوەی جێگەی سەرنجە کە شاژن بەژنی کورت بوو، زۆربەی کراسەکانی کورتن، واتە نمایشکاران و شاجوانان ناتوانن بیپۆشن، بۆیە پێویستە لەلایەن دیزاینەرانەوە چاك بکرێت تا درێژتر بێت.



## شاری سێ ڕووبار

شاری (پاساو) لە وڵاتی ئەڵمانیا زیاتر لە ڕووبارێکی پێدا تێپەڕ دەبێت، کە دەکەوێتە دووری (٢٠٠٠) کیلۆمەتر لە ڕووباری دانووب، سەرەڕای بچووکیی ڕووبەکەی، کەچی سێ ڕووبار لە نێو ئەو شارەدا هەن، یەکێك لەو ڕووبارانە سەرچاوەی ئاوی ڕووباری دانووبە و بەشێکی روو لەو شارە دەکات، ڕووبارێکی دیکەش بە ناوی (سانت)، ئەویش بەشێکی ئاوەکەی بەنێو ئەو شارەدا دەڕوات و لقێکی ڕووباری راینیش هەر بە نێو ئەو شارەدا تێدەپەڕێت، لە کۆتایی شارەکە هەر سێ ڕووبارەکە دەبینرێن دواتریش دەبنە ڕووبارێکی گەورە، ئەو شارە لەلایەن ئەندازیارێکی ئیتاڵی بە ناوی (کارلۆ لۆراگۆ) نەخشەی بنیاتنانی بۆ دانراوە، هەر لە نێو شاری پاساودا، شارۆچکەیەکی دیکەش بە ناوی (ئەلموت) هەیە، کە لایەکی بەرەو وڵاتی نەمسایە، نەمساش یەکێکە لە خۆشترین وڵاتەکانی جیهان، بەمەش جگە لەوەی سێ ڕووباری پێدا تێپەڕ دەبێت، بووەتە شوێنێکی خۆشیش بۆ گەشتیاران و خەڵکی ئەو شارە.





## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا باس لە ژیانی مرۆڤ دەکات لە ئێستادا، کە چەندین کۆت و بەند و کارەساتی ژیان بەسەریدا دەبارێت، لەوانە: جەنگ و گرانی و نەخۆشیی کۆرۆنا و ڤایرۆسەکان و گۆڕانی کەش و هەوا.




## میوزیک

**نیو ژیان - Half Life**

یەکێکە لە تراکە تازەکانی گۆرانیبێژ و ئەکتەری ئەمریکی جۆزیف دەیڤید کێری، کە بە جۆی کێری ناسراوە، لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئەمریکا لە دایکبووە، گۆرانییە تازەکەی باس لەو کەسە دەکات کە نیوەی ژیان پڕ دەکاتەوە، لە ئەلبوومی DECIDE بڵاوی کردووەتەوە، کە بەرهەمەکە لە مانگی ٩ی ئەمساڵ تەواو بووە و بڵاوکراوەتەوە.

## فێڵکاریی سەیر





ژۆنگ ژینبێن ئەو گەنجەی خەڵکی کۆریایە و کارەکانی جووڵەی جەستە دەکات، کاتێك وێنەیەك دەگرێت، یان بۆ ئەوانەی حەز دەکەن لە وێنەکانیان فێڵکاریی چاوی تێدا بکرێت، لە هۆڵێکی بچووکدا چەندین کاری ناوازە دەکات، وەك ئەوەی وێنەکە راستەقینە و دروست بن، کەچی بابەتەکە تەنیا چەند جووڵەیەکی سادەیە و بە فێڵکاریی چاو دادەنرێت. ژۆنگ ژینبێن تا ئێستا خاوەن نزیکەی (١٠٠) فێڵکاریی وێنەیە، دیارترینیان، ئەوەیە کە وێنە دەگرێت وەك ئەوەی لە ئاسماندا دانیشتبیت، بەبێ ئەوەی هەست بکەیت کە ئەوە وێنەی فێڵکارییە.

## فیلم

### Samaritan - سامری




فلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، باس لە کەسێك دەکات کە خاوەن هێزێکی لە رادەبەدەرە، فیلمەکە رۆمانێکی کۆنی (ماك ئۆلیڤێنت)ـە و کراوەتە فیلم، باس لە سەرکێشیی ئەو کەسە دەکات کە بەهێزە و دەیەوێت چارەسەری کێشەکان بکات بە رێگەی خۆی، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤١) خولەکە، لە مانگی ٨ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و لە ئەمریکا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی جۆلیۆس ئەڤێری، لە نووسینی دەیڤید ئۆنگارۆ، لە نواندنی (سیلڤیستەر ستالۆن (رامبۆ)، جۆڤان والتۆن، پیلۆ ئسبێیاك، سۆفیا تاتۆم، داشا پولانکۆ، ناتاشا کەرەم)ـە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەندێك رێنمایی بەسوودت پێ دەگات، رەنگە خۆشەویستەکەت هەوڵ بدات باوەڕت پێ بهێنێت بۆ بابەتێك، رەنگە رێك ناکەون، بۆیە بە باشی بیری لێ بکەرەوە، لە ئێستادا کەمێك تەندروستیت باش نییە، پێویستە زیاتر وریا بیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

گرنگە پێداچوونەوە بە ژیانی پیشەییتدا بکەیت و ئەزموون لە رابردووو وەربگریت، لە پێناو داهاتو، زیاتر لە خۆشەویستەکەت تێبگە و پێکەوە چارەسەری کێشەکانی بکەن، سیستمی خۆراکیت بگۆڕە بۆ سیستمێکی تەندروست.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

چانسی نوێت دێتەپێش لە کارەکەتدا، پێویستە بزانیت چۆن سوودی لێ دەبینیت بۆ ئەوەی پێگەت بەرزبێت، هەستکردن بە کێشەکانی خۆشەویستەکەت باشترین چارەسەری ناکۆکییەکانە،بۆ تەندروستییەکی باش دووربکەوەرەوە لە خواردنی خێرا.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە پاداشت دەکرێیت و متمانەت زیاتر بەخۆت دەبێت، تێگەیشتن هەنگاوێکی سەرەکیی پەیوەندیی سۆزدارییە لە پێناو داهاتودا، گرنگە وەرزش و جووڵەی جەستە فەرامۆش نەکەیت لەپێناو تەندروستییەکی باشتر.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هێواش هێواش بەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانت ئاسانتر دەبێت، بەڵام دەبێت ئیرادەت هەبێت، راستگۆیانە هەستەکانت بۆ خۆشەویستەکەت دەربڕە، رەنگە ئەم ماوەیە هەست بە دڵەڕاوکێ بکەیت بەهۆی رووداوەکانی رۆژانەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەست بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی دەکەیت لە کارەکەتدا، کەسایەتیت سەرنجی چواردەورەکەت رادەکێشێت، تا دەتوتنیت ئارام بە، چونکە دڵەڕاوکێ باش نییە و تووشی کرژبونی جەستە و، خەمۆکیت دەکات، باشترە خۆت لە هەڵچوون بپارێزیت.



بۆ زانیاریت

## ڕێژەی قوربانیی مرۆڤ بە دەست گیاندارانەوە

هەمیشە گوێبیستی ئەوە دەبین کە مرۆڤەکان ڕاوی گیانداران دەکەن و تەنانەت هەندێك لە گیانداران بەرەو قڕبوون دەڕۆن، بەڵام ئەمەی کە لێرەدا دەبینرێت، ڕێژەی ساڵانەی قوربانیی مرۆڤە بەدەست ئاژەڵەکانەوە.
لەلایەن قرشەکانەوە شەش کەس، گورگەکان نزیکەی ١٠ کەس، شێرەکان نزیکەی زیاتر لە ٢٢ کەس، فیلەکان نزیکەی ٥٠٠ کەس، ئەسپی ئاوی و کەرکەدەن نزیکەی ٥٠٠ کەس، کرمی شریتی نزیکەی ٧٠٠ کەس، تیمساحەکان نزیکەی ١٠٠٠ کەس، سووری ژیانی کرمەکان نزیکەی ٤٥٠٠ کەس، مێشی تیسی تیسی نزیکەی ١٠٠٠٠ کەس، مێرووی پیاو کوژ نزیکەی ١٢٠٠٠ کەس، هێلکە شەیتانۆکەی (قاقلە جنۆکەی) ی ئاوی زیاتر لە ٢٠٠٠٠ کەس، سەگەکان نزیکەی ٣٥٠٠٠ کەس، مارەکان نزیکەی ١٠٠٠٠٠ کەس، مێشوولە نزیکەی ٧٥٠،٠٠٠ کەس. بەڵام قوربانیی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ نزیکەی ٤٣٧،٠٠٠ کەسە لە ساڵێکدا.

## ئۆتۆمبێل - Cars

### نۆزڵی ئۆتۆمبێل چییە؟

نۆزڵ کە ناوە زانستییەکەی (injector)ـە، یەکێکە لەبەشە گرنگەکانی ئۆتۆمبێل، کاری دابەشکردن و ڕێکخستنی سوتەمەنییە بەشێوەیەکی یەکسان بۆ کارپێکردنی بزوێنەری ئۆتۆمبێل، نۆزڵ کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هێزی بزوێنەر و هەر گرفتێك لە نۆزڵەکاندا ڕوو بدات، ئەوا ئۆتۆمبێل پەکی دەکەوێت، یان هێز و خێراییەکی کەم دەبێتەوە، ئەگەریش گرفتەکە زۆربێت، ئەوا ئۆتۆمبێل بەیەکجاری کار ناکات.
نۆزڵەکان بەپێی جۆری ئۆتۆمبێل دەگۆڕدرێن، بەشێوەیەکی گشتیش هەر پستۆنێك یەك نۆزڵی هەیە، واتا قەبارەی مەکینەی ئۆتۆمبێل ژمارەی نۆزڵەکان دیاری دەکەن، بەڵام هەندێك لە کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئۆتۆمبێل لەسەر داوای کڕیارەکان و بەشێوەیەکی تایبەت، هەندێك جار بۆ هەر پستۆنێکی مەکینە دوو نۆزڵ دادەنێن، کە ئەوەش ئامانجی سەرەکی لێی، بەخشینی خێراییەکی ڕادەبەدەرە و، هاووڵاتی ئاسایی کەمتر خواستی لەسەر ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلانە هەیە. بەپێی ستانداردی جیهانی، دەبێت نۆزڵ لەهەر (٦٠) هەزار کیلۆمەتردا تێست بکرێت، کە ئەویش بە ئامێری تایبەت بەخۆی دەکرێت بۆ زانینی هەندێك کێشە، کە زۆرکات شۆفێر خۆی هەستی پێ ناکات.



## پەند و وتە

هێنری دەیڤید تۆرۆ سرووشتناسی ئەمریکی و فەیلەسوف لە ساڵی ١٨١٧ لە ویلایەتی ماساسیوتیش لە ئەمریکا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٨٦٢ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، سەرکەوتن و ئەنجامی باش بۆ ئەوانەیە کە هەمیشە خەریکن کە بە دوای سەرکەوتنەوەن، نەوەك ئەوانەی هیچ ناکەن و چاوەڕێی سەرکەوتنن.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك لە نێو مەلەوانگەدایە، هەوڵ بدە بزانیت مەلەوانگەکە ئاوی تێدایە یان بەتاڵە، یانیش کەسەکە چۆن وەستاوە، ئەویش بە ماوەی یەك خولەك تێڕامان و بیرکردنەوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

پڕۆژەی نوێ دێتەپێش، بەڵام دەبێت بە باشی بەدواداچوونی بۆ بکەیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە ژیانت جێگیرە و بارودۆخەکە ئەرێنییە، ئەمەش وا دەکات زیاتر ئارامبیت ئەم ماوەیە، پەستانی زۆری کارکردن کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تەندروستیت هەیە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پێویستە لە ڕێگەی پەیوەندییەکانتەوە کارەکەت بەرەوپێش بەریت، بەڵام دوور بکەوەرەوە لەو کەسانەی لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکارت دەهێنن، زیاتر بایەخ بە هاوبەشی ژیانت بدە و ئاگاداری بڕیار و ڕەفتارەکانت بە، بایەخدان بە خواردنی تەندروست گرنگە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە لە پیشەکەت جێگیر دەبیت و هاوپیشەکانت ستایشی کارەکانت دەکەن، خۆشەویستەکەت ڕەنگە بەهۆی هەندێك ڕەفتارەوە ناکۆکی دروست بکات، هەرگیز دەروونت بە و هۆکارانەوە ماندوو مەکە کە بێزارت دەکەن.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


ڕەنگە لە ڕووی پیشەییەوە بگەیت بە یەکێك لە خواستەکانت، بەڵام کاتی زیاترت دەوێت بۆ گەیشتن بە تەواوی خواست و ئامانجەکانت، خۆشەویستەکەت بایەخێکی زۆرت پێ دەدات و پشتیوانیت دەکات، تەندروستیت زۆرباشە و دەبێت خۆڕاگربیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە ڕەنگە ڕووبەڕووی هەندێك کێشە ببیتەوە، بەڵام دەکرێت لە ڕێگەی گۆڕینی شێوازی کارەوە چارەسەری بکەیت، پەیوەندیی سۆزدارییت زۆرباشە و ئارامیت، سیستمی خۆراکی تەندروست گرنگە، وەرزش فەرامۆش مەکە.


### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەڕووی پیشەییەوە لە ڕوداوەکانی ڕابردوو دەکۆڵیتەوە و بەراوردی بە ئێستا دەکەیت، بۆ ئەوەی بزانیت هەنگاوەکانت دروستن، لە ڕووی سۆزدارییەوە هەستەکانت ئاڵۆز و شێواون، چونکە لە ڕابردودا دەژیت، خۆت بەدووربگرە لە خەمۆکی و بێزاریی دەروونی.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا

بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و


(ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە

دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly
Gulan
September 26, 2022 Issue,No.1334



# سەد وانەی ڕیفراندۆم

ڕێبوار سیوەیلی